گروپی
تیرۆریستی

داعش

فایلی تایبەت

لا اله الا الله

دولة الخلافة الإسلامية

ئایا ئیسلام لەگەڵ دیموکراسیدا دەگونجێت؟

دینداری، هەتا یەکنەواتر و دۆگماییتر بێت، بۆ کەلتورتر دەبێت

نوسینی: مارتین گێلن
IDEA DIPLOMATIC

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: پێشەوا فەتاح
IDEA DIPLOMATIC

لە تورکیاوە، بە سعودیەدا بۆ ئێران و هتد دیانەت حوکم دەکات، هەتا میسریش ئەو ئەزموونەی کرد، بەڵام لەو وڵاتانەدا بەڕاستی کلتوری فرەڕەنگ و جۆر سەری هەڵنەداوە، هەربۆیەش ئەو پرسیارە ڕەوایە کە دەڵێت: ئایا ئیسلام لەگەڵ دیموکراسیدا دەگونجێت؟

مارتین گێلن

هێشتا ساڵێك تێنەپەڕیبوو لە میسر لە ناڕەزاییەکی ملیۆن شوماری لەلایەن گەلەوە، کۆدەتاییەکی سەربازی دژ بە سەرەك کۆماری ئیسلامیی، موحەمەد مورسی بەرپا کرا، مانگێك بەر لەوە تورکیا مانشێتە جیهانییەکانی داگیرکردبوو، ئەمە لەکاتێکدا سەدان هەزار خۆپیشاندەر هاتبوونە سەر شەقام بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەدژی سەرگەورە ئەوتۆریتێرەکەی حکومەتەکەیان، ئەویش بە گێرەشێوێن و تیرۆریست ناوزەندی کردن، مرۆڤەکانی ئێرانیش لەپاش هەشت ساڵ بۆ یەکەمین جار هۆیەکیان بەدەست کەوت بۆ ئاهەنگ گێڕان، ئەوانیش هەر لەوماوەیەدا ریشدارێکیان بە یەك گوژم بەرەو پۆستی سەرەك کۆماری بەرزکردەوە، ئەوەش تەنها لەبەرئەوەی لەکاتی بانگهێشتی هەڵبژاردندا زاتی کردبوو ڕەخنە لە فەزای ئاسایشی وڵات بگرێت و بەڵێنی مافی ئازادی تاکەکەس بدات.

لە تورکیاو میسرو ئێران ناکۆکییەکان دەگەڕێنەوە بۆ دین

ئەگەرچی ناکۆکییەکان لەو سێ نەتەوەیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە یەکەم بینیندا زۆر جیاواز دێنە بەرچاو، بەڵام هیچ لەوە کەمناکاتەوە کە ئەو ناکۆکیانە دەگەڕێنەوە بۆ ڕەگ و ڕەچەڵەکی لەیەکچوو، ملیۆنەها مرۆڤ لەو وڵاتانەدا بێزارن یاسای دینداڕەکان نەوەك هەتا بەر دەرگایان لێ بگرێت، بەڵکو هەتا ژووڕەوە ژیانی تاکە کەسیشیان لێ زەوت بکات، لە تورکیا مرۆڤەکان دەیانەوێت چیتر ڕێگرییە ئەوتۆریتێرییەکانی سەرۆکە دینداڕەکەیان قبوڵ نەکەن، مەلا سیاسەتمەدارەکانی ئێرانیش تەنها لەڕێی دەوڵەتێکی سەربازی بێوێنەوە لەتوانایاندایە دانیشتوانە گەنج و مەلولەکەی لە پەرژیندا ڕابگرن، لە میسریش لەپاش هەڵبژاردنی مورسی دەلاقەی هێندە گەورە لەبۆزیان داپچڕی، بە چەشنێك وا دەهاتە پێشچاو هاووڵاتی عەلمانی و دیندار چیتر نەتوانن لە چوارچێوەی نەتەوەیەکدا پێکەوە ژیان بەرنەسەر.

تورکیاو ئێران و میسر - لە هەرسێ وڵاتدا مرۆڤ دەزانێت ئەوە واتای چییە ئیسلامی سیاسی حوکمت بکات، بەڵام ئایا ئیسلامی سیاسی بۆ دەوڵەتداریی و دیموکراسییەت تا چ ڕادەیەك دەستەدات - کۆماری ئیسلامییە کۆنەکەی عەلی خامنەئی، ئەوەی ناوەنجییەکە کە لە تورکیای ڕەجەب تەیب ئەردۆغاندایە یان گەنجترینیان کە لە میسری موحەمەد مورسیدا بوو؟ ئایا کرداری پێشڕەوێکی ئیسلامی تا چ ڕادەیەك دەتوانێت تۆلێرانت و پلورال بێت، پێشڕەوێك کە سیاسەت و کلتورو ژیانی تاکەکەس بەپێی کەلیمە دابەزیوەکانی (اللە) بە ئەرکی خۆی دەزانێت؟ ئەی کێ فەزای شێوازی ژیان و وێنەی ئافرەت و فەلسەفەکانی خێزاندارییی بۆ ئەو کەسانە مسۆگەر دەکات کە بیرکردنەوەو باوەڕیان جیاوازە؟

ئیسلامی سیاسی دەبێت بیسەلمێنێت کە ئەو مشورخۆری کۆمەڵگا کراوەکانیشە

بـەڵام حیسابەکە ئەنجامێکی غەمگینی هەیە، لەهیچ شوێنێك لەسەر ئەم زەمینەدا ئیسلامی سیاسی نەیسەلماندووە بتوانێت کارێك بکات کۆمەڵگای کراوەو دیموکراسی جێگەیان بێتەوە، لەهیچ شوێنێکی تری جیهاندا هێندەی ئێران و تورکیا رۆژنامەنووسان لە زیندانییەکاندا نین، تەنانەت لە وڵاتی چینیشدا، لەهیچ شوێنێکی سەر ئەم زەمینەدا پێکەوە ژیانێکی بەرهەمدار لەنێوان دەسەڵاتداری ئیسلامی و کۆمەڵگای عەلمانیدا نییە.

چونکە لە عەقڵی دەوڵەوتداریی ئیسلامییەکاندا سنورەکانی نێوان بەرپرسیاریییەتی حوکمکردن و ئاجێندای دینی بەناو یەکدا تـواونـەتـەوە، دەوڵـەوت و دین لێرەدا تێکەڵ دەکرێن و بە سیاسەت بارگاوی دەکرێن، هاووڵاتیەکانیش ئەوە وەك داگیرکارییەك بۆ سەر ژیانی گشتی و تایبەتی خۆیان هەست پێدەکەن، سەرەك کۆمارە ئیسلامییەکان هەست بەوە دەکەن دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە فەرمان بە برایانی هاوباوەڕی خۆیان بکەن لە ژیاندا چی رێگایەك بگرنەبەر، لیستەکەی ئەردۆغانیش کتومت هێندە دوورودرێژە: سەمونی سپی مەخۆ، ماستاو بخۆرەوە نەوەك راکی، لانیکەم سێ منداڵت هەبێت، ریکلام بۆ ئەلکهول قەدەغەیە، شەوان نابێت مەشروب بفرۆشرێت، خامنەئی ئێرانیش تەنانەت لە هونەریشدا ئەو بڕیار دەدات چی هونەرەو چی هونەر نییە، هاووڵاتیەکانی بۆیان هەیە لەسەر هێڵێ ئینتەرنێت چی ببینن و نەبینن، هەروەها دەبێت هەموو خانمان سەریان بپۆشن و دەبێت تەنورەو بەرگەکانیان چەندە درێژ بێت، هەروەها مورسی، برای هاوباوەڕی میسرییان دەستبەجێ یاسای لە بەناو کافرەکان بەردا، ئەو سەما بە نائیسلامی دەزانێت و تیایدا سەرپێچی لەدژی مـاددەی دووی دەستووری میسری دەبینێتەوە، دەستوورێك کە شەریعە سەرچاوەی سەرەکی مافناسییەتی، ئەم ئەندازیارە دینداره، کە ئەزموونی کلتووری بەپێی وتەکانی خۆی لە فیلمی وەك (هەسارەی مەیمونەکان) و (بابردوو)دا سنوردارە، لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا وتی: «چونکە وەك هەموومان دەزانین لە سەمادا سەماکار بە جەستەی بە چەشنێکی نێگەتیڤ کار لە بینەر دەکات».

بەتاڵکردنەوەی رق و کینە لە قوربانیەکاندا درندایەتی داعش نیشاندەدات

فره جۆریی کلتووره‌کان و که‌للـه‌ڕه‌قی به‌ناوی دیانه‌ته‌وه - شتێك ناکۆکتر له ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست خۆی

له‌ڕووی دیینیه‌وه ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست له مێژووی مرۆڤایه‌تیدا یه‌کێکه له داهێنه‌رترین ناوچه‌کانی سه‌ر زه‌وی، له ڕۆژی ئه‌مڕۆدا لێره هه‌موو چه‌شنه‌کانی باوه‌ڕی ئیسلام و مه‌سیحی و یه‌هودی پێکه‌وه ده‌ژین، له ره‌وتی هه‌زاران ساڵدا شانه‌یه‌ك له کلتوور ته‌شه‌نه‌ی کردووه، هه‌مانکاتیش ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست زه‌وی ره‌گ و ریشه‌ی فاناتیزم و که‌للـه‌ڕه‌قی و توندوتیژییه به‌ناوی دیانه‌ته‌وه - بارگاوی بوونێك که هه‌میشه له‌زیادبووندایه، چونکه بۆ به‌شێك فره‌چه‌شنی له دییندا سامانه، بۆ به‌شێکی تر نابه‌جێییه، سه‌ره‌ك قه‌شه‌ی یۆنانی - ئۆرتۆدۆکسی پۆڵ یازیگی، که له مانگی چواری پاره‌وه له ناوچه‌ی ئالیپۆ له سوریا فڕێندرا، ده‌ڵێت: «به‌هار به‌بێ فره‌جۆریی و ره‌ونه‌قی ره‌نگه‌کانییه‌وه

له‌هیچ شوێنێك له‌سه‌ر ئه‌م زه‌مینه‌دا ئیسلامی سیاسی نه‌یسه‌لماندووه بتوانێت کارێك بکات کۆمه‌ڵگای کراوه‌و دیموکراسی جێگه‌یان بێته‌وه

چییه - ئه‌و ره‌ونه‌قی ره‌نگانه‌ش به به‌راورد له‌گه‌ڵ حیجابه خۆڵه‌مێشییه‌کانی ته‌می زستانان چییه؟»

هه‌مه‌جۆری ده‌وڵه‌مه‌ندی ده‌به‌خشێت، دینداری یه‌کڕه‌نگیش بۆمبێکی میقاتکراوه، که ڕۆژێك له ڕۆژان ته‌نانه‌ت خاوه‌نه‌که‌ی خۆشی ده‌کوژێت

مـوحـه‌مـه‌د ئه‌لعیسا، وه‌زیـــری دادی سعودیه به‌پێچه‌وانه‌وه هیچ سه‌روکارێکی له‌گه‌ڵ ئه‌م مه‌سه‌له‌یه‌دا نییه، له‌مێژ نییه له کۆبوونه‌وه‌یه‌کدا له‌گه‌ڵ کۆمسیۆنی یه‌کێتی ئه‌وروپا دووپاتیکرده‌وه، که سعودی عه‌ره‌بی ڕێگه به په‌رستگای غه‌یر ئیسلامی نه‌داوه‌و له دواڕۆژیشدا شتی وه‌ها ناکات، تورکیاش هاوشێوه‌یه، له‌وێ مه‌سیحییه‌کان فه‌رق و جیاوازییان له‌گه‌ڵدا ده‌کرێت، بنیاتنانی که‌نیسه‌و په‌ره‌رده‌و فێرکاری بۆ بوون به قه‌شه ڕێگه‌ی لێده‌گیرێت.

جوداکردنه‌وه(پاك) له‌گه‌ڵ (ناپاك) سه‌رچاوه‌ی توندوتیژی دینییه

هۆکاره‌که‌شی ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ تێگه‌یشتنێکی پێش مۆدێرنه له تۆلێرانس، کرداری دیینی نامۆ له‌سه‌ر زه‌وی خود وه‌ك پیسکردن ته‌فسیر ده‌کرێت، وه‌ك گێره‌شێوێنێك له‌نێوان فـه‌زای مرۆڤ و خـوادا، وه‌ك ئیستیفزازکردنی الله، کارێك که ده‌شێت به‌دبه‌ختی و سـزا به‌سه‌ر بـــاوه‌ڕداره ڕاسته‌قینه‌کانیشدا ببارێنێت، ده‌سه‌ڵاتداره دییینیه توندڕه‌وه‌کان ته‌نانه‌ت گوتاری ئه‌وه ده‌کێشن که هه‌قه که‌سانی غه‌یره موسوڵمان بۆیان نه‌بێت پێ بنێنه نیمچه دورگه‌ی عه‌ره‌بییه‌وه، ئوسامه بن لادن خانه‌واده‌ی شاهانه‌ی سعودی به پیسکردنی خاك تۆمه‌تبار کرد، چونکه له جه‌نگی دژی سه‌دام حوسه‌یندا ڕێگای دابوو بنکه‌ی سه‌ربازی ئه‌مه‌ریکی خۆیان داهه‌زرێنن، ده‌شێت مرۆڤ هه‌تا ده‌توانێت ئه‌و هێڵه دڕێژتر بکێشێت - له تۆله‌رانسی پێش مۆدێرنه‌وه هه‌تا ده‌گات به بێ تۆلێرانسی کوشنده.

هه‌ڵبه‌ت جوداکردنه‌وه‌ی (پاك) و (ناپاك)ی له جیهانی دیانه‌تدا یه‌کێکه له کاتێگۆرییه بنه‌ڕه‌تییه‌کان، به‌ڵام له ڕۆژی ئه‌مڕۆدا سه‌رچاوه‌ی سه‌ره‌تایی توندوتیژی دییینیه، گروپه تیرۆریستییه‌کان ده‌سه‌ڵات ده‌به‌خشن به خۆیان، تاوه‌کو به‌ناوی خوداوه جیهان له بـاوه‌ڕداره ساخته‌کان و کافرو له‌ڕێ لاداوه‌کان پاکبکه‌نه‌وه، له کرده‌وه کوشتارییه‌کانیشدا هه‌موو که‌سێك له ره‌سه‌ده‌که‌یاندایه، موسوڵمانی مۆدێرن، مه‌سیحی، عه‌لمانی.

ئیسلامی سیاسی کۆمه‌ڵگاکان بارگاوی ده‌کات

به‌و چه‌شنه ئه‌م دوو جه‌مسه‌ری (فره‌چه‌شنی موباره‌ك) و (یه‌کڕه‌نگی موباره‌ك) هه‌موو کۆمه‌ڵگاکای ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستیان هه‌راسان کـردووه، ئۆلیڤێ ڕۆی، پسپۆڕ

یەکنەواترو دۆگماییتر بێت، بێ کلتورتر دەبێت) و باس لە بێ کلتور کەوتنی دیانەت دەکات، بەتایبەتی چەشنەکانی سەلەفی و وەهابییەکانی ئیسلام، کە رەگ و ریشەیان دەگەڕێتەوە بۆ نیمچە دورگـەی عەرەبی، ئێجگار دژە کلتوورو دژە رۆشنبیرن، بۆ ئەوان کلتوور دوژمنێکی بێ ئامان و فریودەرە بۆ باوەڕدارە راستەقینە پاکەکان، ئەوان هەمەڕەنگی کلتووری وەك هەڕەشەیەك دەبینن، چونکە بە وتەی خۆیان پەیامە رووونەکەی نووسراوە موبارەکەکان لێڵ دەکات.

ئیسلامی سنوردارکراو بەئاسانی گلۆبالیزە دەکرێت

سەیر نییە کە ئەو چەشنی ئیسلامە دیاریکراوە هێندە ئاسان هەناردەو گلۆبالیزە دەکرێت، ئەو لەگەڵ هیچ کلتوورێکی باڵادا تێکنەئاڵۆزکاوە، بە ئاستەم پێویستی بۆ کۆنتێکستێکی کلتووری هەیەو باری شوێنکەوتووەکانیشی سوك کردووە لە پرۆسەی ئاڵۆزو فرە قۆناغ، سەلەفییەکان بە مشتێك نیشانەی سانای دیینی پشی پشی بۆ باوەڕداران دەکەن، بەو نیشانانە راستەقینەیی باوەڕی خۆیان دەپێون - ئەمە لە وڵاتە عەرەبییەکانی سەر کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست چۆنە لە ئەوروپاش هەمان شتە، بە یەك باز ئەو کەسە خۆی لە جیهانێکی دیین قایمیدا دەبینێتەوە کە تێگەیشتن لێی ئاسانە، جیهانێك لە رووونی و تاك رێگایی، بە جیاوازی رووونەوە لەنێوان باوەڕدارو بێ باوەڕاندا، لەنێوان باوەڕداران و باوەڕدارە بە سەهووچووەکاندا.

دەرەنجامەکەشی تەختکرنێکی کـورت و پوختی نەریتەکانە، لەدەستدانی بەها جیاوازەکانە، هەموو شتەکان وەك یەك گرنگ دەبن، یاسای ناچیزی ژیانی رۆژانە، وەك حیجابکردن، یان تەوقە کردن لەگەڵ ئافرەتدا، لەناکاو دەبنە چەقی بەهاکان، بەڵێ تەنانەت ئەو ناچیزییانە دەبنە کەرەستەی ناسینەوەی ئەو باوەڕدارە راستەقینانەی کە لەژێر رەحمەتی خوادان، پاشان بەو نیشانانە جەنگی

کاتێک ئیسلامی سیاسی جگە لە مەرگ هیچ رێگەیەکی تر بۆ مرۆڤەکان ناهێڵێتەوە

توندوتیژی کلتووری بەسەر کۆمەڵگەکانی چواردەوریاندا دەسەپێنن، تاوەکو لە کردەوەی (حەرام) و (بـاوەڕداری نادروست) پاکیان بکەنەوە.

دیانەت چیتر بنچینەی سەرەکی دەوڵەت نەماوە

لەنێوان ئیسلامییە تـونـدڕەو و ڕەخنەگرەکنیاندا ناکۆکییەکی بنچینەیی هەیە سەبارەت بە ڕۆڵ و ئەرکی دەوڵەت، هەروەها پەیوەندی دەوڵەت و دیین، ئیسلامی سیاسیی دەوڵــەت وەك گـوێـزەرەوەو نوێنەری یاسا ئیسلامییەکان دەبینێت، دەسەڵاتداری وەك خامنەئی ئێران، ئەردۆغانی تورکیا یان مورسی میسری دەیانەوێت بە زەبری دەوڵەت هاووڵاتیەکانیان بکەنە موسوڵمانی باشتر، دەوڵەتی ئیسلامی بۆ ئەوە بەکاردەهێنن تاوەکو لەڕێی حوکمەوە بەهاکان وەك دیکتاتۆرك لەسەروەڕا بۆ خەڵکی بنوونەوە، بەپێچەوانەوە کۆنسێپتی ڕۆژئاوا لە بنەمای دەوڵەتێکی بێلایەن و ئازاد لە بەهاو سەرچاوە دەگرێت، دەوڵەت و دیین لە بنەڕەتەوە لە یەك جوداکراونەتەوە، دەوڵەت نە دیینی هەیەو نە نوێنەرایەتی دیینێك دەکات، دیین چیتر بنچینەی سەرکەی دەوڵەت نەماوە، دەبێت دەست لەو داوایـەی هەڵگرێت، وەك جیهانبینییەکی داخراو یاساو ڕێسای گشتگیر بۆ هاووڵاتیان دابنێت.

ئەردۆغان هەمیشە هەوڵیداوە یەقینە دیینینەکانی خۆی لەگەڵ یاسادا تێکبترنجێنێت

ئیسلامی سیاسی بـە چەشنێکی تــرە، کــردەوە دەوڵەتییەکانی هیچ سنورێکی ڕوون ناناسێت، ئەو ئاوسکردنە غوباراوی و دیینیەی دەوڵەت لای هاووڵاتیە عەلمانییەکان گومانێکی هەمیشەیی دروسـت دەکات، هەموو جوڵەیەکی سیاسی گومان دەهێڵێتەوە ئاخۆ ئەوە مەبەستێکی تاکتیکی یان ستراتیژی لەپشتەوە بووە، ئایا لە جێگایەکدا کە دەوڵەت جڵەو شل دەکات دەرەنجامی دیدێکی بنەڕەتییە، کە گوایا دەوڵەت هەق نییە وەکیلی جیهانبینییەکی دیاریکراو بێت؟ یان ئەمەش دیسانەوە تەنها جوڵەیەکی بنمیچانەیە تاوەکو خەڵکەکە ئارام بێتەوە، تاوەکو ڕۆژێك لە ڕۆژان بە ماستەرپلانێکی دینداریەوە لێت دێنەوە پێش؟

ئەردۆغان لە دە ساڵی ڕابـردووی حوکمیدا هەمیشە هەوڵیداوە یەقینە دیینیە کۆنسێرڤاتیڤەکانی لەڕێی یاساوە بەرەوپێش ببات، ئەمە بە وتەی سێبنێم گوموسجو، پسپۆڕ لە بواری ئیسلامدا، کە دەڵێت: «ئەردۆغان زۆر بەوردی چاودێری کاردانەوەی گەل دەکات، ئەگەر ناڕەزایی گشتی لێکەوتەوە، ئەوا پاشەکشێ دەکات).

لە ناڕەزاییە ملیۆن شوماڕەکەی دژی مورسی لە مەیدانی تەحریر لە قاهیرە مەحمود زەینیش ئامادەبوو، مەحمود پزیشکی ئێسکەو ریشداریش نییە، مرۆڤ وەك ئیخوان ناینناسێتەوە، چوار سەعات لەناو ئاپۆڕەو ژێر چادرەکاندا دانیشت و گوێی گرت، ئاخۆ دوژمنەکانی مورسی مشتومڕی چی دەکەن، کتومت سەعات یەکی نیوەڕۆ یەکێك هات جێگۆڕکێی لەگەڵدا کرد، ئیدی مەحمودی تەمەن 54 ساڵ وتی: «ئاوەڵەکانم گەیشتن، من ئێستا دەڕۆمـەوە ماڵەوەو ڕاپۆرتی خۆم بۆ سەرکردایەتی دەنوسم، ئیخوان وەك دەزگایەکی سیخوڕی فایلی چاودێرەکانی خۆی لە سەرانسەری وڵاتدا کۆدەکاتەوە».

مەحمود ئـەو کینە بەکۆمەڵە دژ بە ڕێکخراوە خوداناسەکەی خـۆی بەدەستی دەرەوە دەزانـێـت – ئەمەریکا، بەریتانیا، فەڕەنسا، بێگومان ئیسرائیلیش، لە کۆتاییدا وتی: «ئێمە شەست ساڵ لەژێر حوکمی ئەو سەرەك کۆمارە سەربازییەدا لە ناوخۆی ئەم کۆمەڵگەیەدا کارمان کردووە، ئیدی خۆ لەبەر چەند هەفتەیەك هەراوزەنا ئامانجە درێژخایەنەکەی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی لەبەرچاو ون ناکەین».

سەرچاوە:

http://www.tagesspiegel.de/meinung/unruhen-in-aegypten-und-der-tuerkei-passt-der-politische-islam-zur-demokratie/8493096.html

خوێندنگاکانی جیهاد، ژینگەی پێگەیاندن و سەرهەڵدانی تیرۆریزم

ئەمانە مێشکیان داشۆراوەو بەکاردەهێنرێن، لە بیرکردنەوەدا بەهیچ جۆرێك ئازاد نین

وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە: ڕێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم

IDEA DIPLOMATIC

بۆ سەرکەوتنی ناتۆ لە ئەرکەکانیدا لە ئەفغانستان، بڕیاری کۆتایی لەژێر ڕەحمەتی بارودۆخی پاکستاندایە، میلیشیاکانی تاڵیبان شوێنی حەوانەوەو ڕاهێنانیان لە پاکستانەو نزیکەی 14 هەزار خوێندنگایان هەیە، خوێندنگاکانی قورئان خوێندن بە کەمی لەژێر چاودێری دەوڵەتدان و بەدرێژایی سنوری هاوبەش لەگەڵ ئەفغانستان بڵاوبونەتەوە.

موسوڵمانیت؟ قورئان دەخوێنیت؟

ئەمە پرسیارەکانی یەکێك لەو فەقێیانە بوو کە لە (مەدرەسەی دارول علومی حەقانی) نزیك پیشاوەر لەسەر ڕێگای ئیسلام ئاباد دەیخوێند، ئەو خوێندنگایەی یەکێکە لە گەورەترین و بەناوبانگترین خوێندنگاکانی ئیسلامی پاکستان، لەبەرئەوەی وەڵامەکان بە نەرێ بوون، زۆر بەدڵی نەبوو، بۆیە لە وەڵامدا وتی: بۆچی نا؟ ئەوە تەنها کتێبێکی پیرۆزی خوداوەندە کە دەتوانێت دوژمنەکانمان لەناوبەرێت.

لە گەرمەی قسەکانمادا کۆمەڵێك فەقێی تر هاتن و بەشداری گفتوگۆکانمان بوون.

وێڕای ئەوەی وەرگێڕێکمان لەگەڵدا بوو، بەڵام لەیەك حاڵی بوونمان ئاسان نەبوو، لەبەر جیهانی ڕاستەقینەو جیهانی ئەواندا دەلاقەیەکی زۆر گەورە بەدیدەکرا، ئەمەش نەك نەدەبووە مایەی گومان پەیداکردن، بەڵکو گفتوگۆکانیشی دەکردە چەلەحانێیەکی بێسەروبەر، (3) هەزار شاگرد، دە ساڵی تەمەنی خۆیان لەم خوێندنگانەی قورئان بەسەردەبەن، بە درێژایی ئەو ماوەیە گرنگترین و پڕبایەختری کاریان بریتیبە لە لەبەرکردنی ئایەتەکانی قورئان بە زمانی عەرەبی.

ئێمە لێرە ئامادە دەکرێین بۆ جیهاد (یەکێك لە فەقێکان زۆر بەهێمنی و ئاسایی ئەمەی وت).

لەدوورەوە لەلایەن هەندێك کەسەوە کە جامانەی ڕەشیان بەسەرەوە بوو، زۆر بەوردی چاودێری دەکراین، وەرگێڕەکە چرپاندی بەگوێماندا: «ئەوانە تاڵیبانن!»

ئەم خوێندنگایە کە ساڵی 1947 دامەزراوە یەکێکە لە بەناوبانگترین ئەو خوێندنگانەی پاکستان بە بڕبڕەی پشتی تاڵیبان ناسراوە، هەر لێرەوە بوو تاڵیبان لە ساڵانی نەوەدەکانەوە وردە وردە خۆیان پێشخست و دەستیان بەسەر ئەفغانستاندا گرت، بەڕێوەبەری ئەم خوێندنگایە (سمایل حەق) کە بە باوکی ڕۆحی بزوتنەوەی تاڵیبان ناسراوە، بە دەیان بەرپرسی تری نێو ریزەکانی سوپاو حکومەت و دادگاکانی تاڵیبانیشی تیادا پێگەیەنراوە.

وێڕای ناوبانگی تاڵیبان، ئێمە لەنێو خوێندنگای (حەق) دا بەگەرمی میوانداری کراین، (هەرچەندە چایشمان پێشکەش نەکرا)، وەرگێڕەکەمان هەندێك نارەحەت بوو، چونکە خۆی لە ئەفغانستان زۆرتر کاری لەگەڵ حکومەتدا کردووە، لەبەرئەوە خواخوای بوو هەرچی زووترە بڕۆین و لەوناوە نەمێنین، وتی: «ئەمانە زۆر مەترسیدارن، تەنها خۆیان بە ئیسلامی ڕاستەقینە دەزانن، ئەمانە مێشکیان داشۆراوەو بەکاردەهێنرێن، لە بیرکردنەوەدا بەهیچ جۆرێك ئازاد نین، هەموشیان سەربازن و هەرکاتێك لێیان داوا بکرێت ئەوا ڕاستەوخۆ دەچن دەجەنگن»، لەڕاستیشدا لە ساڵانی نەوەدەکانەوە هەزاران کەس لەم فەقێیانە لەسەر داوای (حەق) و سەرکردەکانی تر، ڕەوانەی شەڕ کران.

پێنج ساڵ دوای لەناوچوونی تاڵیبان، دیسان ئەو خوێندنگایانەی پاکستان بەتایبەت ئەوانەی لە نزیك سنوری ئەفغانستان بوون، بوونە باشترین سەرچاوە بۆ پێگەیاندنی کەسانی توندڕەو کە وەك سەرباز ڕەوانەی شەڕیان بکەن.

جەنەراڵ پەرویز موشەرەف کە جارێ شەڕی دژ بە

تیرۆری دا، بەرامبەر ئەم خوێندنگانە هیچی بۆ نەکراوە، ئەو خۆشی چەندین ساڵە حکومەتەکەی لەگەڵ شەش لایەنی ئیسلامی تووندڕەو بەڕێوەدەبات، ئەو شەش لایەنە پێکەوە کۆمەڵەیەکیان بەناوی (مەجلیسی عەمەلی موتەحید - م.ع.م) پێکهێناوە، هەوڵی سەرەکیشیان بریتییە لە گۆشەگیرکردنی سکیولاریستەکان.

خوێندنگاکان هەمیشە بۆ تاڵیبان پاڵپشتێکی جێگەی بڕوا بوون، (فەقێ ئەحمەدی خان) وەزیری کاروباری ئایینی لە ئیسلام ئاباد وتی: (ئەمانە سەلەفین نزیکەی 7800 خوێندنگا بەڕێوەدەبەن، لەبەرئەوە دەتوانین بە یەکێك لە گروپە هەرە گەورەکانیان هەژمار بکەین)، هەروەها رایگەیاند کە لەگەڵ سێ رەوتی تری سوننەی تووندڕەوەدا خۆیان پارتێکی سیاسیان بەناوی پارتی (جەماعەتی ئیسلامی) ڕێکخستووە، ئەم پارتە یەکێك لە ئەندامانی ناو (م.ع.م)ـە، هەروەها کۆمەڵەیەکیشیان بەناوی (کۆمەڵەی تەنزیمانی مەدرەسە ئایینیەکان) پێکهێناوە، کە ڕێژەی 90% خوێندنگا ئیسلامییەکانی کۆنترۆڵ کردووە، تەنها خۆشیان کتێب و بابەتەکانی خوێندنیان بۆ دیاریدەکەن و هەر خۆشیان بڕوانامەکان دەبەخشن.

هەندێك لەو خوێندنگانە تائێستاش بە پاڵپشتی دارایی دەرەوە بەڕێوەدەچن، بەڵام بەشی هەرە زۆریان بە پارەی زەکاتی ناوخۆی وڵات بەڕێوەدەچن، زەکات فەرزێکە لە فەرزەکانی ئیسلام و ڕێژەی 2.5%ی داهات دەگرێتەوە، ئەحمەدی خان لەمبارەوە وتی: لەم وڵاتەدا موسوڵمانەکان ساڵانە 67 ملیار روپێ زەکات دەبەخشن، ئەم پارەیەش ڕاستەوخۆ بۆ ڕێکخراوی کاریتاس و خێرخوازەکان و نەخۆشخانەو ئەم خوێندنگایانە تەرخاندەکرێت، ئەم دامەزراوانە لەژێر فەرمانی دەوڵەتدا نین و سەربەخۆن، خۆیان مشوری خۆیان دەخۆن.

نزیکەی چارەکە سەدەیەکە لە پاکستان ئەم خوێندنگانە بڵاوبونەتەوە، لە ساڵانی حەفتاکانەوە حکومەت هیچ جۆرە بایەخێکی بەو خوێندنگایانە نەداوەو پارەیەکی ئەوتۆی تیا سەرف نەکردووە، لەبەرئەوە ساڵ لەدوای ساڵ ژمارەی ئەو خوێندنگایانە لەزیادبووندا بوون، ئێستا نزیکەی 1.3 ملیۆن فەقێ لەو خوێندنگانەدا وانە دەخوێنن بەهۆی نالەباری باری ئابوری، ژمارەی ئەو پاکستانیانەی لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین لە 20 ملیۆنەوە گەیشتووەتە 50 ملیۆن.

ئەحمەدی خان دیسان لەمبارەوە وتی: لەڕاستیدا ئەم خوێندنگانە باشترین ڕێکخراوی (ئێن.جی.ئۆ)ن لە جیهاندا، ئەمانە خوێندن و خواردن و جلوبەرگ و پۆشاك بۆ زیاتر لە 1.3 ملیۆن منداڵ بەخۆڕایی دابینەدەکەن، ئەگەر ئەم خوێندنگانە نەبوونایە، ڕەنگە بە سەدان هەزار منداڵ



منداڵانی پاکستان لە خوێندنگەیەکی پێگەیاندنی جیهاد

لەسەر جادەکان بەرەڵا بوونایە، ئەو خێزانانەی کە خۆیان دەتوانن پارەو خەرجی منداڵەکانیان دابینبکەن، رەوانەی قوتابخانەکانی تریان دەکەن، حکومەت بەهیچ شێوەیەک بڕوانامای دیبلۆمی ئەم خوێندنگانە بەڕەسمی ناناسێت، لەهیچ شوێنێکی دەوڵەتیشدا بواری کاریان دەستناکەوێت.

لەپاش رووداوەکانی 11ی سێپتەمبەرەوە خوێندنگاکانی پاکستان وەک ژینگە سەرهەڵدانی تیرۆریزم سەیردەکرێن، راپۆرتی کۆمسیۆنی ئەمەریکی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە رووداوی سێپتەمبەر لە دەرئەنجامێکی خۆیدا دەڵێت: (بەبێ دەستکاریکردن و گۆڕینی سیستمی خوێندن، پاکستان دەبێتە گرنگترین سەرچاوە بۆ دابینکردنی کەسانی پێویست بۆ رێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەک قاعیدە - هۆڵەندا تا ساڵی 2009 بەبڕی 120 ملیۆن یۆرۆ بەشداری لە گۆڕینی سیستمی خوێندن لە پاکستان کردووە)، دوای هێرشەکانی رۆژی 7-7-2005، لەندەن، پەرۆیز موشەرەف بڕیاریدا کە

ئەمانە زۆر مەترسیدارن، تەنها خۆیان بە ئیسلامی راستەقینە دەزانن، ئەمانە مێشکیان داشۆراوەو بەکاردەهێنرێن، لە بیرکردنەوەدا بەهیچ جۆرێک ئازاد نین، هەرکاتێک داوایان لێبکرێت ئەوا راستەوخۆ دەچن دەجەنگن

سەرجەم فەقێ بێگانەکانی ئەو خوێندنگانە کە خۆیان لە چەند هەزار کەسێک دەدەن دەربکات، هەر لەوماوەیەشدا هێزەکانی ئاسایش پتر لە 300 مامۆستاو فەقێیان بە تاوانی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی توندڕەوی و رق و کینە دەستگیر کردووە.

بەپێی بۆچوونی هەردوو توێژەری ئەمەریکی (پیتەر بێرگن و سوات پاندی) رۆڵی ئەو خوێندنگایانە گەورە کراوە، ئەوانە لە رۆژنامەی (زی نیویۆرک تایمز) ئەوەیان راگەیاندبوو کە «بەڵێ زۆر لە خوێندنگاکانی قورئان خوێندن لە پاکستان توندڕەون، بەڵام پەیوەندییان بە تیرۆریزمەوە نییە»، هەروەها ئەوەشیان راگەیاند کە «رێژەی 53%ی ئەوانەی چوار کردەوە تیرۆریستییەکانیان ئەنجامدابوو، دەرچووی خوێندنی باڵاو زانکۆکان بوون».

هەروەها (سوبە چاندران) چاودێرو توێژەری پاکستانی تایبەت بە تیرۆریزم، لێکۆڵینەوەکانی ئەوە پیشاندەدەن کە رێژەی یەک تا سێی لە سەدی ئەوانەی پەیوەندییان بە کاری تیرۆریستی و جیهادەوە هەبووە، لەو خوێندنگانە خوێندویانە، دەشڵێت: راستە زۆربەی موسوڵمانەکانی پاکستانی ئەنتی خۆرئاوان، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئیتر ئەوان هەموویان ئامادەو لەسەرپێن بۆ ئەوەی ببنە جیهادی.

بەڵام چۆن ئەو وێنە نێگەتیڤەی خوێندنگا ئیسلامییەکان لە جیهاندا بڵاوبونەتەوە؟ لەمبارەیەوە ئەحمەدخان باسی ئەوە دەکات کە زۆرجار لەگەڵ ئەندامانی (م.ع.م) گفتوگۆی کردووەو داوای لێکردون هەوڵبدەن لە کاری بانگەوازیدا رق و کینە بڵاونەکەنەوە، بەڵکو جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە کە ئیسلام کینە بڵاوناکاتەوە، بەپێچەوانەی خاڵی هاوبەشی لەگەڵ فەلەکاندا زۆرە، هەروەک قورئان ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر یەک کەس بکوژێت، وەک ئەوە وایە هەموو مرۆڤایەتیت کوشتبێت، ئەو جیهادیانەی کە تووندوتیژی ئەنجامدەدەن، ئەوانەن بەخراپی پەروەردە کراون، ئەوانەی لە لەندەن کاری خۆکوژییان ئەنجامدا بەرهەمی پەروەردەو خوێندنی بەریتانیا خۆی بوون، ئەو کەسانەی هێرشیان بۆ سەر سەرۆک موشەرەف و سەرۆک وەزیران ئەنجامدا دەرچووی (گۆردن کۆلێژ) بوون کە خوێندنگایەکی مەسیحی کۆنە، بە بۆچوونی ئەحمەدی خان ئەگەر بەرامبەر هزری جیهادییەکان کاربکرێت، ئەوە سەراپای دنیای ئیسلام رزگاری دەبێت، بەڵام بە پلەی یەکەم دەبێت لە تەواوی دنیای ئیسلامدا بەرەنگاربونەوەی هەژاری زۆر بەهەند وەربگیرێت، بۆ ئەم کارەش پێویستمان بە خوێندنگا هەیە، نەک ئەو خوێندنگانەی کە ئێستا هەن و تەنهاو تەنها وەک توتی قورئانی بە زمانی عەرەبی تیادا دووبارە بکەنەوە.

موحەمەد راشیم بە دوودڵییەوە پێشوازی لێکردین، ئەو مامۆستاو بەڕێوەبەری خوێندنگایەکی دەروێشانە بوو لە پیشاوەر کە نزیکەی 1150 دەروێش لەخۆدەگرێت، ئەمانە هەموویان بە رێبازی توندڕەوی ئیسلامی پەروەردە دەکرێن، ئەم پیاوە چایشی پێشکەش کردین، بەڵام بەردەوام بەگومانەوە لێمان ورد دەبووەوە، لەم خوێندنگایەی ئەماندا فەقێ دەروێشەکان بە خۆڕایی فێری زمانی ئینگلیزی و کۆمپیوتەر دەکرێن.

مامۆستایە پێی خۆش نەبوو هیچمان بۆ باس بکات، هەر ئەوەندە نەبێت کە وتی: رووداوەکانی 11ی سێپتەمبەر بۆ ئێمە هیچ جێگای بایەخ نییە، ئەمانە هەموو مەسەلەی سیاسین، ئێمە زیاتر خۆمان بە ئایین و خوێندنەوە سەرگەرمکردووە، ئەوە هیچ راست نییە کە دەوترێت ئەم خوێندنگانە مرۆڤ بۆ کاری تیرۆریستی ئامادە دەکەن، ئەوەی کە مرۆڤ بۆ تیرۆر هاندەدات نایەکسانی و بێکاری و نەبوونی ئارامییە.

شکستی سیستمی خوێندن لە پاکستان بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی خوێندنگا توندڕەوەکان، ئەمە دەرئەنجامی ڕاپۆرتی (کرایسس گروپ) بوو کە ساڵی 2004 ئامادەی کردبوو، ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە ئەو ریفۆرمەی مـوشـەرەف لە ساڵی 2002دا ڕایگەیاند، بـەتـەواوی شکستی خـواردووە، ئەم دەرئەنجامەش لەلایەن وەزیری کاروباری ئایینی پاکستان ئەحمەد خان بەتەواوی جەختی لەسەرکرایەوە، بەڵام ئەو پێیوایە کە وردە وردە چاکسازی هەر ئەنجام دەدرێت، باسی ئەوەش دەکات کە حکومەت لە ساڵی پـارەوە دەستیکردووە بە تۆمارکردنی ئەو خوێندنگایانەو هەوڵدەدات ئەو 150 هەزار خوێندکارەی کە ساڵانە تیایاندا خوێندن تەواودەکەن، بتوانرێت بەشێکیان بچنە زانکۆکان و هەندێکیشیان لە دامەزراوە حکومییەکاندا وەک فەرمانبەر دامەزرێنرێن، ئەمەش هەنگاوێکە بۆ ئەوەی لەجیاتی ئەوەی ئەو خوێندکارانە ببن بە مامۆستای ئایینی و لەنێو کۆمەڵگادا بەجۆرێکی تر پێگەیان هەبێت، بەڵکو ببن بە خاوەن پیشەی تر، لەمبارەشەوە سەرکەوتنی بەرچاو بەدەستهێنراوە.

هەروەها ئەحمەد خان باس لەوەش دەکات کە لەگەڵ (م.ع.م) دا لەسەر ئەوە پێکهاتوون کە سیستمی خوێندنی ئەو خوێندنگانە بگۆڕن، بەپێی ئەم هەنگاوە نوێیە دەبێت خوێندنگاکان ساڵانە ڕاپۆرتی تایبەت سەبارەت بە دارایی و جۆری وانەکان بخەنە بەردەم حکومەت، هەروەها دەبێت ئەو وانانەی کە پێشکەشی دەکەن دووربن لە ڕق و کینەو هاندانی مرۆڤ بۆ تووندوتیژی، بەڵام ئایا لەکاتێکدا ئەو خوێندنگایانە زانیاری هەڵەو نادروست بدەنە حکومەت و پارە لە ڕێکخراوە تووندڕەوەکان وەربگرن، یان وانەی پڕ لە ڕق و کینە فێری فەقێکانیان بکەن، حکومەت چی دەکات؟ خان لەوبارەوە دەڵێت: ڕەنگە بۆ ئەوانە هەڕەشەکردن بە داخستن، یان بە سزادان کاری باش بن، بەڵام ئەوەت لەیاد نەچێت کە ئێمە لێرەدا مەبەستمان لەو خوێندنگانەیە کە بەتەواوی لەپشت حکومەتەوە کاردەکەن و سەربەخۆن، لێرەدا تەنها ژمارەیەکی زۆر کەم لەو خوێندنگانە ئامادە نین لەگەڵ ریفۆرمەکانی حکومەتدا بڕۆن، ئامانجی ئەمەش بریتییە لە پەراوێزکردنی ئەو خوێندنگانە.

هەر پێنج ڕێکخراوی خوێندنگاکان دەستەی بەڕێوەبەری نوێیان بۆ دادەنرێن و لەلایەن حکومەتەوە بەرپرسەکانیان دیاریدەکرێن، ئەم بەرپرسانە دەبنە بەرپرسی بواری دارایـی خوێندنگاکان، وێڕای ئەوەش وانەکان دەگۆڕێن بەو وانانەی کە لە ئیسلام ئاباد دەخوێنرێن و لە تەواوی خوێندنگاکاندا پەیڕەودەکرێن، حکومەتیش بڕوانامە، تەنها بەو خوێندنگایانە دەدات کە ئەو مەرجانە قبوڵدەکەن، بەپێی وتـەی خان هەر ئێستا (3) هـەزار خوێندنگان دەستیان بەم کارە کردووە، بەڵام کاتی دەوێت تا هەموو خوێندنگاکان دەگۆڕن، ئەم ریفۆرم و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی خوێندنگانەش پرۆسەیەکی درێژخایەن دەبێت.

موحەمەد ڕاشیم بەڕێوەبەری خوێندنگای دەروێشان نەکەوتووەتە ژێر فشارو هیچیشی لەبارەی ئەو ریفۆرمانەوە نەبیستووە! ئەو پێیوایە کە حکومەت بۆی نییە دەست لە کاروباری ئەو خوێندنگانە وەربـدات، لەبەرئەوەی خۆی پارەیان ناداتێ، هەروەها دەشڵێت: ئەوە کاری ئێمە نییە پزیشک و ئەندازیار پەروەردە بکەین، ئەوە کاری حکومەت خۆیەتی.

(چاندران) زۆر بڕوای بە ریفۆرمەکانی حکومەت نییەو دەڵێت: ئەوانە هەموو پڕوپاگەندەی حکومەتن، ئەوانە چەندین ساڵە سەرقاڵی ئەوەن و تائێستاش هیچیان دیار نییە، ڕەنگە گرفتی زۆر گەورە ڕووبدات ئەگەر هەوڵبدرێت شتێک قەدەغە بکرێت، ئەو هـەزاران خوێندنگا پێگەی ڕاستەقینەی هەموو پارتە ئیسلامییەکانن.

سەرچاوە:

De GROENE AMSTERDAMMER. 10-11-2006. Bld 1820-

دیدارێك لەگەڵ
ئەنترۆ پۆلۆژیست
(چادرۆ جاڤان)

حیجاب ژنان فرێدەداتە خانەی بێمافەکانەوە

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: هۆشەنگ
IDEA DIPLOMATIC

دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام، زیاتر بە داعش ناسراوە، گروپێکی چەکدارە، بەشێکی عێراق و سوریایان داگیر کردووە. ئەم گروپە بە رابەرایەتی ئەبوبەکر بەغدادی لە جیهادیە سەلەفیە جیاوەبوەکان لەقاعیدە دروستبووە و دژی وڵاتانی عیراق، سوریاو گروپە شۆڕشگێڕەکانی نەیاری سوریا شەڕ دەکات.

چادرۆ جاڤان ساڵی ١٩٦٧ لە ئێران لەدایکبووەو منداڵی و لاوی لە تاران بەسەربردووە، تەمەنی چواردە ساڵ بووە کە خومەینی چووەتە سەر دەسەڵات، ساڵی ١٩٩٣ توانیویەتی بە ئیستانبوڵ بەرەو پاریس هەڵبێت، لەوێ ئەنترۆپۆلۆژیای خوێندووەو هەر لەوێ دەژی، ساڵی ٢٠٠٤ یەکەم رۆمانی لەژێر ناونیشانی (پەروانە واتا پەپولە) بڵاوبووەتەوە، نوسینەکانی سەبارەت بە ئیسلامیزم-ـە، خەباتە بۆیرانەکەی دژی چەوسانەوەی ژنان لە ئیسلامدا ئەم خانمەیان کرد بە نوسەری یەکێك لە کتێبە هەرە پرفرۆشەکانی فەرەنسا، بەناونیشانی (اللە سەبارەت بە ئەوروپا چۆن بیردەکاتەوە؟) ناونیشانی کتێبێکی ئەم خانمە نووسەرەیە کە من ساڵی ٢٠٠٩ وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لەو کتێبەدا لە بیرتیژییەکی ناوازەوە لە دەسەڵات و نیازەکانی ئیسلامییە توندرەوەکانی ئەوروپا دەکۆڵێتەوە، مەسەلەی حیجاب و چۆنییەتی بە ئالەتکردنی سیمبۆلە ئایینیەکان رووندەکاتەوە، کە بە چ چەشنێك ژنان دەکرێن بە ئالەتی سێکس و لەژێر یاسای شەریعەدا ملکەچ و بەبێ هەلومەرج لەژێر دەسەڵاتی پیاوان ستەم لێکراون.

لەم دیدارەدا باس لە واتای حیجاب بەگشتی و دیاردەی حیجاب لە ئەوروپا بەتایبەتی دەکات:

*** ئێوە بۆ یەکەمجار کەی بوو کە لەچکەتان لەسەرکرد؟**

- بە سیانزە ساڵی دەبوو حیجاب بکەم، وەك هەموو ژنێکی تر لە ئێران.

* ئەوکاتە مشتومڕێك لەناو خێزانەکەتاندا دەستیپێکرد؟

- ئەوە پەیوەندی نییە بە دایك و باوکەوە، ئەوان رۆیشتن بۆ سەر شەقامەکان بەبێ حیجاب واتا مەرگ، لەوکاتەدا چەند خۆپیشاندانێك لەلایەن ژنانەوە بەڕێوەچوون، بەڵام هەموویان هەرزوو کۆتاییان پێهات، ئەوکات وڵات لە جەنگدا بوو لەدژی عیراق، لەو پاشخانەوە مەسەلەی حیجابەکە هێندە گرنگ دەرنەدەکەوت.

*** ئەوکات هەستتان بە چی دەکرد؟**

- وام هەستەدکرد لاقەو سوك کرابێتم، هەروەها پرسیاری زۆرم هەبوون، وەك: من بۆچی دەبێت پرچم لەپێش نیگای پیاواندا بشارمەوە؟ ئایا تاوانی پرچی ئافرەت چییە؟ ئەی پیاوان بۆچی ناچار نین قژیان بشارنەوە؟

*** ئەی ئەوە چۆن رووندەکەیتەوە، کە لە ئەوروپا حیجابی ژنانی موسوڵمان تا دێت بەرەو زیادبوون دەڕوات؟**

- ئەوە بۆ ماوەی بیست ساڵ دەچێت لە رۆژئاوا شالاوێکی ئیسلامی هەیە، بەتایبەتی لە ئەوروپا، لە شەست و حەفتاکاندا کچانی موسوڵمان لەچکیان نەدەبەست، ئەوەی ئێمە ئەمرۆ دەیبینین ئەنجامی کرداری ئیسلامییەکانە.

*** ئایا پەراوزێکەوتنی پەناهەندەکان لە کۆمەڵگادا کۆمەکییان ناکات؟**

- بێگومان ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە، ئەگەر کەسێك ناوی مستەفا بێت و بێ کار بێت، کێشەی گەورەی هەیە، بەڵام کێشەکان بەوە ئاسانتر نابن، ئەگەر ژنەکەی حیجاب بکات، مرۆڤ پێویستە هاوکاری ئەوانە بکات کە دژایەتی ئیسلامییەکان دەکەن، کتومت لەبەرئەوەی ئەڵمانیاو فەرەنسا پەناهەندەکانیان نائومێد کردووە، بۆیە ئیسلامییەکان هەلەکەیان قۆستوەتەوەو رووی دەمیان تێکردوون، ئیسلامییەکان پێیان وتووە: ئێوە هەرگیز یەکسانی بەدەستناهێنن، باشترە بگەڕێنەوە بۆ دین، بگەڕێنەوە بۆ دۆگماکان، دەرگا لەسەر خۆتان دابخەن،

*** کاتێك مرۆڤ قسەکانی ئێوە دەبیستێت، پێیوایە ئیسلامییەکان دەسەڵات و کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر ئەورووپا؟**

- بەڵێ هەیانە، لە فەرەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیاش، ئەگەر مرۆڤ پانزە ساڵ لەمەوبەر کاردانەوەی هەبوایە، ئێستا دۆخەکە بەجۆرێکی تر دەبوو، لەجێی ئەوە چاو لە ئیسلامی خەتەرناکی دەمامکپۆشکراوی وەك تاریق رەمەزان و زۆر کەسانی تر پۆشراوە.

*** کچە گەنجەکان دەڵێن خۆیان حیجابیان هەڵبژاردووە؟**

- لە سەرەتادا شتێکی تـەواو جیاوازتریان دەوت، دەیانوت: ئایینی من کلتووری منە، بەڵام کاتێك هەستیان پێکرد کە ئەوە بەکەڵکیان نایەت، لەبەرئەوەی ئارگومێنتێکی دیینیە، شتێکی تریان بۆ خۆیان هەڵبەست، ئێستا دەڵێن: ئەوە بڕیاری خۆمە، بەڵام هیچکام لەو ژنانە لەتوانایاندا نییە روونیبکەنەوە کە بۆچی ژن دەبێت پرچی خۆی لەپێش نیگای پیاواندا بشارێتەوە، خۆپیشاندانەکانیشیان لەلایەن پیاوانەوە بەڕێوەدەبران، هەروەك بەبێ مۆڵەتی ئەوان ژن بۆی نییە قسە بکات.

*** سەرەڕای ئەوەش کچی گەنجی پۆشراو هەن دڵنیامان دەکەنەوە کە کەس فشاری لێنەکردوون؟**

- ملکەچی بەوەی کە مرۆڤ بە ویستی خۆی بیکات، باشتر نابێت، لە ئێران ئافرەت بەردباران دەکرێت، ئەو خەڵکەش کە بەردباران دەکات، ئافرەتیشی لەناودایە.

*** ئایا رەمزێکی دیینی ئەو هەموو هەرایە دەهێنێت؟**

- لەچك سیمبۆلی باوەڕی ئیسلام نییە، ئەوەی تەماشای تێکستە دیینیەکان بکات بۆی دەردەکەوێت کە (پەیمانی کۆن)یش ئاموژگاری بۆ سەرپۆشینی ئافرەتان تێدایە، هەروەك لە (پەیمانی نوێ) و قورئانیشدا لە چەوسانەوەی ئافرەتدا ئیسلام دڵسۆزی خۆی بەرامبەر بە هەردوو دینە یەکتاپەرستییەکەی پێش خۆی لەدەست نەداوە، لە وڵاتانی رۆژئاوا ئەمڕۆ دیموکراتی هەیە لەسەر بنەمای یەکسانی ڕەگەزەکان، بەڵام لەچك رەمزی ملکەچی ئافرەتانە لەژێر دەسەڵاتی پیاودا، لێرەدا مەسەلە ملکەچی نییە لەژێر دەسـەڵات و فەرمانی خـوادا، ژنـان کاتێك تەنها لەناو خۆیاندان لەچك دادەکەنن، تەنها لە بەردەمی پیاواندا دەیکەن، هەموو ئەوانەی کە لە پێناوی یەکسانیدا خەباتیان کردووە، دەبێت ئەوە بزانن.

جیهادی نیکاح رێژەی بەشداریکردنی ژنانی لە گروپە تیرۆریستیەکاندا زیاتر کردووە

*** ئێوە حیجاب چۆن پێناسە دەکەن؟**

- من لەگەڵ ئەستێرە زەردەکەدا بەراوردی دەکەم، وتم ئەو ڕەمزەیە کە ژنان فڕێدەداتە خانەی بێمافانەوە، حیجاب شتێکە کە شەرعییەت بەهەموو جۆرە تووندوتیژییەک دەدات.

*** واتا ئێوە وەک مافپارێزێکی ژنان لەدژی حیجاب خەبات دەکەن؟**

- من کەسێکی فێمینیست نیم، بۆ من مەسەلە مافی مرۆڤە، ئەمڕۆ لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا قەزیەی پێدۆفیل (واتا منداڵباز) هەیە، مرۆڤ دەبێت بشزانێت کە لە وڵاتە موسوڵمانەکاندا کچێک کە حیجابی کرد، وەک ئامادە بۆ هاوسەرگیری تەماشای دەکرێت، کاتێک کچێکی دوانزە ساڵان وەک (ئامادە بۆ هاوسەرگیری) تەماشا دەکرێت، هیچی تر نییە جگە لە منداڵبازی، هەروەک خەتەنە کردنەکە، ئەوەش کەمی نەخایاند هەتا لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا قەدەغەکرا، ئەو زەمەنەش لەژێر ناونیشانی مافی کلتووریدا بەرگرییان لە کرداری خەتەنە دەکرد.

*** خەتەنەکردن زامێکی جەستەییە، حیجاب پارچەیەک جلوبەرگە؟**

- کتومت پارچەیەک جل نییە، کاتێک کچێک حیجاب دەکـات پێی دەڵێت: تۆ لە ماڵەوە دەمێنیتەوە، تۆ خـاوەنـی هەمان مـاف نیت وەک براکانت، ئـەوە لە دەرون و سێکسوالیتی و شوناسی کۆمەڵگایی ئەو کچەدا ئاسەوارگەلێک لەپاش خۆی بەجێدەهێڵێت، کە بۆ هەتا هەتایە ناسڕێنەوە.

*** ڕەنگە بۆ ئەو کچانە جیاواز بێت کە خۆیان بڕیاری لەسەر دەدەن؟**

- ئەوە دیماگۆژیایە (گەل لێخوڕین، یان فریودان)، لە جەنگی ئێراقدا کچ و کوڕی بچکۆلانە بەویستی خۆیان بازیان دەدا بۆ سەر مینەکان، ئیسلامییەکان وایان لێکردبوون ئەوە بکەن، ئەوکاتیش ئەو منداڵانە دەیانوت: ئەوە بڕیاری خۆمە.

*** ئایا بەوەی کە ئێستا سەرۆک دەوڵەتێک خۆی سەرقاڵی ئەو مەسەلەیە دەکات، ڕەمزەکە مەزنتر نابێت؟**

- سیستمی ئیسلامی ناتوانێت بەبێ بوونی لەچک بوونی هەبێت، بەڵام دەشێت ئیسلام بەبێ بوونی لەچک بوونی هەبێت، بیخەنە پێش چاوتان ژنەکانی سعودیە یان ئێران لەچکەکانیان دانێن، لەوساتە وەختەدا وەک مرۆڤ تەماشا دەکرێن، ئیدی سیستمێکی ئیسلامی بوونی نامێنێت.

*** ئایا ئێوە پشتگیری لەو یاسای قەدەغەکردنی لەچکەیە لە خوێندنگاکان دەکەن کە جاک شیراک پێشنیاری کرد؟ ئایا ئێوە قەدەغەیەکی لەو چەشنەشتان لە ئەڵمانیا بەلاوە پەسەندە؟**

- دەرەنگ یان زوو هیچ چارەیکی تر نامێنێت، ئێستا ئێران داوا لە فەڕەنسا دەکات لە یاساکە پاشگەز بێتەوە، ئەو وڵاتە زاتی ئەوە دەکات بەناوی دیموکراتییەوە قسە بکات، ئەمە ئەو ڕاستییەمان نیشان دەدات کە پەیوەندی نێوان لەچک و ئیسلامیزم چەند گەرموگوڕە.

ئـەوە بۆ مـاوەی بیست ساڵ دەچێت لە ڕۆژئـاوا شالاوێکی ئیسلامی هەیە، بەتایبەتی لە ئەورووپا، لە شەست و حەفتاکاندا کچانی موسوڵمان لەچکیان نەدەبەست، ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ دەیبینین ئەنجامی کرداری ئیسلامییەکانە

*** بەڵام لە وڵاتەکانی ئێمەدا ئیسلام ئایینی زۆرینە نییە، مەترسی ئەوەی کە یاساو ڕێسای ئیسلامی ببێت بە زۆرەملێ بۆ هەموان، نییە؟**

- ئیسلامییەکان زۆر لێزانانە دڵفراوانییەکەی ئەورووپا دەقـۆزنـەوە، هەروەها ئەو وێـڕدان سەرزەنشتکردنەی ئەورووپییەکان بۆ خودی خۆیان لەسەر جەنگی فەڕەنسا جەزائیرو مەسەلەی نازییەکان، ئـەوەی ڕەخنە لە وەحشیگەرایی ئایینێکی تۆتالیتاری بگرێت، ئـەوان دەستبەجێ ناوی (ئیسلاموفۆب)، یان ڕەگەزپەرست و ڕاسیستی لێدەنێن، بەڵام کتومت وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا بەرپرسیارێتییەکی گـەورەی لەسەرشانە، دڵفراوانی ئەڵمانەکان ئیسلامیزمی لە تورکیا بەهێز کردووە.

*** ئێوە کاریگەریی ئەڵمان لەسەر وڵاتی تورکیا زیاد**

- من له ئیستانبوڵ ژیـاوم و دەتوانم پێت بڵێم کە ئیسلامییەکان باش لەوە تێگەیشتوون کە پێویستە لە ناوەوەو دەرەوەی وڵاتەکانی خۆشیان چالاك بن، ئەوان خۆیان بە خاوەن ئەرکێك دەزانـن و پێیانوایە دەبێت ئیسلامیزمێکی جیهانی ڕێکبخەن، لەچکیش ئاڵای سیستمی ئیسلامییە، چونکە توانیویەتی لە ئەڵمانیاو فەرەنسا بڵاوببێتەوە، ئەوا دەشتوانێت لە تورکیاو باکوری ئەفریقاش بەهەمانشێوە بڵاوببێتەوە.

*** ئێوە پێتانوایە قەدەغەکردنی حیجاب ئەرکێکی دیپلۆماسییە، واتا قەدەغەکردنی لەچك وەك سیاسەتێکی دەرەکی؟**

- وەك سیاسەتی ناوخۆش، چونکە ئێستا لە ئەوروپا کێ هـەن قوربانی تووندوتیژی ئیسلامین، کێ هەن هێرش دەکرێتە سەریان لەبەرئەوەی بەپێی بیروباوەڕی ئیسلامییەکان مامەڵەیان ئەخلاقییانە نەبووە، کێ هەیە بە (لەشفرۆش) ناو و ناتۆرەی لێدەنرێت، لەبەرئەوەی لەچك لەسەر ناکات، لێرە لە فەرەنسا کێشك هەیە کە لەسەر ئەوە ئاگریان تێبەردراوە.

*** بەچی مافێك کۆمەڵگایەکی دیموکراتی دەتوانێت ڕەمزێك قەدەغە بکات؟**

- کۆمەڵگایەکی دیموکراتی، ئـازادی تاکەکەسەکان دیاری دەکات، بەڵام لەهەمانکاتدا سنورەکانیشی.

*** ئایا بۆی هەیە لە خوێندنگاکان سیمبۆلی جۆری تریش قەدەغە بکات؟ بۆ نموونە جامانە؟**

- ئەوە بیروڕایە، مرۆڤ دەتوانێت مشتومڕی لەسەر بکات، بەڵام ئایدۆلۆژیا هەیە مشتومڕی لەسەر نییە، یەکێك لەوانە فاشیزمە، یەکێك لەوانە ئیسلامیی تووندڕەو و فوندامێنتالیزمە، خۆ ڕەمزی نازییەکانیش هەر قەدەغەن.

*** زۆرێك خەڵك هەن قەدەغەکردنی حیجابیان بەلاوە تۆلێرانس نییە؟**

- ئەوە هیچ پەیوەندی بە تۆلەرانسەوە نییە، ئەوە خۆ گێلکردنە لە واقیع.

*** ئایا مانای هەیە تەنها بە فشار بەرەنگاری لەچك ببیتەوە؟**

- من دژی پێداگۆجیك نیم، مرۆڤ سەرەتا دەبێت لە خێزانەوە دەستپێبکات، سەرەتا کە ئەوە هیچ سوودێکی نەما، دەبێت پەنا بەریت بۆ یاسا، دەوڵـەت دەبێت پارێزگاری لە منداڵان بکات، چونکە ئەوە ئەرکییەتی.

*** لەم ئانوساتەدا ئەو یاسایە بەشێك لە گەنجەکان تووندڕەو دەکات؟**

- ئەوانە خۆیان هەر بوون بە تووندڕەو، تەنها سیاسەتمەدار هەن نایانەوێت ئەو ڕاستییە ببینن، زۆرینەی ئافرەتانی موسوڵمان نایانەوێت حیجاب بکەن، لەگەڵ ئەو ڕەمزی بەنامۆبوونەدا تێوەگلێن، بەداخەوە ڕۆژنامەنووسان ئەوەیان ناخەنە ژێر باسەوە، من لە فەرەنسا خوێندکاری کچم بینیووە لە مامۆستای خۆی پاڕاوەتەوەو وتویەتی: تکایە لە خوێندنگا ڕێگا بە لەچك مەدەن، ئەگەر ئێوە ڕێی پێبدەن، ئەوا دایك و باوکمان بەسەر ئێمەشیدا دەسەپێنن، ئیسلامییە ڕاستەقینەکان فاشیستن، لەگەڵ ئەواندا بیست ساڵی تر دیموکراتیمان نامێنێت، ئەو ناوکە ڕەقە ئیسلامییە دەبێت لەناوببرێت.

*** بەڵام ئێوە لێرەدا زیادەڕەوی دەکەن؟**

- ئیسلامیزم شتێك نییە پەیوەندی بە یەقینەوە هەبێت، خانمەکەم.

*** ئیسلامیزم چییە؟**

- بریتییە لە بەکارهێنانی دۆگـما ئیسلامییەکان لەسەر ژیانی کۆمەڵگایی و سیاسی و تاکەکەسی هەموو هاووڵاتیەکان، ئایین سیستمێکی تۆتالیتارییە، ئەمڕۆ لە کافتریایەکدا لەگەڵ پیاوێك چایەك بخۆرەوە، دەشێت سبەی بەردباران بکرێیت.

*** چی بەو کچە گەنجانە دەڵێیت کە بۆ مافی حیجابکردن خۆپیشاندان دەکەن؟**

- هەندێك لەوانە ئیسلامییەکان فریویان داون، تەنانەت تیایاندایە خوێندنیشیان تەواو کردووە، دایك و باوکیان لەناو کۆمەڵگادا سوکایەتیان پێکراوەو مەینەتییان بینیووە، من دەمەوێت پێیان بڵێم: هەرگیز مەڵێنەوە، ئەوە حیجابێکی جیاوازە، ئەوە هەمان حیجاب نییە، چونکە ئەوە ڕاست نییە، لەسەر هەموو جیهان هەر هەمان حیجابە.

سەرچاوە:

http://www.taz.de

Chahdortt Djavann

چۆن و بۆچی دروستبوو؟

داعش، سوپا ئینکیشاریە نوێکەی تورکیا

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: هەورامان

IDEA DIPLOMATIC

ماوەی چەند ساڵێکە بەگشتی و چەند مانگێکیشە بەتایبەتی، ناوی « داعش» هەموو جیهانی توشی شۆکێکی گەورە کردووە. دیارە نەك لەبەرئەوەی کە لە مێژوودا مرۆڤایەتی درندەی لەمشێوەیەی بەخۆیەوە نەبینیوە. بەڵکو لە سەدەی نوێدا دەتوانم بڵێم وەحشیگەری لەوشێوەیە کەم رووبداوە. دیارە بۆ ئێمەی کورد بوونی داعش ئاساییە. چونکە پێش داعشیش سوپا درندەکانی تورك و بەعس، ئەنفال و ماڵوێرانیان کردووین

کێشەکە لەوەدایە دیسانەوە ئەم هێزە وەحشییە بەربوەتە گیانی هەموو کوردان چ لە سوریا یان عێراق، بەشێکی زۆر لە چاودێرانیش لەوە تێناگەن ئەم هێزە بۆچی هێندە بە وەحشیگەرییەوە پەلاماری کورد دەدات، هەرئەمەش وای لە زۆرکەس کردووە کە بۆنی رۆڵی نەگریسی دەوڵەتی تورکیا بکات لە دروستکردنی ئەم هێزە وەحشیە.

سەرەتاکانی دروستبوونی داعش

داعش کورتکراوەی ناوی «دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام»ـە، ئەم رێکخراوە لە چاو رێکخراوە ئیسلامییەکانی تر بۆ نموونە ئیخوان موسلمین، مێژوویەکی هێندە درێژی نییە، مێژووی دروستبوونی ئەم رێکخراوە بۆ ساڵانی 2000 دەگەڕێتەوە، بەتایبەتیش بۆ ساڵی 2003، ئەوکاتەی ئەمەریکا عێراقی داگیرکرد، دیارە داعش پێشتر چەند گروپێکی توندڕەوی ئیسلامی بوون، پاشان ساڵی 2013 ناوی خۆیان دەگۆڕن بۆ داعش.

زەرقاوی باوکی رۆحی داعش

ساڵی 2000 جیهادی و سەلەفییەکی توندڕەوی ئوردونی بەناوی « ئەبو مەسعەب زەرقاوی» رێکخراوێکی تیرۆریستی بەناوی «جماعة التوحید و الجهاد» دروستدەکات، ئەندامانی ئەم رێکخراوە بریتیبوون لە سەلەفییە توندڕەوەکانی ئوردون، فەلەستینیەکان و ئەو عەرەبانەی کە لە ئەفغانستان گەڕابوونەوە ئوردون1.

پاش ئەوەی ساڵی 2001 لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە، رێکخراوی قاعیدە لە ئەفغانستان دەردەکرێت، زەرقاوی و هاوڕێکانی لە ئەفغانستان رادەکەن و دێنە کوردستانەوە، پاشتر کەس نازانێت چۆن ئەم پیاوە خۆی گەیاندوەتە ئوردون، جێگەی ئاماژەیە ئەوکاتە لە کوردستاندا لە ناوچەی هەورامان «ئەنسار السنه» هەبوون، کە ئەمانیش رێکخراوێکی تیرۆریستی ئیسلامی بوون، ماوەیەکی زۆر دژی یەکێتیی نیشتمانیی کاری تیرۆریستیان دەکردو نیمچە خەلافەتێکی ئیسلامیان لە هەورامان دامەزراندبوو، ئەم جەماعەتە لەلایەن مەلا کرێکارەوە رابەرایەتی دەکران.

داگیرکردنی عێراق و هەلی زێڕین بۆ زەرقاوی

داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە لە ساڵی 2003 وەکو دیاردەیەکی خودا وابوو بۆ هەموو جیهادیستەکان و دەوڵەتە عەرەبییەکان، جیهادیستەکان لە خوایان دەویست دەستیان بگاتە ئەمەریکییە، تا تۆڵەیان لێبستێننەوە، دەوڵەتە عەرەبییەکانیش بۆ ئەوەی هەرچی جیهادیی و ئیسلامی توندڕەوی خۆیان هەیە فڕێیان بدەنە عێراق، بەمشێوەیە بە بەردێك دوو چۆلەکە دەکوژن، لەلایەك تیرۆریستەکان لە خۆیان دووردەخەنەوە، لەلایەکی تریشەوە ناهێڵن ئەمەریکییەکان بەئاسانی پرۆژەکانی خۆیان لە عێراقدا بچەسپێنن.

زەرقاوی ئەمیری قاعیدە لە عێراق

زەرقاوی و ڕێکخراوەکەی بوونە ئەندامی ڕێکخراوی تیرۆریستی جیهانی « قاعیدە» کە ئەوکاتە ئوسامە بن لادن سەرپەرشتی دەکردو پاشانیش زەواهیری جێگەی گرتەوە، زەرقاوی و ڕێکخراوەکەی وەکو لقێکی قاعیدە، لە عێراقدا دەستیانکرد بە کاری تیرۆریستی و مرۆڤ سەربڕین لەم وڵاتەدا، دیارە زیاتر کارەکانی ئەم ڕێکخراوە دژی خەڵکی سیڤیلی عێراقی بوو تا لەشکری ئەمەریکی.

کوشتنی زەرقاوی 2006

لە ساڵی 2006 زەرقاوی ئەنجومەنی شواری موجاهدین دروستدەکات، ئەم ئەنجومەنە وەکو دەستەیەکی باڵای ئیداری و سیاسی ئەم ڕێکخراوە وابوو، لەهەمان ساڵدا زەرقاوی لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە دەکوژرێت، لەپاش ئەمە ئەنجومەنی شورای موجاهدین ئەبو حەمزە المهاجر وەکو ئەمیر عومەر ئەلبەغدادی وەکو جێگری دادەنێن، پاشتریش ناوی ڕێکخراوەکە بۆ «دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق » دەگۆڕێت.

لە نیسانی ساڵی 2010دا لە هێرشێکی سوپای ئەمەریکادا، لە ماڵێکدا ئەبو حەمزەو عومەر بەغدادی دەکوژرێن، پاش ماوەیەك ئەنجومەنی شورای موجاهدین «ئەبوبەکر بەغدادی» دەکەنە ئەمیری خۆیان، لێرەشەوە مرۆڤایەتی توشی خوێنمژترین مرۆڤی سەدەی نوێ دەبێتەوە.

ئەبوبەکر بەغدادی کێیە؟

ئیبراهیم بن عواد بن ئیبراهیم ئەلبەدری ناسراوە بە (ئەبوبەکر بەغدادی)، لە ساڵی 1971 لە شاری سامەڕا لەدایکبووە، دیارە ئەو چەندین نازناوی هەبووە لەوانە (علی البدری السامرائی، أبو دعا، الدکتور إبراهیم، الکرار)، لە کۆتاییشدا «ئەبوبەکر بەغدادی» لە زانکۆی بەغدا کۆلێژی شەریعەتی ئیسلامی خوێندووەو پاشانیش ماجستێرو دکتۆرای هێناوە، پاشتر وەکو مامۆستایەکی ئایینی و بانگخوازی ئیسلامی کاریکردووە، ئەو لە بنەماڵەیەکی سەلەفی و تەکفیری لەدایکبووە، باوکی «شێخ العواد» کەسێکی سەلەفی و تەکفیری بووە، لەهەمانکاتیشدا یەکێك بووە لە پیاوماقوڵانی عەشیرەتی «البوبدری» مامەکانیشی هەموویان مەلاو داعییەی ئسیلامین و هەڵگری بیری سەلەفی و تەکفیرین2.

کێشەی سوریا

لەپاش ئەوەی لە ساڵی 2011 کە پێیدەوترێت «بەهاری عەرەبی» دروستبوو، هەڵمەتێکی ناڕەزایی جەماوەری لە سوریا دروستبوو، رژێمە دیکتاتۆرییەکەی ئەسەد لەجیاتی وەڵامدانەوەی داواکاری هاوڵاتییانی و وازهێنان لە کورسی دەسەڵات، بەوپەڕی دڕندایەتییەوە پەلاماری خەڵکی سیڤیلی سوریای دا، لەپاش ئەوەش دەوڵەتانی

عێراق دوای داگیرکردنی ئەمەریکا لە ساڵی 2003ـەوە بوەتە مۆڵگەی هەموو گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان، هەرچی بەعسی و عەرەبی سوننەو فاشیست و سەلەفی توندڕەو هەیە، خۆیان خزاندوەتە ژێربناڵی فکری تەکفیری و چەتەگەری داعشەوە

ئیقلیمی لەپێش هەموویانە «تورکیاو دەوڵەتانی کەنداوی فارسی» دەستیانکرد بە یارمەتیدانی گروپە ئیسلامییەکان و ناڕەزاییەکانی سوریا، لەپێش هەموشیانەوە «بەرەی نوسرە، ئەم گروپەش کە لەلایەن سەلەفییەکی توندڕەوی سوریەوە ڕابەری دەکرێت بەناوی «أبو محمد الجولانی» کە کۆمەڵێك کۆمەڵکوژی دژی گەلی کورد لە سوریا ئەنجامداوە.

لە 9ی نیسانی ساڵی 2013 لە شریتێکی تەلەفزیۆنیدا ئەبوبەکر بەغدادی ئیعلانی دروستکردنی «دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام»ی ڕاگەیاندو وتی: ئەم ڕێکخراوە نوێیە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی «دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و بەرەی نوسرە» پێکهات، لێرەشەوە مێژووی خوێناوی داعش

.3

بۆچی داعش دروستبوو

دیارە کۆمەڵێك هۆکاری سیاسی، مێژوویی، کلتووری، ئابووری هەن کە بوونە هۆی دروستبوونی رێکخراوێکی مەرگدۆستی وەکو داعش، لێرەدا هەوڵدەدەین بەکورتی باسی هەندێکیان بکەین.

1. هۆکاری سیاسی

پشێوی سیاسی لە عێراق و سوریا

ئەم دوو دەوڵەتەی رۆژهەڵات، ماوەیەکی زۆرە توشی پشێوی و نائارامییەکی سیاسی بوونەتەوە، عێراق لەپاش داگیرکردنی ئەمەریکا لە ساڵی 2003ـەوە بوەتە مۆڵگەی هەموو گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان، لەلایەکی تریشەوە هەرچی بەعسی و عەرەبی سوننەو فاشیست و سەلەفی توندڕەو هەیە، خۆیان خزاندوەتە ژێربالّی فکری تەکفیری و چەتەگەری داعشەوە، بە واتایەکی تر داعش هەڵگری هەمان بیری ناسیۆنالیزمی توندڕەوی عەرەبی بەعسییە، کە پێشتر دژی مەزهەب و نەتەوە جیاکانی عێراق هەیانبوو.

لە سوریاش ماوەی سێ ساڵە ئەم وڵاتە خۆی لە بەردەم جەنگێکی ناوخۆیی دەبینێتەوە، کە رژێمەکەی ئەسەد بەهیچ شێوەیەك ئامادەنییە واز لە کورسی دەسەڵات بهێنێت، هەر ئەمەش وایکردووە کە ئەم وڵاتە ببێتە مۆڵگەیەکی گەورە بۆ گروپە تیرۆریستییەکانی جیهان.

جەنگی ئیقلیمی نێوان هیلالی شیعی و سوننی

ئەمڕۆ رۆژهەڵات بەسەر دوو جەمسەری دژ بەیەکدا دابەشبووە، جەمسەری شیعی کە بریتییە لە « ئێران، سوریا، عێراق، حزب اللەی لوبنانی، حوسیەکانی یەمەن»، لە بەرامبەریشدا جەمسەری سوننی کە بریتین لە «تورکیا، عەرەبستانی سعودی، کوەیت، قەتەر، ئیمارات و داعش.

دیارە دابەشبوونی رۆژهەڵات بەسەر دوو جەمسەردا کە سیمایەکی مەزهەبی هەیە، وایکردووە ئەم ناوچەیە ببێتە گۆڕەپانی ململانێی مەزهەبی گەورە، کە قەسابخانەیەکی گەورەی بۆ گەلانی رۆژهەڵات دروستکردووە، هەر لایەکی ئەم دوو جەمسەرە بەهەموو شێوەیەك دەیەوێت لاکەی تر بێ هێزو لاواز بکات، بەهیچ شێوەیەك بیر لە ژیان و مالّی خەڵکی ئەم ناوچانە ناکەنەوە، چونکە جەنگەکە لە دەرەوەی مالّی خۆیانە.

جەنگی روسی و ئەمەریکی

دیارە ئەمڕۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جارێکی تر بەسەر هەردوو زلهێزی جیهانی « روسیاو ئەمەریکا» دابەشبووە، ئەم دوو زلهێزەش هەریەکەیان بەهەموو شێوەیەك

گروپی تیرۆریستی داعش باڵاترین فۆرمی درندایەتی پیادە دەکات

پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەن، ڕوسیا پشتگیری هیلالی شیعی دەکات و ئەمەریکاش پشتگیری هیلالی سوننی دەکات، ئەمەش هێندەی تر ناوچەکەی بەرەو پشێوی و ئاڵۆزی گەورە بردووە، کە وایکردووە لەم فەوزا گەورەیەدا هێزێکی وەحشی وەکو داعش پەیدابێت.

داعش یان سوپا ئینکشاریە نوێکەی تورکیا؟

ساڵی 1324 سوڵتان ئورخانی یەکەم کە یەکێکە لە سوڵتانە خوێناوی و درندەکانی عوسمانی، بڕیاری دروستکردنی سوپای «ئینکشاری، واتە سوپای نوێی دا، ئەم سوپایە لەو منداڵە مەسیحییە ئەوروپیانە دروستکران کە سوپای عوسمانی بە زۆر لە باوك و دایکەکانیانی دەڕفاندن و دەیانهێنانە ناو سەربازگەیەکی تایبەتییەوە، کە تەنها کاری کوشتن و جەنگیان پێدەکرا، ئەو منداڵانە تەمەنیان لەنێوان 8 بۆ 10 ساڵان بوو، ئەو منداڵانە لەناو سەربازگەی تایبەتیدا گەورە دەکران، کە تەنها فێری کوشتنی خەڵکی و تاڵانی دەکـران، تەنهاو تەنهاش وەلایـان بۆ سوڵتانی عوسمانی هەبوو، ئەم سوپایە رۆڵێکی ئێجگار گەورەی هەبوو لە پەلاماردان و داگیرکردنی شارو شارۆچکەکانی ئەوروپاو ئاسیا،4 ئەمەش یەکێکە لە داهێنانە جوانەکانی تورك کە پێشکەشی مرۆڤایەتییان کرد.

ئەمڕۆش هەرچەندە سەیری سوپاکەی داعش دەکەم، بیری ئەنکشاریەکان دەکەمەوە، چونکە لەڕووی پێکهاتەو عەقڵیەت و شێوازی شەڕکردنەوە لەیەك دەچن، داعش لە کۆمەڵێك کەسی تووندڕەو شەڕەنگێز پێکهاتووە، کە هەریەکەیان لە وڵاتێکەوە هاتووە، هیچ وەلایەکیان نییە تەنها بۆ خەلیفە نەبێت، کە ئەویش خزمەت بە تورکەکان دەکات، هەربۆیە تورکەکان جارێکی تر توانیان سوپایەکی وەحشی هاوشێوەی ئینکشارییەکان لە کۆمەڵێك جیهادیست دروستبکەن، کە خزمەت بە بەرژوەندییە ئابوری و سیاسییەکانی ئەوان دەکات.

تورکیاو کێشەی کورد

«ئێمە دژی دەوڵەتی کوردین، تەنانەت لە ئەفریقاش بێت».. سەرۆکی پێشوی تورکیا (سلێمان دیمیرێل)

بـۆ هـەمـوو کـەس ئاشکرایە، کـە دەوڵـەتـی تـورك سیاسەتێکی فاشیستانەی بەرامبەر بەهەموو کوردێکی ناوچەکە پەیڕەو دەکات، ئەمڕۆ تورکیا بەهەموو شێوەیەك دژایەتی هەربوونێکی کـوردی دەکـات لە ناوچەکەدا، بەحوکمی ئەوەی فاشیزم مێژوویەکی درێژی لەم وڵاتەدا هەیە، بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت خـۆی لـەو خەونە فاشیستەی دەربکات، تورکیا بەهەموو شێوەیەك پشتگیری داعش و بەرەی نوسرە دەکات بۆ ئەوەی ئەوجۆرە دەسەڵاتە کوردییەی کە لە سوریا هەیە، لەناوی بەرێت، هەروەها وەکو هەڕەشەیەکی گەورەش دژ بە هەرێمی کوردستان بەکاربهێنێت، بوونی دەوڵەتێکی فاشیستی وەکو تورکیا کە ئەمڕۆ گەورەترین یارمەتیدەری ئەم هێزە وەحشییەیە، وایکردووە کە رۆژ لەدوای رۆژ بەهێزتربن.

دیارە تورکیا وڵاتانی کەنداوی فارسی و باکوری ئەفریقا بەکاردەهێنێت لەم سیاسەتە فاشیستیەیدا، دیارە تورکیا تائێستاش لە ژێرەوە ئەم کارە دەکات و تا رادەیەکی باشیش بۆی چوەتە سەر، ئەمڕۆ لە جیهاندا تەنها باسی وڵاتانی کەنداو دەکرێت، بەڵام لەم ماوەیەدا لەلایەن رۆژنامەیەکی کوەیتی-ـەوە ئەوە ئاشکرا بوو کە دەزگای میتی تورکی، لە وڵاتانی کەنداو تیرۆریست و پارە بۆ داعش کۆدەکاتەوە5.

تورکیا لە دروستبوون و گەشەسەندنی داعش، رۆڵێکی ئێجگار گەورەی هەبووە، ئامانجی سەرەکی ئەم سیاسەتەش لەناوبردن و نەهێشتنی دەنگی کوردە لە ناوچەکەدا.

ئەمەریکاو ئەوروپا «ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە»

ئەمڕۆ بۆ هەموو کەس ئاشکرا بووە کە ئەمەریکا رۆڵێکی ئێجگار نێگەتیفی هەبوو لە پێشکەوتن و سەرکەوتنەکانی داعش، ئەگەر ئەوان سەرەتا زوو پەلاماری داعشیان بدایە، ئەوانیش هێندە نەیاندەتوانی هەموو ئەو ناوچانە بگرن، دیارە ئەمەش سیاسەتێکی بۆ داڕێژراوە، بەوشێوەیە نییە کە هەندێك کەس پێیان وایە ئەمەریکا هیچ ستراتیژی لە بەرامبەر داعش نەبووە، بەڵکو ئەوان پشت بە سیاسەتی «فەوزای خەلاق» دەبەستن، کە پێشتر کۆندۆلیزا رایس باسی لێوەکرد.

لەلایەکی تریشەوە چ ئەمەریکاو چ ئـەوروپـا، جەنگەکەیان لە خۆیان دوورخستەوەو هەرچی ئیسلامی

توندڕەوی جیهانە هێناویانەتە ناوچەکەو پەلاماری ناوچەکە دەدەن، پێشتر جۆرج بۆشی کوڕ وتی: «ئێمە توانیمان جەنگی تیرۆریستان بەرینە ناو ماڵی خۆیانەوە».

لەلایەکی تریشەوە هەرچی ئیسلامی سەلەفی و توندڕەوی ئەوروپاو ئەمەریکا هەیە، هەموویان گواستەوە بۆ رۆژهەڵات و لە خۆیان دوورخستنەوە، بەدڵنیاییەوە ئەمەش سیاسەتێکی نەگریسانە بوو، بەڵام بۆ خۆیان سیاسەتێکی حەکیمانە بوو، چونکە بەمشێوەیە توانیان جەنگی سەلەفییە توندڕەوەکانی جیهان لە خۆیان و بەرژەوەندییەکانیان دووربخەنەوە.

2. هۆکاری مێژوویی

دیارە دروستبوونی هێزێکی وەحشی وەکو داعش، شتێکی نامۆ نییە لە مێژووی ناوچەکەدا، چونکە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە درێژایی مێژوو جێگەی تەراتێنی

تورکیا بەهەموو شێوەیەك پشتگیری داعش و بەرەی نوسرە دەکات بۆ ئەوەی ئەوجۆرە دەسەڵاتە کوردییەی کە لە سوریا هەیە، لەناوی بەرێت، هەروەها وەکو هەڕەشەیەکی گەورەش دژ بە هەرێمی کوردستان بەکاربهێنێت

زلهێزو هێزی وەحشی و مەرگدۆستی زۆربـووە، هەر لە هاتنی عەرەب بۆ ناوچەکەو پاشان بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، کە تا رادەیەکی زۆر ئەمڕۆش داعش پشت بەهەمان تێڕوانین دەبەستێت، جگە لەمانیش هاتنی مەغۆل و سەلجوقی لەهەموشی خراپتر تورکە عوسمانییەکان، کە بۆ ماوەی چوارسەد ساڵ بە شێوازی داعش ئاسا ناوچەکەیان بەڕێوەبردووە.

پاشان ئەمڕۆ بەشێکی زۆری ئەو سیاسەتانەی کە داعش دژ بە نەتەوە غەیرە عەرەبە سوننەکانی دەیکات، ماوەیەکی زۆر لە عێراق و تورکیا، دەوڵەتەکان خۆیان پیادەیان دەکرد، عەرەبە سوننەکان جـاران لە رێگەی رژێمی بەعسەوە پەلاماری گەلانی غەیرە عەرەبی و سوننەیان دەدا، ئەمڕۆ لە رێگەی گروپە تیرۆریستەکانی وەکو داعشەوە ئەو کارە دەکەن، بەهەمانشێوەش تورکیا، دیارە تورکیا پێش داعشیش، لە هەشتاو نەوەدەکاندا، هێزێکی وەکو «حزب الله» ی دروستکردبوو، کە زیاتر لە (30) هەزار هاووڵاتی کوردی لەناوبردووە.

هەتاوەکو ئەمڕۆ مێژووی خوێناوی ئەو زلهێزانە لە وڵاتەکانیاندا، بەشانازییەوە باسدەکرێت، هەربۆیە دروستبوونی هێزێکی مەرگدۆست و وەحشی وەکو داعش، کارێکی ئاساییە.

3.هۆکاری کلتووری

دیارە هەمیشە لە دروستبوونی هەر دیاردەیەکدا، تەنها یەك فاکتەر یان دووان هۆکاری سەرەکی نین بۆ ئەم دیاردەیە، بەڵکو کۆمەڵێك فاکتەری تریش هۆکاری گرنگن، لەپێش هەموشیانەوە فاکتەری کلتووری.

دیارە نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کە داعش هەڵگری بیرێکی تەکفیرییە، ئەم بیرەش مێژوویەکی درێژی هەیە، «ابن تیمیه له ساڵی 1263. لەدایکبووەو ساڵی 1388 مردووە»، ئەم پیاوە بە باوکی سەلەفی تووندڕەو دادەنرێت، کتێبەکانی بە سـەرچـاوەی بیری تـونـدڕەوی ئیسلامی دادەنرێت، واتە بیری سەلەفی تووندڕەو، مێژوویەکی ئێجگار درێژتری هەیەو بە شێوەیەکی فکریش تیۆریزەی بۆ کراوە.

وەهابیەتی سعودیە

ئەوەی مێژووی دەوڵەتی سعودیە بخوێنێتەوە، زۆرباش بۆی دەردەکەوێت کە داعش کوڕی شەرعی وەهابیەتی سعودییە، وەهابییەکان و بنەماڵەی «ئال سعود» کاتێك لە سەرەتاکانی سەدەی پێشودا، بەشێکی زۆری نیمچە دوورگەی عەرەبیان داگیرکرد، هەر بەهەمان عەقڵیەت و شێوازی شەڕکردنی داعشەوە ناوچەکانیان داگیرکرد، هەروەك هەندێك سەرچاوەی مێژوویی ئاماژەی پێدەکەن، کە کاتێك ئال سعودو وەهابییەکان وڵاتی « نەجد و حیجاز» یان داگیرکرد، زیاتر لە (100) هەزار کەسیان سەربڕیوە6، سەربڕین و تاڵانکردن و کوشتن، شێوازێکی تایبەتی وەهابییەکان بووە کە ئەمڕۆ داعشیش هەمان شێواز لە

ئیخوان موسلمین

رێکخراوی « ئیخوان موسلمین» کە ساڵی 1928 لە وڵاتی میسر دروستبوو، ئامانجی سەرەکی ئەم رێکخراوە دروستکردنی «خەلافەتی ئیسلامی» بـوو، واتـە بیری گەڕانەوە بۆ دەوڵەتی خەلافەت، مێژوویەکی درێژی هەیە، ئیخوان موسلمین ماوەیەکی زۆرە بوونەتە قوتابخانەیەك بۆ دروستکردنی ئیسلامی توندڕەو و سەلەفی، کە ئەمڕۆ داعشی لێ پەیدا بوو، بەدڵنیاییەوە، داعش بەرهەمی کارو عەقڵیەتی ئیخوان موسلمینە، کە ماوەی سەد ساڵێك دەبێت ناوچەکە بەدەستییەوە گیری خواردووە.

جەنگی شیعەو سوننە

تاوەکو ئەمڕۆش جەنگێکی خوێناوی لەناو هەردوو مەزهەبی سەرەکی ئیسلامدا «شیعە و سوننە» هەیە، ئەمەش مێژوویەکی ئێجگار خوێناویی و قێزەونی هەیە، کە بەداخەوە ئەم مێژووە خوێناوییە لەجیاتی ئەوەی دەوڵەتانی ناوچەکە هەوڵی لابردن و شۆردنەوەی بدەن لەناو مێشکی خەڵکیدا بەتایبەتی گەنجەکان، کەچی بەپێچەوانەوە هێندەی تر بڕەو بەم مەیلی مەزهەبگەرییە دەدرێت بەتایبەتی لەلایەن هەرسێ دەوڵەتی «سعودیەو ئێران و تورکیا»ـەوە، کە ئەمەش زیاتر ئامانجی سیاسی تێدایە تاوەکو ئایینی.

4. هۆکاری ئابووری و نەوت

دیارە جەنگی نێوان ئەم دوو جەمسەرەی رۆژهەڵات، تەنها سیاسی نییە، بەڵکو هۆکارە ئابوورییەکان، داینەمۆی ئەم جەنگەن، تورکیا بەهەموو شێوەیەك دەیەوێت بۆ ئەوەی خۆی بکاتە زلهێزێکی گەورەی ئابوری ناوچەکە، هەوڵی داگیرکردنی بازاڕەکانی ناوچەکە دەدات، بەمەش چەندە ناوچەی نفوزی زیاتربێت، هێندەش بـازاڕی گەورەتر بۆ شـمەکە تورکیەکان دابینەدەکات، کە ئەمڕۆ تورکیا بوەتە هێزێکی تازەپێگەیشتووی ئابوری ناوچەکە، بەهەمانشێوەش سعودیەو ئێرانیش هەمان سیاسەت پەیڕەودەکەن.

نەوت

دیارە نەوت وەکو هەموو کاتێك، رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لـەم جەنگەدا، ئـەوەی سەرنجێکی وردی

دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەت سەرەکیترین ئامانجی گروپی داعشە

ئەو ناوچانە بـدات کە داعـش داگیری کـردوون، بۆی دەردەکەوێت کە بەشێکی زۆریان ناوچەی نەوت و غازن، لێرەدا دیسانەوە تورکەکان گەورەترین سوودمەندن، چونکە ئەوان لە رێگەی داعشەوە نەوتی هەرزان و زۆرجاریش بەلاشیان دەستدەکەوێت، بۆ نموونە ئەمڕۆ نرخی نەوت لە جیهاندا 60 دۆلارە، کەچی داعـش بە 10 دۆلار بە تورکیای دەفرۆشێت، ئەم بازرگانییەش بە شێوەیەکی قاچاخ دەکرێت، بەڵام هەموو جیهانیش ئاگاداره7.

دیارە تورکەکان بەحوکمی ئەوەی خۆیان نەوتیان نییە، بەهەموو شێوەیەك دەیانەوێت دەست بەسەر سامانی نەوت و گازی ناوچەکەدا بگرن، پێشتر حکومەتی هەرێم بە شێوەیەکی زۆر هەرزان نەوتی بە تورکیا دەفرۆشت، بۆ نموونە ئەوان عەقدێکی 50 ساڵەیان بەسەر حکومەتی هەرێمدا سەپاند، کە دەبێت تا 50 ساڵی تر هەر نەوت و گازی کوردستان لە رێگەی ئەوانەوە بێت، کە ئەمەش جۆرە تاڵانییەکی سامانی سروشتی گەلەکەی بوو، چونکە جگەلەوەی کە ئەوان سامانی نەوت و گاز دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، لەهەمانکاتیشدا فرۆشتن و دەرهێنان و تەنانەت پارەکەی کەوتە دەستی دەوڵەتی تورکەوە، بەحکومی بوونی عەقڵیەتی فاشیستییان، کە ناتوانن هیچ کاتێك کورد قبوڵ بکەن، بەمەش رازی نەبوون، هەروەها ئـەوان دەیانەوێت بە هەرزانتر دەستیان بکەوێت، کە ئەمەش داعش بۆیان مسۆگەر دەکات.

5.هۆکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی

فەیلەسوفی نێوداری ئینگلیزی «تۆماس هۆبز» 400 ساڵ لەمەوپێش وتویەتی: «مرۆڤ گورگە بۆ برای خۆی، لەناخی هەموو مرۆڤێکدا هەستێکی شەڕەنگێزو کوشتن و بڕین هەیە، هەروەها هەستێکی زۆر بۆ دەسەڵات و سامانی هەیە8»، بە بڕوای تۆماس هۆبز تاکە چارەسەر بۆ نەهێشتنی ئەم ناخە شەڕەنگێزیەی مرۆڤیش، بوونی دەسەڵاتێکی ناوەندی رەهایە، کە بتوانێت ئاشتی ناوخۆیی بەرقەرار بکات و کۆمەڵگاکان لە ترسی دەرەکی رزگار بکات9.

ئـەوەی کـە ئـەمڕۆ دەیبینین ئـەم ناوچانە هیچ دەسەڵاتێکی ناوەندی تێدا نەماوە، ئەمەش وایکردووە کە هەستی شەڕەنگێزی بەرەوی پێبدرێت و مرۆڤەکان بکرێنە گورگ و پەلاماری خەڵکی تر بدەن.

داعشیش زۆر بە باشی توانیویەتی سوود لەو هەستە شەڕەنگێزی و تاوانکارییەی ناو مرۆڤەکان وەربگرێت و هەموو مرۆڤەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بکاتە گورگ و لە هەموو بەهایەکی مرۆیی بەدووریان بخاتەوە.

پێش کۆتایی

دیارە قسەکردن لە دروستبوونی هێزێکی مەرگدۆستی وەکو داعش، باسی زۆری دەوێت، بەدڵنیاییەوە داعش نەك بۆ ئێمەی کورد، بەڵکو بۆ تەواوی جیهان بوەتە جێگەی مشتومڕو لێکۆڵینەوە، کە لەو بـاوەڕەدام هێشتا زووشە لە داهاتووی ئەم هێزە بکۆڵینەوە، بەڵام ئەوەی کە لێی دڵنیام ئەوەیە کە دروستبوونی ئەم هێزە کارەساتی گەورەتر بەسەر کوردو هەموو جیهانیشدا دەهێنێت.

سەرچاوەکان:

1. http://www.bpb.de Der Islamische Staat im Irak und Syrien (ISIS
2. من هی «داعش»؟ وما هی اهدافها؟ www.alalam.ir
3. هەمان سەرچاوە.
4. فرقه الانکشاریه نشاتها و دورها فی الدوله العثمانیه من خلال المصادر الترکیه/ ترجمه و تالیف سونیا محمد سعید البنا.-- القاهره: ایتراك،٢٠٠٦ . ص518
5. دەڵاڵەکانی میتی تورکی لەکەندراو پارەو تیرۆریست بۆ داعش کۆ دەکەنەوە. سایتی لڤین
6. روبـرت دیرفوس. لعبه الشیطان . دور الولایات المتحده فی نشأه التطرف الاسلامی. ترجمه مراجعه. مصطفی عبدالرزاق. الطبعه الاولی. مرکز دراسات الاسلام و الغرب. سنه 2010
7. کیف یحصل داعش علی الملایین یومیا؟ الإجرام والتهریب وأطراف من دول مثل ترکیا وقطر. سایتی CNN
8. دکتۆر نەبیل عەبدولحەمید. تۆماس هۆبز و رێبازە ئاکاری و رامیاریەکەی. وەرگێڕانی. دکتۆر محەمەد شوانی. چاپی یەکەم. چاپخانەی رۆژهەڵات. هەولێر.2012

ڕێکخراوی تیرۆریستی خۆراسان

شارەزایانی نێودەوڵەتی:
خۆراسان گروپێکی زۆر ترسناکە

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: شاسوار کەمال مەحمود *

IDEA DIPLOMATIC

ڕێکخراوی تیرۆرستی خۆراسان یەکەمجار لە کۆتایی مانگی ئەیلولی 2014دا بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بوو ئەو کاتەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هێرشی مووشەکی کردە سەر مۆڵگەکانی ئەو ڕێکخراوە لە سوریا. بەپێی لێدوانی بەڕێوبەری نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی ئەمەریکا (James Comey)، ئەو گروپە تیرۆریستیە لە کارکردندان بۆ هێرشکردنە سەر ئەمەریکا یاخود هاوپەیمانەکانی لە ماوەیەکی نزیکدا. لەگەڵ ئەوەدا کە زانیاری نوێ دەربارەی ئەم گروپە ئاشکرا دەبێت، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ئەم ڕێکخراوە شتێکی نوێ نییە.

بۆچی پێشتر هیچ لەبارەی ئەم گروپەوە نەبیستراوە؟

ئەم ڕێکخراوە گروپێکی بچووکە، پێدەچێت لە یەک دوو دەرزەن کەس پێکهاتبێت، هەروەها هەتا ئەوکاتەی لە 23ی ئەیلولی 2014 سەرۆکی ئەمەریکا باراك ئۆباما بڕیاریدا هێرشی مووشەکی بکاتە سەری، ئەم گروپە توانیبوویان خۆیان لە رادارەکانی ئەمەریکا بپارێزن. گروپی خۆراسان تویتەر بەکارناهێنێت و بەشداری (یوتیوب)یشیان نییە، هەر بۆیە لەناو ژمارەیەکی زۆر لە گروپە چەکدارەکانی سوریا ئەم ڕێکخراوە ئەستێرەیەکی خامۆش بوو. تەنانەت ئەمرۆش ناوی ڕاستەقینەی ئەو گروپە دیار نییە، خۆراسان ئەو ناوەیە کە بەرپرسانی هەواڵگری لەسەری ڕێککەوتوون. لە بنەڕەتدا خۆراسان ناوی ناوچەیەکە کە چەند بەشێك لە ئەفغانستان و تورکمانستان و ئێران لەخۆ دەگرێت و هەندێك پێیانوایە کە پێغەمبەر محەمەد پێشبینی کردووە سوپایەکی سەرکەوتوو بە ئاڵای ڕەشەوە لەو شوێنەوە پەیدا دەبێت.

ئەوانە کێن؟

وەڵامەکەی بریتیە لە یەك وشە «ئەلقاعیدە». بەپێی ڕاپۆرتەکان (موحسین ئەلفەزلی) ڕابەری ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیە چالاکوانێکی پێشکەوتووی سەر بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بووە و بەپێی زانیارییەکانی بەرپرسانی ئەمەریکا ئەو یەکێك بووە لەو کەسە دەگمەنانەی زانیاری دەربارەی هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر هەبووە پێش ئەنجامدانی. ناوبراو لەلایەن ڕابەری ئەلقاعیدە ئەیمەن زەواهیری لە ساڵی 2013دا ڕەوانەی سوریا کراوە بە ئامانجی کفتوگۆکردن بۆ یەکگرتنی بەرەی نوسرە (ئەلقاعیدەی سوریا) و ڕێکخراوی داعش (ئەلقاعیدەی عێراق)، بەڵام ئەو یەکگرتنە ڕووی نەدا و ئەندامانی ئەلقاعیدەش دابەشبوون بەسەر بەرەی نوسرە و داعشدا.

بۆچی ئەو گروپە لە سوریا چالاکە؟

سوریا شوێنێکی ئارامە بۆ ئەو ڕێکخراوە، لەبەر ئەوەی فڕۆکەکانی ئەمەریکا پاکستانیان کردووە بە مەیدانی جەنگ، بەڵام سوریا ئەو شوێنەیە کە تاماوەیەکی پێشتریش ئیدارەی ئۆباما رازی نەبوو بۆمبارانی بکات. هەروەها لە سوریا ژمارەیەکی زۆر چەکدارانی جیهادی سەر بە وڵاتانی خۆرئاوای لێیە کە لەوانەیە لەلایەن قاعیدەوە ئامادە بکرێن بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆرستی لە وڵاتانی خۆرئاوا کە ئەمە تا ئێستا کاری یەکەمینی ڕێکخراوی قاعیدەیە. لەمبارەیەوە بەرپرسی پێشووی دژە تیرۆری ئەمەریکا رایگەیاند» توانای کارکردن لە شوێنێکی تاڕادەیەك سەلامەت لە ئایندەیەکی دوورمەودا کاریگەری دەکاتە سەر ئێمە»، هەوڕەها ڕاشیگەیاند: « ناتوانم دڵنیابم لەوەی ئەو شوێنە ئارامە چەند ترسناکە».

تا چەند ئەو گروپە ترسناکە؟

خۆراسان گروپێکی «زۆر ترسناکە». ئەمە بۆچوونی شارەزایانە دەربارەی ئەم گروپە. سوریا نەك هەر ناوچەیەکی کارکردنی ئارام بۆ ئەلقاعیدە فەراهەم دەکات کە پێش 11ی سێپتەمبەر لە ئەفغانستان بۆ ئەو ڕێکخراوە

گروپی خۆراسان وەک داعش فۆرمێکی وەحشیگەرانە پەیڕەو دەکات

چەکدارانی ئەلقاعیدە لە رێگەی تورکیاوە بگەنە ئەورووپا. تورکیا رێگەی گواستنەوە و گەیاندنی لۆجیستی بووە بۆ چەکدارانی بیانی تەنانەت پێشئەوەی ئەو وڵاتە چاوەکانی خۆی بنوقێنێت لە چوونە ژوورەوەی چەکدارانی تیرۆریست بۆ سوریا.

بەرپرسانی ئەمەریکا رایانگەیاندووە کە شارەزایانی تەقەمەنی ئەلقاعیدەی یەمەن کارییان بۆ گروپی خۆراسان کردووە تا بتوانن جۆرە بۆمبێك دروستبکەن کە بتوانرێت لە ئاسایشی فڕۆکەخانەکان دەربازی ببێت و ئاشکرا نەبێت. موحسین ئەلفەزلی تۆماری هەیە لە پارەدارکردنی پرۆژەی تیرۆرستی کە لە رێگای دەوڵەمەندەکانی کەنداوەوە باربۆی بەدەستهێناوە.

لە داهاتوودا چی دەبێت؟

ئەگەر ئەو گروپە لە مانگی ئەیلولی ساڵی رابردوودا مووشەکباران نەکرابایا، لەوانەیە هەڵێکی دیکە دروست نەبوایە بۆ ئەو کارە. ئەمەریکیەکان توانستی تاکتیکی لەپڕ و گرتنی هەندێك چەکدار لە دۆڵەکانی سەر سنووری تورکیا و توانستی هەواڵگرییان هەیە لەگەڵ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو کەسانەی بەشداربوون لە دانوستانکانی تایبەت بە دەستبەسەرکراوەکانی پێشوو.

دوور نییە موشەکبارانکردنی زیاتر ببێتە هۆی نزیکخستنەوەی بەرەی نوسرە و گروپی داعش، بەڵام لەگەڵ ئەوەی دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا و ئەلقاعیدە هێزەکانیان لە سنورەکانی پاکستان دوور دەخەنەوە، پێدەچێت سوریا ناوچەی نوێی جەنگی نێوانیان بێت.

*** ماستەر لە زمانی ئینگلیزی**

سەرچاوە:

گۆڤاری (تایم-Time)ی ئەمەریکی - بەرگی 184، ژمارە 15، بەرواری 2014/10/20.لاپەڕە 14

د.جیرۆین گانینگ: پسپۆری ئیسلامگەرا لە زانکۆی (دورهام)ی بەریتانی

ئیسلامی سیاسی هەوێنەکەی عەرەبچێتی و عروبەیە

ئامادەکردنی: باسك
IDEA DIPLOMATIC

جیرۆین گانینگ

د.جیرۆین گانینگ مامۆستای زانکۆ له زانکۆی (دۆرهـایـم)ای بەریتانی و شارەزاو پسپۆرو لێکۆڵەر له سکوڵی کاروباری میری و نێونەتەوەییدا، چەندین توێژینەوەی ئەکادیمی لەبارەی تووندڕەوی و ئیسلام و هەروەها بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ئیسلامییەکان ئەنجامداوە

لە گرنگترین بڵاوکراوەکانی د.جیرۆین گانینگ بریتین لە:

1. حەماس لە سیاسەتدا (دیموکراسی و ئایین و تووندوتیژی) - ساڵی 2007
2. گەل و پرۆتێستکەران و بزووتنەوەکان لە شۆڕشی میسرییەکاندا - 2013
3. قاعیدە لەنێو موسوڵمانانی ئەورووپادا

لەگەڵ چەندین توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەسەر ڕەوتی تووندڕەوی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ناوبراو لە ئێستادا لە سەنتەری توێژینەوەکانی پەیوەست بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک سەرپەرشتیاری چەند تێزێکی دکتۆرا سەرقاڵی کارەکەیەتی، ئەو لە دیدارێکی تایبەت بە گەلێک لە ڕەهەندە زیندووەکان و دەرهاویشتەکانی ئەم شەپۆلە تووندڕەوییەی داعشی لە ناوچەکەدا بەتایبەت لە عێراق و سوریادا وەڵامداوەتەوە:

*** دروستبوونی ڕەوتێکی تووندڕەوی ئیسلامی وەک داعش دەرهاویشتەی چ جۆرە نەزمێکی سیاسییە لە ناوچەکەدا؟**

- داعش و نموونەکانی وەک ئەو وابەستە نین بە ئەدای سیاسی ڕژێمەکانی ناوچەکەوە، بۆ نموونە ڕژێمی ئێستای عێراق یان سوریا، چونکە ئەم شەپۆلە تووندڕەوییە هێندەی لە ئەڵمانیا یان بەریتانیا یان فەڕەنساوە سەرچاوەی گرتووە کە لەنێو موسوڵمانەکانی ئەوێدان، نەک وەک شوناسێکی نەتەوەیی، بەڵکو وەک شوناسێکی ئایینیش پێشوازی لێکراوە، هەرگیز لەنێو موسوڵمانانی کیشوەرە ئیسلامییەکانەوە وەک باوەڕو مەبدەئێک نەناسراوە، گرفتەکە ڕەنگە بەشێکی پەیوەستبێت بە ئەدای ڕژێمە دیسپۆتیزم و تۆتالیتارەکانی ناوچەکەوە، بۆ نموونە لە میسردا هیچ کام لە لایەنەکان چ ئیسلامی و چ لائیکەکان و نیشتیمانییەکان نایانەوێت دانوستان بکەن بۆ بەڕێوەبردنێکی دیموکراسیانە، چونکە بینیمان چۆن ئیخوانەکان تەوژمی ئازادیخوازییان خراپ کەڵک لێوەرگرت، ئەمجۆرە کاردانەوانەش لە بەرامبەر ئیخواندا یان سیاسەتی تائیفی لە عێراقدا هۆیەک بوو تا کاردانەوەکان ئاڕاستەی ئیسلامگەرا تونەکان بە بەدیل بزانن، بە بڕوای ئێمە هزری تووندڕەوی ئیسلامی لەلایەکی تریشەوە بەشێکی پەیوەستە بەو هاوکێشە مەنگۆل و سەقەتەی کە لە سایکس بیکۆوە ناوچەکەی لەسەر بنەمای نەتەوەی زاڵ و سەردەست پارچە پارچە کرد، هەموو ئەو نەتەوانە لەڕووی فەرهەنگی، هۆشیاری، دیموکراسی، پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ئێستاشی لەگەڵدا بێت ناکاملن، هەربۆیە ئاساییە وەک چۆن کەسێکی وەک سەدام، سوود لە بەها سۆسیال نەتەوەییەکان وەردەگرێت و وێنایەکی زبر دەبەخشێتە بندەستکردنی گەلانی تر، بەوجۆرەش کەڵک وەرگرتن لە ئیسلامی سیاسی بە شێوەیەکی قۆناغبەندی ئاساییە

*** ئایا لەپاش ئازادبوونی عێراق پێشبینی رەوتێکی وەك داعش کرابوو؟**

-بەدڵنیاییەوە، ئێمە هەمیشە لە سیمیناریەکانماندا ئەوەمان خستووەتەڕوو، داگیرکردنی عێراق ئەزموونێکی لە دەرهاویشتەکانەوە پێداین، هەروەك ئەو ئەزموونانەی لە رابردوودا هەمانبوو، ئەوە سروشتی گۆڕانکارییەکانە، چونکە زەمەنی سەدام و دوای سەدام جیاواز بوو، گەلێك رەهەندی حوکمڕانی لەڕیشەوە گۆڕان و زیاتر سەردەمی دوای سەدام وەك سەردەمی شۆڕش بوو، ئەوە شتێکی ئاساییە لەدوای شۆڕشەکان رەوشێکی ناجێگیر وڵات ئاڕاستە دەکات، سەدام کارێکی کردبوو بۆ ئەوەی لەپاش خۆی بەدیلەکەی هێزێکی توندی ئیسلامی بێت، ئەوە

لە ئێستادا بەغدا زیاتر نیگەرانی کەرکوکە کە لەدەستی کوردایە، تاوەکو نیگەرانی موسڵ بێت کە لەدەستی داعشدایە، ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت کە لەپێش کێشەی مەزهەبییەوە دەمارگیرییە توندەکانی نەتەوە کاراترن

چەکێکی فرە ستراتیژی بوو کە دەستی بۆ برد، چونکە وەك رۆژ روون بوو کە سەدام حوکمەکەی کۆتایی پێهاتووە، لەبەرئەوە ئێمە لەگەڵ راگەیاندنی نەفیری جیهادی سەدامداو گەرانەوەی بۆ بەها ئیسلامییە توندەکان دژ بە خۆرئاواو هاوپەیمانان ئیتر تێگەیشتین کە سەدام گۆمەکەی باش شڵەقاندووە، چونکە لێرەوە سەدام ئەوینێکی لەنێوان خۆی و سوننەی عێراقیدا هێشتەوە، ئیدی شیعەکان و نەتەوەکانی تری وەك کورد چوونە بەرەی دژ بەو ئەوینەوە، دیارە کە شیمانەکردن بۆ یەکنەگرتنی ئەم پێکهاتانە هەرزوو هەستی پێدەکرا، کەواتە سوننەکانی عێراق هەم شەرعییەتی نەتەوەییان بۆ خۆیان شکاندەوە کە پاشماوەکانی بەعسیان لەگەڵ خۆیاندا گلدابوویەوە، هەم شەرعییەتی ئایینی کە تەواوی موسوڵمانە سوننییەکان کەرەستەی فرەیان لەبەردەستدا بوو تا دژ بە داگیرکاری خۆرئاواو رەوتی شیعەگەرایی کە ئەوان بەگومانن لە بوونی دوژمنایەتییەکی ستراتیژی لەنێوان ئەمەریکاو ئێراندا یان خۆرئاواو شیعەی سیاسیدا.

*** تاچەند دەتوانیت ئاماژە بە مەترسییەکانی داعش بکەیت؟**

- داعش وێنایەکی پراکتیکییە لە تۆڕەمەی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا، ئێمە تائێستا بە شێوەیەکی بڵاو لەڕێی تیۆرییەوە کەرەستەمان هەبووە کە قاعیدە بناسین، بەڵام لەڕووی پراکتیکەوە هێندە کەرەستەمان نەبوو، تاوەکو رووداوی 11ی سێپتەمبەر رووبدا، ئەوان پەرش و بڵاو بوون و بازاڕێك بوون و کڕیارەکان بۆ خۆیان دەچوون بەتەنگییەوە، بۆ نموونە لە باکوری عێراقدا ئیسلامییە تووندڕەوەکان خۆیان پەلی قاعیدەیان گرت و زەمینەکەی ئەوێ بۆ خۆی ساغبوویەوە بۆ کاری تووندڕەوی ئەوان، هەمیشە گروپە بچووکەکان بۆ گەورەکردنی نێوی خۆیان و ترساندنی دەوروبەریان کاریان دەکرد تا بۆ خۆیان وێنای هێزی زەبەلاح و گەورە بە نەیارەکانیان بدەن، بەڵام داعش بڕوای بە پلان و پێناوی تیۆری نییەو هەمیشە تاکتیکییانە مامەڵە دەکات، ئەوان ئێستا نەخشەکانیان بەزووبی و بەکرداری جێبەجێ دەکەن و زوو زوو بڕیارەکان و بەرەکانی فراوانبوونیان دەگۆڕن و زیاتر هاوپەیمانی دەبەستن و زوو هەڵیدەوەشێننەوە، ئەوان مەترسییان پێش ئەوەی بۆ ئەوانەی دەوروبەر بێت بۆ خۆیان مەترسی لە رادەبەدەریان هەیە، هەمیشە بەپێچەوانەی قاعیدەوە زەبرو لێدانەکانیان بۆ نزیکەکانیانە، پێش هەموو ئەوانی تر لە هاوپەیمانەکانیان دەدەن، یەکەم گورزی داعش دژ بە

سوریاو دواتریش دژ بە بەشێك لە سوننەکانی عێراق و لە خاڵی کۆتاییدا شیعەو کوردەکانیشیان کرد بە نیشانە، پێمان وایە لە قۆناغی دواتردا ئەوان هەریەك لە ئێران و تورکیا بەدەرناکەن لەو هاوکێشەیە، لە ئێستادا ئەوان ئەو رابردووەیان لەبیرە چۆن ئێرانییەکان لە سنورەکانیانەوە دەربازی نێوەندی عێراقی کردن، جگە لە ئێران و تورکیا کوێی تر هەیە تا ئەو لێشاوە فرە رەگەزەی قەوقازو ئاسیای ناوەڕاست رابکێشێتە نێو مەیدانەکانی جەنگی عێراق و سوریاوە. من پێم وایە ئەوان وەك داعش مەترسی نین، بەڵکو وەك هزری داعش مەترسیدارن، هزری داعشیش، داعش بۆخۆی خاوەنی نییە، بەڵکو بەگوێرەی زانیارییەکانی ئێمە ئێستا لە سوریادا گروپی سەختگیرتر هەن کە بتوانن شوێنی داعش بگرنەوە، هزری داعش لە مێژووی ئیسلامیدا کۆتایی پێنەهاتووە، بەڵکو بەردەوام بوونی هەبووەو نوێبووەتەوە، دەکرێت بپرسین مەترسی سەلەفییەت لەچیدایە؟ سەلەفییەت کە بـڕوای بە تەرجومەی حەرفی هەبێت بۆ تێکستەکانی قورئان و فەرموودە، تا ئەم هزرە هێنێت کە دەمێنێت ئەوا لە رۆژهەڵاتدا شوێنێك بۆ دیموکراسی نییەو نابێت و ئەوان پێویستە بە زمانی خۆیان وەڵام بدرێنەوە نەك بە زمانی دیموکراسی.

چەکدارە تووندڕەوە بیانیەکان بەشێکی گەورەی هێزی داعش پێکدەهێنن

*** دەکرێت مەترسییەکان بە شێوەی پراکتیك ئاماژە پێبکەیت؟**

مەترسییەکانی داعش تەنها لە سوریاو عێراق نین، بەدەر لە مەترسی داعش مەترسی ولاتانی ناوچەکە کە حساباتی نەیاریەتی خۆیان لەنێوان یەکتر لەو سوریاو عێراقەدا یەکلایی دەکەنەوە، هەروەها ئەوەشمان لەبیر نەچێت داعش لەچاو قاعیدەدا لە مەترسی خستنە سەر بەرژەوەندییەکانی خۆرئاواو ئەمەریکا شوێن دەستی ونە، بەڵام لەبیرمان نەچێت ئەوان هەموو بەرژەوەندییەکی خۆرئاوا ئەوەی هێز بەهێزی ناتۆی بۆ دامەزراوە بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی ناڕاستدا بووەتە جێگەی مەترسی، مەترسی داعش زیاتر بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆرئاوایە لە رۆژهەڵاتی

سەلەفییەت کە بڕوای بە تەرجومەی حەرفی هەبێت بۆ تێکستەکانی قورئان و فەرموودە، تا ئەم هزرە بمێنێت ئەوا لە رۆژهەڵاتدا شوێنێك بۆ دیموکراسی نییەو نابێت و ئەوان پێویستە بە زمانی خۆیان وەڵام بدرێنەوە نەك بە زمانی دیموکراسی

ناوەڕاستدا، هەرچەندە کە خۆرئاواو ئەمەریکا بەگومانن لە نەیارییەتی ئێران، بەڵام ئەوان بۆ خۆیان ئێران پەلدەکێشن بۆ دانوستانەکانی دژ بە داعش و وەختە بڕیار لە بەشداری سەربازی ئێرانیش بدرێت.

*** ئایا رەوتی ئیسلامگەرای شیعە مەترسی تونددڕەوی لێدەکرێت؟**

- بەڵێ، جیاوازییەك نابینین، لەڕاستیدا حزب الله هیچی لە داعش کەمتر نییەو بڕوای بە سنورەکانیش نییە، هەروەك چۆن لە فەلەستین و سوریاو ئێران و عێراقدا بوونی خۆی سەلماندووە، دیارە کە داعش بەشێك لە ئەجێندەاکانی دژ بە تەوژمی شیعەگەرییە لە سوریاو عێراق، داعش هێندەی دژ بە عەلەوییەکانی سەر بە بەشار ئەسەدە نیو هێندە دژ بە سوننە نەبوو، گرفتی ئێمەی خۆرئاوا ستەم و نادادگەرییەکانە، گرفتی هێزە ئایدیۆلۆژییەکانیش کە خۆرئاوایش لێی بێبەش نییە پرسە ئایدیۆلۆژییەکانە، دیارە ئێستا خاڵێك کە خۆرئاوا لەسەری مکوڕە جەختکردنەوەیە لەسەرئەوەی درزی نێوان سیاسییە شیعەو سوننییەکان بەجۆرێك لێنەوێت کە هاوکێشەکە هاوسەنگ بێت، چونکە لەم دووایانەدا دەبینین بەهۆی گەمارۆکانی سەر ئێران و سوریاوە کە باڵی شیعەگەریی ئیسلامی بوون، دەبینین بەتەواوی سوننییەکانی ئیسلامیزمی سوننە زاڵتر دەرکەوتن لێرەوە خۆرئاوا بۆی ڕوونبوەوە کە بوونی رژێمێکی ئیسلامی وەك ئێران چەندە زەرورەو ئەو راستییەش سەلما کە بەڵێ ئێران و خۆرئاوا دوژمانیەتییەکانیان ستراتیژی نییە، تەنانەت دوژمنایەتی ئیسرائیل و ئێران پێمان وانییە دوژمنایەتیەکی ستراتیژیی بێت، تۆ ناتوانیت دوژمنایەتی ئیسرائیل لەگەڵ هاوسێیانێکی سوننی مەزهەبدا کە دوژمنایەتی هەزار ساڵیان لەگەڵ شیعەی سیاسی و هزریدا هەیە دیسانەوە شیعەش بکەیتە دوژمنی ئیسرائیل، گرفتەکە لە مەترسییەکانی شیعەی تونڕەو لەوەدایە کە هاوکێشەکە هاوسەنگ بێت، بۆ نموونە دەسەڵاتی شیعەی ئێرانی بۆ نەتەوەکانی تر جێگەی قبوڵ نییەو هەمووان بندەستن، هەروەك چۆن لە سەردەمی سەدام وەك حوکمی عەرەبی سوننەی قەومی نەتەوەکانی تر بە شیعەو کوردەوە بندەست بوون، کەواتە لەهەر لایەك ئەم تێزو تەیارە مەزهەبی و قەومیانە زاڵبن مایەی مەترسین، ئەوانە هێزی ئایدیۆلۆژین و لە پرەنسیپیاندا خوێندنەوەی دیموکراسی بە مانا خۆرئاواییەکەی ڕەفزەو تەنها وەك میکانیزمی دەسەڵات بەکاریدەهێنن.

*** ئێوە چی لەسەر کوردو بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد دەزانن و چۆن بوونی ئەوان وەك گەلێکی بێ**

- کورد یەکێکە لە نەتەوە دێرینەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ئەمڕۆدا کێشەکەیان بووەتە کێشەیەکی دیاری ناوچەکەو هەموو چارەیەکی دیموکراسیانە بەبێ چارەی کێشەی کورد ئەستەمە، لە ئەمڕۆشدا ئەوان کێشەکەیان تەنها کێشەی وڵاتێك نییە، بەڵکو زیاد لە نەتەوەو وڵاتێك لەوانە عەرەب و تورك و فارس وەك چۆن کوردیان گیرۆدەی سیاسەتەکانیان کردووە، بەڵکو ئارامی ئەوانیش گیرۆدەی ئەو زوڵمەیە کە دەرهەق بە نەتەوەی کورد کراوە، ئیدی نکوڵی کردنی کورد ئاسان نییە، وەك چۆن لە رابردوودا دەیانکرد، بە بڕوای من یەکێك لە هەڵە ستراتیژییەکانی ئەمەریکا کە کردی بۆ روخانی سەدام بریتیبوو لەوەی کە چارەی دۆزی کوردی پێیە، لەکاتێکدا چارەی سەرەکی دۆزی کوردی نەکرد کە لە تورکیادایە، بەڵکو تورکیای لەمیانی پرۆسەی چاکسازی رۆژهەڵاتدا بەهێزتر کردو زیاد لە تورکیایش ئینکاری بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی کرد، لە ئێستاشدا خۆرئاواو ئەمەریکا دەکەونە هەڵەوە ئەگەر وابزانن گرفتەکە تەنها گرفتی ئایدیۆلۆژیای دینییەو پەیوەستە بە شیعەو سوننەوە، چونکە وادەزانین بەشێك لە هۆیەکانی سستکردنی ئیسلامی جیهادی کە خۆرئاوا پەیڕەوی دەکات هەستانەوەی شیعەگەراکانە لە بەرامبەریان، لێرەشدا کێشە نەتەوەییەکانی کورد دیسانەوە بندەست دەبنەوە کە ئەسڵی ململانێکانی رۆژهەڵات بەشێکی تۆکمەی لە کوردەوە چارەی بۆ دەدۆزرێتەوە.

*** چۆن دەڕوانیتە روبەڕووبونەوەی کوردان، بۆ پرسی تیرۆرو وەستانەوەیان دژ بە داعش؟**

- بە بڕوای ئێمە کورد نەدەبوو بەو سانایی بچێتە ژێر باری جەنگێکی لەوجۆرە، کورد دەبوو سیاسییانەتر واقیعەکە بخوێنێتەوەو لە پێناو قازانجێکدا ئەو ئەرکە قورسەی بخستایەتە سەرخۆی، پێمان وایە لە ئێستادا بەغدا زیاتر نیگەرانی کەرکوکە کە لەدەستی کوردایە، تاوەکو نیگەرانی موسڵ بێت کە لەدەستی داعشدایە، ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت کە لەپێش کێشەی مەزهەبییەوە دەمارگیرییە تونەدەکانی نەتەوە کاراترن، هەرچەند بۆ نێوبانگی کوردان ئەم جەنگە رەوایە وێنەیەکی جوانی بەخشیوەتە کوردان، بەڵام لەڕووی سیاسییەوە دەبێت بزانین کە کورد هێشتا کێشە سەرەکییەکانی ماون کە کێشەی ناوچە دابڕاوەکانییەتی.

*** ئایا کورد دەتوانێت وەك هاوپەیمانێکی خۆرئاواو پرسی دیموکراسی چاوی لێبکرێت؟**

- دیارە راستییەك هەیە کە دەبێت بیزانین ئەویش ئەوەیە کە کورد نەتەوەیەکی ناعەرەبەو کێشەکانی ئەمڕۆی ناوچەکەش کێشەی نەتەوەیی و ئایینین، چونکە ئەگەر ئەو کێشانە نەبن سازان بۆ دیموکراسی پرسێکی ئەهوەنترە، کێشە سەرەکییەکە کە قسەی لەسەر دەکەین ئیسلامی سیاسییە، ئیسلامی سیاسی لەنێو نەتەوەی ناعەرەبدا مەحاڵە شوێنی بێتەوە، چونکە ئیسلامی سیاسی هەوێنەکەی عەرەبچییەتی و عروبەیە، ئەوەی لە ئێراندا کاری لەسەر دەکرێت ئیسلامێکی تر تا رادەی ئایینێکی تری جیاواز کە ناوی شیعەیەو بەرنامەی نەتەوایەتی فارسی بەسەردا زاڵە، ئەوەش نکوڵی لێناکرێت، کەواتە کورد رزگاری بووە لە پرەنسیپێك کە بڕوای بە دیموکراسی نییە، لێرەوە بەڵگەیەکی فرەباشمان لەبەردەستدایە کە متمانە لای خۆرئاواییەکان دروست بکەین، دیارە بۆ خۆرئاواش پشتیوانی سەراحەتی کورد ساناو ساکار نییە، چونکە تورکیا لە نێوەندەکەدا هەیە، هەنگاوەکان دەبێت کورد بۆ خۆی بیانێت، راستە خۆرئاوا سەدامی لابردو کورد رزگاری بوو، بەڵام ئەم بارانە لە هەموو شوێنێك ناباریت، بەنیسبەت کوردانی تورکیاوە پێویستە چاوەڕێی فریادڕەس نەبن و بۆ خۆیان فریادڕەس بن.

داعش شکستیهێناوە لە رازیکردنی بانگخوازە جیهادییەکان بە شەرعیەتی راگەیاندنی خەلافەت

ململانێ لەسەر سەرکردایەتیکردنی بەرەی جیهادیی جیهانی لەنێوان «داعش - قاعیدە» بەهێزە

نوسینی: محەمەد بەسیونی
IDEA

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: مەم پیرەمەگرون
IDEA

چەند دەیەیەك بەسەر جەنگی سۆڤیەت و ئەفغانستان و دەرئەنجامەکانی تێپەڕیوە، لەپاڵ پێگەیینی بیرۆکەی دروستبوونی ڕێکخراوی قاعیدەدا، پاشان ئەو شەڕەی ئێستای سوریامان بینی کە بۆمان دەسەلمێنێت مێژوو قابیلی دووبارە بوونەوەیە، چونکە ماوەی دابڕینی نێوان هەردوو ڕووداوەکە لەڕووی سیناریۆکان و دەرهاویشتەکانیانەوە لێکدەچن

محەمەد بەسیونی

هەر یەکێك لەو جەنگانە ڕێکخراوێکی تایبەت بە خۆیان بەرهەمهێناوە، لەکاتێکدا کە جەنگی ئەفغانستان، ڕێکخراوی قاعیدەی بەرهەمهێنا، بەڵام جەنگی سوریا چەند ڕێکخراوێکی جیهادیی لە شێوەی ڕێکخراوی «داعش»ی بەرهەمهێناوە، بەڵام ئەم لێکچوونە مێژووییە واتای پێکهاتن و ڕێککەوتن نابەخشێت، بەڵکو جۆرێکە لە ململانێی نێوان ئێستاو ڕابردوو، ململانێیەك لەنێوان ڕێکخراوێك کە بوون و شەرعیەتی جیهادیی مێژوویی خۆی هەیەو ڕێکخراوێکی تر کە هێشتا لە قۆناغی قۆزاخەو دامەزراندندایەو خاوەنی روئیایەکی ڕادیکاڵی وابەستەیە بە حەزەکانی دەسەڵات و ڕابەرایەتی و لەناوبردنی ڕێکخراوە کۆنەکە (قاعیدە) و دەستگرتن بەسەر چاوگەکانی هێزو پێگەکەی.

پاڵپشت بەم لێکچواندنە دژبەیەك و کێبڕکێ بەرجەستە بووە لەنێوان ڕێکخراوی قاعیدەو ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی «داعش»، نوسەر (جی.ئێم بێرگەر) لە وتارێکدا لەژێر ناونیشانی «دەوڵەتی ئیسلامی لەدژی قاعیدە: کێ شەڕەکە دەباتەوە بۆ ئەوەی ببێتە زلهێزی جیهادیی؟»، کە لە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی گۆڤاری (سیاسەتی دەرەوە) دا بڵاوکراوەتەوە، باسی هەوڵ و خواستەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی «داعش» دەکات بۆ دەستبەسەرداگرتن و ڕابەرایەتیکردنی مەنزومەی جیهادیی جیهانی، هەروەها باسی ئەو چۆنێتییە دەکات کە داعش بەهۆی ئەو خواست و حەزانەیەوە کاردەکاتە سەر شەرعیەتبوونی ڕێکخراوی قاعیدەو سنورەکانی ئەو کاریگەرێتییە تا چەندە.

داعش بەدوای هاوپەیماندا دەگەڕێت

دەیەی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، ماوەیەکی گرنگ بوو لە مێژووی بزووتنەوەی جیهادیی جیهانیدا، چونکە لەو ماوەیەدا جەنگی ئەفغانستان ژینگەیەکی لەبارو گونجاوی پێکهێنا بۆ هەڵکشانی چەند بزووتنەوەیەکی جیهادی هەرێمیی کە لەنێوان خۆیاندا یەکیانگرت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی سۆڤیەتی جاران، لەم چوارچێوە مێژووییەدا، ناوی ئوسامە بن لادن دەرکەوت وەکو سیمبولی بزووتنەوەیەکی جیهادی تازە هاتە ناو ناوانەوە، هەرچەندە ئەو دەرهاویشتانە بە شێوەیەکی پراکتیکی نەبوونە هۆی دامەزراندنی یەك بزووتنەوەی جیهادیی یەکگرتوو لەژێر ئاڵای ڕێکخراوی قاعیدەدا، بەڵکو لەو سەردەمەدا ژمارەیەك ڕێکخراوی جیهادیی ئیسلامی هەبوون و ئێستاش ماون و پارێزگارییان لە سەربەخۆیی خۆیان کردووە دوور لە ڕێکخراوی قاعیدە، کە لەوکاتەدا سەر بە بزووتنەوەی تاڵیبان بوو، چونکە ئوسامە بن لادن سەرۆکی پێشوی قاعیدە سوێندی خواردبوو لەسەر نیشاندانی وەفاداری بۆ «مەلا عومەر» سەرۆکی بزووتنەوەی تاڵیبان.

ئەم دۆخە نیمچە سەربەخۆییەی ڕێکخراوە جیهادییەکان بەردەوام بوو تاکو ڕووداوەکانی 11ی سێپتەمبەری 2001، بەڵام دوای ئەوە بزووتنەوەی جیهادیی جیهانی بەسەر دوو کۆمەڵەی سەرەکیدا دابەشبوو، یەکێکیان بریتیبوو لە ڕێکخراوی قاعیدەو هەموو ئەو تۆڕو

سەرکردایەتی (ئوسامە بن لادن)دا کاریان دەکرد، دوای ئەویش لەژێر سەرکردایەتی ئەیمەن زەواهیری، گرنگترینی ئەو رێکخراوانەی سەر بە قاعیدە بوون بریتیبوون لە: (رێکخراوی قاعیدە لە نیمچە دورگەی عەرەبی) کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە یەمەن بوون، هەروەها (قاعیدە لە مەغریبی ئیسلامی) کە سنوری چالاکییەکانی باکوری ئەفریقایە، بزووتنەوەی گەنجان لە سۆماڵ، ئێستاش (بەرەی نوسرە) لە سوریا.

کۆمەڵەی دووەم بریتیبوو لە ئاوێتەیەک لەو رێکخراوە پەرشوبڵاوانەی کە خاوەنی جۆرێک لە سەربەخۆیی بوون لە دەرەوەی بازنەی تۆڕی رێکخراوی قاعیدە، ئەگەرچی ئەوە رێگر نەبوو لە بەردەم بوونی پەیوەندی و هاریکاری و لێکنزیک بوونەوەیان لەگەڵ قاعیدە، رێکخراوی قاعیدە بەو تۆڕە بەربڵاوەیەوە، وەکو نوێنەری راستەقینەو سەرەکی بیری جیهادیی جیهانی مایەوە، راستە کە قاعیدە روبەڕووی زۆرێک گوشار بوەتەوە، بەڵام لە فۆرمی گشتیدا هەمووی گوشاری دەرەکی بوون لەلایەن حکومەتەکانی خۆرئاواو لایەنەکانی تـرەوە، بەمشێوەیە قۆناغەکە بە هەموو دەرهاویشتەکانیەوە بووە روانگەیەکی جیاواز بۆ قاعیدە، بەوهۆیەشەوە ئەو رێکخراوە کەوتە بەرامبەر روبەڕووبونەوەی چەندین ئاستەنگی هەڵکەوتوو لەناو خودی مەنزومەی جیهادیدا، بەتایبەتی لەگەڵ دەرکەوتنی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، کە دواتر ناوی خۆی گۆڕی بۆ دەوڵەتی ئیسلامی لە ئەنجامی قوڵبوونەوەی ململانێ و ناکۆکییەکان لە سوریا.

بێرگەر ئـامـاژەی بۆ ئـەوەشـکـردووە کە دیـاردەی دەوڵەتی ئیسلامی، هاوکات لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی رووبەرێکی زۆری خاکی عێراق و دامەزراندنی خەلافەت و خۆبەخاوەنکردنی موسوڵمانان لە سەرتاسەری جیهان، زیاتر دەنگیدایەوەو بووە جێگەی هەڵوەستەکردن و گرنگیپێدانی زۆر، جگە لەوەش ئەبوبەکر بەغدادی سەرۆکی رێکخراوی داعش کە خۆی بە خەلیفەی ئیماندارانی ناساندووە، داوای لە سەرجەم بزووتنەوە جیهادییەکانی تر کرد بێنە ناو رێکخراوی داعش و بەیعەتی پێبدەن، بەغدادی بەم هەوڵەی دەیەوێت شەرعیەتێکی نوێ بۆ خۆی بەدەستبهێنێت کە لە پێگەو پایەی رێکخراوی قاعیدە کەمبکاتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەی ئەم هەوڵانە تائێستا هیچ ئەنجامێکی گەورەیان لێ نەکەوتوەتەوە، بەڵام لەلایەن هەندێك ناوەندی جیهادییەوە کە کەوتونەتە سنوری ناوچەی پێگەو دەسەڵاتی رێکخراوی قاعیدەوە، رەواجی هەیەو گرنگی پێدەدرێت، دەکرێت ئەو گرنگیپێدانە بە هەوڵەکانی داعش لە (3) بەرەی سەرەکیدا پۆلێن بکەین:

1. بەرەی عەرەبی - ئەفریقا:

بە رای بێرگەر، ئەم بەرەیە پێکهاتەو سەرچاوەکانی ناو رێکخراوی قاعیدە لە خۆرئاوای عەرەبی دەگرێتەخۆ، ئـەوانـەی کـە لـە رێـگـەی تـۆڕەکـانـی سۆشیال میدیاو ئینتەرنێتەوە پشتیوانی و هاوسۆزی خۆیان بۆ رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) راگەیاند، لەنێو ئەو نموونانەی تر کە لەم بەرەیەدا ئاماژەیان پێکراوە ناوی پیاوی ئایینی دیارو سەرکردە لە رێکخراوی قاعیدەی خۆرئاوای عەرەبی (مەئمون حاتم) هاتووە کە بە شێوەیەکی راشکاوانە پاڵپشتی خۆی بۆ داعـش راگەیاند، هەروەها رێکخراوی داعش لەناو کەرتی غەززە لایەنگری هەیە کە فەزای پەیوەندی ئەلیکترۆنیان خستوەتەگەڕ بۆ پشتیوانیکردنی بیرۆکەی خەلافەتی ئیسلامی.

هاوتا لەگەڵ هەبوونی ئەو پاڵپشتی و لایەنگیرییە راگەیەنراوەدا، چەند رێکخراوێکی تریش کە زیاتر مەیل و هاوسۆزییان بۆ رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی هەیە، بێ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕەسمی و راشکاوانە لایەنگرییان بۆ داعش ئاشکرا بکەن، یان بەیعەت بدەنە ئەو خەلافەتەی کە رایگەیاندووە، لەنێو ئەو رێکخراوانەدا، رێکخراوی (انصار الشریعه) لە تونس، رێکخراوی (انصار بیت المقدس) لە میسر کە پەیڕەوی هەندێك کارو کردەوەکانی داعش دەکات، بەتایبەتی لەو بابەتانەدا کە پەیوەندیدارن بە وێنەگرتنی ئەو چالاکی و کردەوانەی کە ئەنجامیان دەدەن و دواتر لە تۆڕی ئینتەرنێت بڵاویان دەکەنەوە، هەروەها رێکخراوی (بۆکۆ حەرام) لە نێجیریا نموونەیەکی تر پێکدەهێنێت لەنێو ئەو رێکخراوانەدا کە پشتیوان و هاوسۆزی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)ن، بۆکۆ حەرام دەستی بەسەر بەشێك

لە خاکی وڵاتی نێجیریادا گرتووەو وەکو رێکخراوی داعش خەلافەتی ئیسلامی راگەیاندووە.

2. بەرەی ئاسیا:

بـەرەی کیشوەری ئاسیا بە سەرچاوەیەکی گرنگی پشتیوانی و هاوسۆزی رێکخراوی داعش دادەنرێت کە لەلایەن گروپە جیهادییەکانی پاکستان و ئەفغانستان پشتیوانی لێدەکرێت، ئەو پشتیوانییەی گروپ و رێکخراوە جیهادییە لاوەکییەکان درێژدەبێتەوە تاکو ئەندەنوسیاو مالیزیاو فلیپین، لەپاڵ هەندێك گروپی تری سەر بە گروپی ئەبو سەییاف کە ناسراوە بە پەیوەندی و وابەستەیی پتەوی لەگەڵ رێکخراوی قاعیدە، ئەمە سـەرەڕای ئەو گرنگییە سیمبولیەی کە رێکخراوی داعش لەلای (ئەبوبەکر باعشیر) پەیدای کردووە، کە یەکێکە لە کەسایەتییە مێژوونییەکانی بزووتنەوەی جیهادی لە وڵاتی ئەندەنوسیاو پەیوەندی باشی لەگەڵ قاعیدە هەبوو، ئێستاش لە ئەندەنوسیا زیندانی کـراوە، راگەیاندنی پشتیوانیکردنی داعش و ئەبوبەکر بەغدادی رابـەری لەلایەن (باعشیر)ـەوە، پاڵپشتییەکی گەورەتر بەو رێکخراوە تیرۆریستییە دەبەخشێت.

3. بەرەی خۆرئاوا:

بێرگەر گریمانەی ئەوە دەکات کە جیهانی خۆرئاوایی دەکرێت ببێتە فەزایەکی گرنگ بۆ پشتیوانیکردن و گەشەکردنی شەرعیەتی جیهادیی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی «داعش»، لێرەوە ناوی دوو رێکخراوی سەرەکی دەردەکەوێت، یەکەمیان رێکخراوی (التوحید)ـە کە لەلایەن عەبدوڵڵا فەیسەڵ سەرکردایەتی دەکرێت کە بە ڕەچەڵەك جامایکییەو خاوەنی تۆمارێکی مێژوونییە لە پەیوەندی بە بیروڕاکانی قاعیدەو بانگەواز کردن بۆ ئەو بیروڕایانە لە رێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە بەدرێژایی چەندین ساڵ (لە رێگەی وانەی تۆمارکراوی دەنگی، یان لە کۆڕبەندی پاڵتوك) ـەوە.

لەدوای راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لەلایەن ئەبوبەکر بەغدادی-ـەوە لە مانگی حوزەیرانی 2014دا عەبدوڵڵا فەیسەڵ هاوسۆزی و پاڵپشتی خۆی بۆ ئەو رێکخراوە دووپاتکردەوە، رێکخراوی دووەم (جماعه المهاجرین)ـە کە لەلایەن پیاوی ئایینی بە ڕەگەز بەریتانی (ئەنجوم شۆدری) رابەرایەتی دەکرێت، سەرەڕای قەدەغەکردنی کاری ئەو رێکخراوە لەناو بەریتانیا، بەڵام بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ناردنی ئەندامە بەریتانییەکان بۆ شەڕکردن لەناو ریزەکانی داعشدا لە سوریاو عێراق، سەرباری ئەو پشتیوانییە رێکخراوەییە، دەوڵەتی ئیسلامی هاوکاری فیکریش دەکرێت لەلایەن ژمارەیەك لە بانگخوازانی خۆرئاوایی وەك (موسا سیرانتۆبیۆ)ی بەڕەگەز ئوستورالی و (ئەحمەد موسا جبریل) ی بەڕەگەز ئەمەریکی.

ململانێی رابەرایەتیکردنی مەنزومەی جیهاد

رێکخراوی قاعیدە لە مـاوەی دەیەکانی رابـردوو روبەڕووی زۆرێك هەڕەشەو ئاستەنگ بووەوە، بەڵام توانی بەردەوام بێت، بەتایبەتی لە سایەی ژینگەیەکی هەرێمیی

> **بەرەی کیشوەری ئاسیا بە سەرچاوەیەکی گرنگی پشتیوانی و هاوسۆزی رێکخراوی داعش دادەنرێت کە لەلایەن گروپە جیهادییەکانی پاکستان و ئەفغانستان پشتیوانی لێدەکرێت درێژدەبێتەوە تاکو ئەندەنوسیاو مالیزیاو فلیپین**

و نێودەوڵەتی ژەهراویبوو بە ناکۆکی و ململانێکان، ئەو بەردەوامبوونە هۆکارێك بوو بۆ زیندوبوونەوەی بیری قاعیدە، لەکاتێکدا کە پێشبینییەکان سەبارەت بە ئاوابوون و کۆتاییهاتنی قاعیدەو پووکانەوەی بیروڕاکەی، لە گەشەکردندا بوو، لە سایەی ئەو هاوکێشەیەی ئێستادا کە هاوکاتە لەگەڵ فراوانبوونی پێگەی رێکخراوی داعـش، دۆخەکە زیاتر ئاڵۆز بووەو کەوتوەتە چوارچێوەی هاوکێشەیەکەوە کە پێشبینیکردنی دەرئەنجامەکانی کارێکی قورسە، رێکخراوی قاعیدە بۆ مانەوەو بەردەوامبوونی لە بەرامبەر دەوڵەتی ئیسلامی «داعش»دا، پشت بە هەردوو فاکتەری (بەیعەت) و (کۆمەکی جیهانی) دەبەستێت.

رێکخراوی قاعیدەدا هێزێکی کاریزمایی بەدەستهێناوە، چونکە سەرکردەکانی لقەکانی تـری رێکخراوەکە بە شێوەیەکی شەخسی بەیعەت دەدەنە رابەری رێکخراوی قاعیدە، ئەو موبایەعەتکردنە مانای لایەنگریکردنی رەهای پەیکەری رێکخراوەیی قاعیدە دەگەیەنێت، لەلایەکی تریشەوە تۆڕەکانی کۆمەکی دارایی جیهانی، بەتایبەتی ئەوانەی کۆمەکی جیهاد لەناو سوریا دەکەن، سەرچاوەیەکی گرنگە لەناو هاوکێشەی ململانێکانی نێوان قاعیدەو رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی «داعـش»، حاڵی حازر ئەو تۆڕانە زیاتر بە قاعیدەوە پەیوەستن و لەبەر چەند هۆکارێك دەوڵەتی ئیسلامی ڕەتدەکەنەوە، گرنگترینیان بریتییە لە پەسەند نەکردنی بیرە زۆر رادیکاڵی و خوێناوییەکانی داعش.

بـە بـۆچـوونـی بـێـرگـەر، داعـش شکستیهێناوە لە رازیکردنی زاناکان و بانگخوازە جیهادییەکان و ڕەوتی

ئەبوبەکر بەغدادی سەرۆکی رێکخراوی داعش کە خۆی بە خەلیفەی ئیمانداران ناساندووە، داوای لە سەرجەم بزووتنەوە جیهادییەکانی تر کرد بێنە ناو رێکخراوی داعش و بەیعەتی پێبدەن

سەرەکی موسوڵمانان بە هەبوونی شەرعیەتی ئایینی کە لە ڕاگەیاندنی خەلافەتدا پشتی پێبەستووە، دوور لە حسابات‌ەکانی رێکخراوی قاعیدە، بەڵام پارێزگاریکردنی لە پێگە مێژوویی‌ەکەی و شەرعیەتی جیهادیی لە بەرامبەر داعش، لەسەری تاپۆیە لەبەر چەند فاکتەرێك:

1. ئـەو پێودانگەی کە پێدەچێت لێکترازان و جیابوونەوەکان لەناو مەنزومەی جیهادیی جیهانی پێی دەگـات، ئەیمەن زەواهیری ڕابـەری قاعیدە لە بەهاری 2014دا ڕەتکردنەوەی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی «داعش»ی ڕاگەیاندو خۆی لێ بێبەری کرد، بەتایبەتی کە ئەو رێکخراوە تازە دامەزراوە، خۆی لە قاعیدە دوورخستەوەو لەگەڵی کەوتە بەرکەوتن و ململانێ، بۆ ئموونە (ململانێکانی نێوان داعش و بەرەی نوسرەی سەر بە قاعیدە لە سوریا).

لەوکاتەوە رێکخراوی قاعیدە نیگەرانی خۆی ناشارێتەوە لە بەرامبەر ئەوەدا کە دابڕان و جیابوونەوەی گەورە لەناو بزووتنەوەی جیهادی ڕووبەدات کە هۆکارێکە بۆ لەباربردنی ئەو مەنزومە جیهانییەی تایبەتە بە قاعیدە، لەم ڕوانگەیەوە ئەزموونی دەوڵەتی ئیسلامی و مـەودای سەرکەوتنی لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا، فاکتەرە پێشبینی کراوەکەیە بۆ ڕوودانی لێکترازان و دابڕان لە نێوانیاندا.

2. بەردەوامی کێشەو گرفتە ناوخۆییەکانی رێکخراوی قاعیدە کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، چەندین کێشەی ڕاستەقینە لەناو ریزەکانی ئەو رێکخراوەدا سەریانهەڵداوەو وزەو تواناکانی لە رێکخستنی سەرکردایەتیکردن و کۆنترۆڵکردنی ئەو کێشەو گرفتانەدا کەمبوەتەوە، بەتایبەتی لە سایەی دۆخـی لەدەستدانی سەرکردەی کاریزمایی ئوسامە بن لادن، ئموونەیەکی تریش لەسەر لاوازبوونی سەرکردایەتی قاعیدە بریتییە لە ڕوودانی کوشتاری ناوخۆیی لە بزووتنەوەی گەنجانی سوماڵ لە ساڵی ڕابردوو، هەروەها جیابوونەوەی موختار بلموختار لە رێکخراوی قاعیدەی خۆرئاوای ئیسلامی.

3. ئـەو وێنا زیهنیەی کـە بـۆی هەیە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بەرجەستە ببێت لە ئەنجامی بەراوردکاریی نێوان قاعیدەو دەوڵـەتـی ئیسلامی «داعـش»، چونکە ئەو بەراوردکارییە پێناچێت لە بەرژەوەندی قاعیدەدا بێتەوە، لەبەرئەوەی ئەیمەن زەواهیری لەم ساتەوەختەدا بە شێوەیەکی لاوازتـر لە ئەبوبەکر بەغدادی ڕکابەری دەردەکەوێت کە پێگەو ناوبانگی لە فراوانبووندایە، شەڕ بەرپا دەکات، دەیەوێت دەوڵەتە تایبەتیەکەی داهەزرێنێت تا ئاستێك کە بووەتە مایەی نیگەرانی بۆ ئەمەریکاو هەموو دەوڵەتانی خۆرئاوا.

درێژەکێشانی بارودۆخەکە بەو ئاڕاستەیەی ئێستا وا دەکات رێکخراوی قاعیدە بکەوێتە گێژاوی تەڵەزگەیەکی ڕاستەقینەوە کە قورسە بۆ زەواهیری و ئەو کەسەش کە جێگەی دەگرێتەوە بتوانن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

سەرچاوە:

http://www.siyassa.org.eg/Index.aspx

ناوی گرنگترین ئەو گروپە جیهادی و تیرۆریستییانەی بەیعەتیان بە داعش داوە

رێکخراوی (ئەنسارولئیسلام)ی کوردی لە کوردستانی عێراق.

گروپی (جند الحق)ی سەر بە بـەرەی نوسرە لە 23ی حوزەیرانی 2013 بەیعەتی بە داعش داوە، هەرچەندە بەرەی نوسرە لەگەڵی لە شەڕدایە.

گروپی (الاحرار) کە گروپێکی هەڵگەڕاوەیە لە بزووتنەوەی تالیبانی پاکستان.

گروپی جیهادیی (عقبە بن نافع) باڵی سەربازی رێکخراوی (انصار الشریعە)ی تیرۆریستی بە سەرۆکایەتی ئەبو عەریاز لە 16ی ئەیلولی 2014 بەیعەتی بۆ داعش راگەیاند.

گروپی (جند الخلافە)ی جیهادی لە 15ی ئەیلولی 2014 بەیعەتی بۆ داعش راگەیاند.

گروپی (انصار بیت المقدس) ی تیرۆریستی لە میسر رۆژی 30 تەموزی 2014 بەیعەتی بە داعش داو ئەبوبەکر بەغدادی بە خەلیفەی موسوڵمانان ناساند. ئەم گروپە لە ناوچەی سینا و سنوری نێوان میسرو لیبیا چالاکیەکانی دەستپێکردووە بووەتە هەڕەشەیەکی راستەقینە لەسەر ئاسایشی میسر.

لەدوای راگەیاندنی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی لە دژی داعش لە ئەیلولی 2014دا، (300) جیهادیی توندڕەوی هندستان پەیوەندییان بە رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە کرد.

لە نیسانی 2014دا داعـش چەندین وێنەی لەسەر (تویتەر) بڵاوکردەوە گوایا ئەوانە موجاهیدەکانی (غەززە)ن لەناو سەربازگەکانی داعش لە عێراق و سوریا مەشق و راهێنان دەکەن و بەناوی سریەی شێخ ئەبولنور مەقدیسی خۆیان رێکخستووە.

گروپێك لە چەکداران و ئەندامانی سەر بە رێکخراوی قاعیدەی یەمەن بەیعەتیان بە ئەبوبەکر بەغدادی راگەیاند، بەڵام لە تۆڵەسەندنەوەی رابـەری قاعیدەی یەمەن (ناسر ئەلوحیشی) دەترسن، چونکە موبایەعەکردنی بەغدادی رەتکردۆتەوە و بەڵێنیداوە لایەنگرانی بەغدادی لە یەمەن سزا بدات.

رێکخراوی (انصار الشریعە)ی لیبیاش بەیعەتی دایە ئەبوبەکر بەغدادی و داوای لە دانیشتوان کردووە بەیعەت بە داعش بدەن

سەرچاوە:

گۆڤاری (المجلە) – ژمارە 1603 (2015)

داعش و چەمکی میدیایی

تۆقاندن، تاوانکاری، پەلکێشکردنی سێکسی و بێبەهاکردن

سەنتەری هەڕێمیی توێژینەوەکانی قاهیرە لە دواییـن راپۆرتیدا تۆمەت دەخاتە پاڵ کەناڵە بینراوەکانی راگەیاندن بەوەی کە زەمینە خۆشدەکەن بۆ بەرجەستەکردنی تائیفیەت و توندوتیژی لە خۆرهەڵاتی نـاوەڕاسـت. بـەڵام ئـەوەی نوێیە ئـەوەیـە کە زاراوەی (میدیای داعشی) بەکارهێناوە وەکو ئەزمونێکی تازە لە ناوچەکەدا کە پڕیەتی لە نیشاندانی تاوانکاری و درندەیی.

راپۆرتەکەی سەنتەری هەڕێمیی توێژینەوەکانی قاهیرە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە هۆکاری سەرهەڵدانی سەرەکی میدیای داعشی ئەوەیە کە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی قەیرانی سیاسی لە شام خۆی خزاندە ناو گۆڕەپانی شەڕەکەوەو دەبینین کە لەسەر دوو تەوەری گرنگ وەکو میدیایەکی جیاواز گەمەی خۆی کردووە:

یەکەم: کاریکردووە بۆ هاندان لەدژی عەلەوییەکان.

دووەم: هاندان لـەدژی خۆپیشاندەرانی سوریا لە سەرەتای قەیرانەکەدا، لە رێگەی کاریگەری نواندن لەسەر کەناڵە رەسمییەکانی رژێمی سوریا، تاکو بەرە بەرە وایلێهات لە ئێستادا ئەو میدیا داعشیە بە شێوەیەکی کاریگەرو بەهێز شوێنپێی خۆی کردەوە، مەخابن بەپێی ستراتیجێکی رێکخراو و دارێـــژراو کلتووری کوشتن و سەربڕین بڵاودەکاتەوەو لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانیدا پشت بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی وەزیری راگەیاندنی سەردەمی هیتلەر دەبەستێت لە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەو هەواڵی جۆراوجۆرو شێوێنەر بە شێوەیەکی بەردەوام، بۆیە شتێکی سەیر نییە کە ئەو دڕندایەتی و تاوانگەلە زۆرە لە رێگەی ئەو میدیا داعشیەوە ببینین کە بەردەوام لەلایەن چەکدارە تاوانکارەکانی گروپی «داعش»ـەوە ئەنجامدەدرێن و لە رێگەی کەناڵە میدیاییەکانیانەوە نیشانی خەڵکی دەدەن، تەنانەت ئێمەش بووینەتە گوێزەرەوەی سەرەکی بێ مەبەستی ئەو ئامانجە تاوانکارییەی کە لەپشت ئەو سیاسەتەوەیە.

دڕندایەتی داعش و ناڕەزایەتی شەرمنانە

مەخابن، سـەرەڕای بڵاوکردنەوەی گرتە ڤیدیۆییە دڕندانەییەکانی داعش تایبەت بە سەربڕینی مرۆڤەکان بەوپەڕی دڕندەیی و بێبەزەییانەوە کە لە سەربڕینی ئاژەڵ دڕندانەترە، بەڵام ئێمە لە بەرامبەردا بە بێدەنگی و لەسایەی بەرزبوونەوەی هەندێك دەنگی ناڕەزایەتی شەرمنانەو پچڕ پچڕدا دەژین، بۆیە نەمانبینی زاناکانمان و پیاوچاکانمان بە یەکڕیز دژی ئەو تاوانگەلە بوەستنەوە کە لە چەندین لاوە مەترسییە بۆسەر خۆشمان، دیارترینیان بریتییە لە هەڵخەڵەتان و پەیوەندیکردنی زۆرێك لە گەنجەکانمان بەو تاوانبارانەوە، هەروەها مەترسیان بۆمان دروستکردووە وەکو تاقم و چەتەی مافیایی لەسەر سنورەکانمان لەکاتێکدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی تەمویل و کۆمەك دەکرێن.

بڕوا بکەن ئەو رێکخراوە تاوانکارە «داعش»، توانیویەتی بە شێوەیەکی بەهێز خۆی لەناو دەروونی زۆرێك خەڵکی وڵاتەکانماندا وێنا بکات، لەوەشدا پشتیان بەستووە بە

بەشێکی زۆری خەڵك بەرامبەریان هەیانە، بۆیە بەڕاستی زەنگێکی مەترسیدارەو هەڕەشەیەکی جددییە، پێویستە هەمووان بەئاگا بن لە ئیستغلالکردنی هۆشیان لەلایەن ئەو ڕێکخراوە تاوانکارەوە لە ڕێگەی کەناڵە جۆراوجۆرەکانی سۆشیال میدیا، وەك (تویتەر، فەیسبوك، واتس ئەپ) و چەندین سەرچاوەی ترش کە داعش بەکاریان دەهێنێت بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو وێنەو گرتە ڤیدیۆییانەی کە دڕندایەتی داعش نیشاندەدەن بۆ گەیشتن بە چەند ئامانجێکی سیاسی و میدیایی تۆقێنەر، ئێمە پێویستە هەڵوێست وەربگرین لەدژی ئەو میدیا تاوانکارییە، بەڵام ئایا بێدەنگی زیاتر دڕێژەی دەبێت یان بابەتەکە دەبێتە جێی سەرنجی هەندێك؟

جەنگی میدیایی «سێکسی»ی داعش

ئەو گەمە میدیاییە سێکسیەی کە داعش لە ئێستادا پەیڕەوی دەکـات سنوری ئەو مەترسی و پێشبینییانە تێدەپەڕێنێت کە لەپێش (3) دەیە لەمەوبەر بەرگوێمان

داعش قێزەونانەو پیشەگەرانە یاری بەو هەستە سێکسیە دامرکاوە دەکات کە لە ناخی زۆرێکدا هەیە، بۆیە چێژو لەزەتی سێکسی بە شێوەیەکی بێسنور تێدا فەراهەم بووە لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی (جیهادی نیکاح)ـەوە

چێژوەرگرتنی سێکسی چەکێکی کاریگەری داعشە بۆ ڕاکێشانی گەنجان

دەکەوت دەربـارەی پلاندارێژانی ئەمەریکاو خۆرئاوا بۆ کاریگەری نواندن لەسەر مێشکی گەنجەکانمان لە ڕێگەی پەخشکردنی فیلمە سێکسییەکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ لەسەر شاشەی ئەو تیقیەدا کە تەنها دوو کەناڵمان هەبوو، حاڵی حازر «داعش» بە شێوەیەکی قێزەون و پیشەگەرانە یاری بەو هەستە سێکسیە دامرکاوە دەکات کە لە ناخی زۆرێکدا بوونی هەیە، پێشبینی ئەوە بکەن کە ئەو ڕێکخراوە بەدڕەوشتە چێژو لەزەتی سێکسی بە شێوەیەکی بێسنور تێدا فەراهەم بووە لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی (جیهادی نیکاح)ـەوە، بەوەش جۆرێك بەلامانەوە سەیرە کە لە هەواڵەکاندا

سعودیەشەوە بەتایبەتی رووەکەنە سوریا تاوەکو ببنە هۆکاری چێژوەرگرتن و رابواردن بۆ چەکدارانی داعش.

ئایا ئەمە چ شێتیەکە گوێمان لێی دەبێت؟ ئەم بابەتە لەناو ریزەکانی داعشدا زیاتر پەرەی سەندووەو پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە، بەجۆرێك کە خانمانی ئەوروپی و وڵاتانی تریش خۆیان بەخشیوەتە چەکدارانی داعش بۆ رابواردن و چێژوەرگرتنی سێسکی، هەموو ئەم باس و خواسانە لە رێگەی ئالەتێکی میدیاییەوە بۆمان دەنێردرێت کە زۆر بەخێرایی بڵاودەبێتەوە، زۆرجاریش کەناڵە ئاسمانییەکان بەشدارن لە گواستنەوەو بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتانە.

بەکارهێنانی ئیغراکردنی سێکسی لەلایەن چەتەکانی «داعش»ـەوە بریتییە لە چەند پەیامێك بۆ سەرنجڕاکێشان و پەلکێشکردنی گەنجەکان بەلای خۆیدا، بابەتەکە تەنها بڵاوکردنەوەی هەواڵی هەمەجۆر نییە لەوبارەیەوە، بەڵکو مەخابن مەسەلەی سێکس بووەتە ئامرازێك بۆ پەلکێشکردنی عەقڵی ئەو گەنجانەی کە شەیدای ئەوجۆرە چێژوەرگرتنە بوون لە خانمانی جوان و قەشەنگ، کە بەئاسانی و بێبەرامبەر لەم دونیا دەستدەکەون، لەو دونیای کۆتاییش بۆیان دەبن بە حۆری، ئا ئەمەیە پەیامی داعش بۆ ئەو گەنجانە کە زۆرییانی پێ هەڵخەڵەتێنراوە.

بەدواداچوونی ئەو مەسجە میدیاییانەی کە لەم رووەوە پەخش دەکرێن، پێویستی بە هەڵوەستەکردن و هاوارکردنە بە دەنگێکی بەرز لە پێناو قەدەغەکردنی ئەوەی کە داعش لەژێر پەردەی ئیسلامدا بانگەشەی بۆ دەکات و حەڵاڵی کردووە، واتا بابەتەکە پێویستی بە پەیڕەوکردنی پێچەوانەی ئەو رێگە پیسە هەیە کە داعش بۆ پەلکێشکردنی گەنجەکانمان پیادەی کردووە، ئەوەش لە رێگەی رووبەرووبونکردنەوەی راستییەکان و بێزراوکردنی ئەوەی داعش دەیکات.

فاکتەرەکانی لاوازبوون و پاشەکشەکردنی داعش

زۆرینەی عەشیرەتەکانی ناوچەی خۆرئاوای عێراق هاوپەیمانێتیان لەگەڵ رێکخراوی تیرۆریستی داعش ڕەتکردەوە، بەوەش داعش یەکێك لە گرنگترین پشتیوانەکانی لەڕووی جوگرافی و کۆمەڵایەتیەوە لەدەستدا و کەوتە دژایەتیکردنیان.

ناکۆکی و کەلێنی گەورە دروستبووە لەنێوان سەرکردایەتیە سەرەکی و مەیدانییەکانی داعش. دەوترێت بازنەی هەرە نزیك لە ئەبوبەکر بەغدادی خەڵکی ناوچەی خۆرئاوای عێراقن بە تایبەتی عەشیرەتی ئەلبونەمر کە باکگراوندی خێڵەکی و عەشائیریان هەیە، ئەمەش وادەکات ناکۆکییەکان و دابەشبونەکانی نێوانیان بەهێزتر بێت.

دزەکردنی بەردەوامی زانیاری و نهێنییەکانی ناوخۆی گروپی داعش، کە خاڵێکی لاوازی گەورەیانە.

سەرهەڵدانی خواستێکی بەهێز لەلای سەرکردە عەشائیرییەکانی ناوچەی خۆرئاوای عێراق لە رێگەی هانابردنیان بۆ هاوپەیمانێتی لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری داعش.

کەمبوونەوەی هاتنی چەکدارە لۆکاڵییەکان بۆ ناو ریزەکانی داعش و لاوازبوونی لەڕووی رێکخراوەییەوە.

پشتیوانیکردنی حکومەتی عێراق بۆ ئەنجومەنە خۆجێییەکانی ئەنبار و ناوچەکانی خۆرئاوا و پێدانی دەسەڵاتی زیاتر پێیان بەپێی پلانی سیاسی حکومەتی نوێ.

بچوکبوونەوەی دابڕان و گاپ لەنێوان پێکهاتەکانی عێراق لە چوارچێوەی ئەو چارەسەرە سیاسیەی کە حکومەتی عێراق نەخشەی بۆ کێشاوە.

پاشەکشەکردنی گوتاری تائیفی و پڕوپاگەندەیی سەرکردایەتی داعش.

رێکخراوی داعش لەدوای کۆنترۆڵکردنەوەی شارۆچکەی (جرف الصخر) لە تشرینی یەکەمی 2014دا دانی بە شکستی خۆیدا هێنا لەبەردەم هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی و سوپای عێراقدا.

رۆژنامەی (نیویۆرك تایمز)ی ئەمەریکی ئاشکرایکرد: ئەو سەرکەوتنانەی کە فڕۆکەکانی هاوپەیمانان و هێزە زەمینییەکانی عێراق بەسەر چەکدارانی داعش بەدەستیان هێناوە، توانیان لەناو موسڵ دایانبڕێنن و لاوازییان بکەن لەپێناو خۆئامادەکردن بۆ هێرشێکی ئاسمانی و وشکانی بەربڵاوو پاککردنەوەی موسڵ و دەوروبەری لە چەکدارانی ئەو رێکخراوە تیرۆریستیە.

سەرچاوە:

رۆژنامەی (الریاض)ی سعودی - ژمارە (16856)
http://www.alriyadh.com/961836
گۆڤاری (المجلە) - ژمارە 1603 (2015)

(ودۆ شتاینباخ)

شارەزای پرسەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست:

دەبێت نوێبوونەوە لە ئیسلامدا بکرێت

تووندڕەوان دژی کۆمەڵگای مۆدێرنن

دەخوازن سیستمێکی ئیسلامی بگەڕێننەوە سەر دەسەڵات

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئایدیا دیپلۆماتیک
IDEA DIPLOMATIC

بە بڕوای ودۆ شتاینباخ (udo Steinbach) شارەزای پرسەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کۆمەڵگا ئیسلامییەکان کەوتونەتە داوی باس و خواستی مۆدێرنیستەکان و ئەو ئایدۆلۆژیانەی کە مێژووی رابردوویان دەکەنە مۆدێل، دەبێت رێبازی وڵاتانی خۆرئاوا هانی دەستەبژێرانی ئەو کۆمەڵگایانە بدات، کە چەمکێکی سکولاریزم بهێننە ئاراوە کە شایەنی پێگەو هەلومەرجی کۆمەڵگا ئیسلامییە مۆدێرنەکان بێت.

ودۆ شتاینباخ

• لە 11ی سێپتەمبەرەوە باسکردنی «بونیادخوازی ئیسلامی» و ئیسلامی توندڕەو، بە شێکی بەرینی راپۆرتی میدیاکانی جیهانی بۆ خۆی داگیرکردووە، ئایا لەڕاستیدا هەرچەندە زێدەڕۆیی لە مەترسییەکەیدا دەکرێت، ئەو دیاردەیە وەک هەڕەشە بۆ شارستانیەتی خۆرئاوا خراوەتەڕوو؟

- شتاینباخ: سەرەتا حەزدەکەم بەم چەشنە وەڵام بـدەمـەوە، کە بەڵێ لەڕاستیدا ترسێکی وا هەیە، بۆیە ئێمە باسی ترسێکی هەڵبەستراو ناکەین، بەڵکو دەربارەی ترسێکی راستەقینە کە لە 2004 لە ئیسپانیاو 2005 لە بەریتانیا بینیومانە، بەهەمانشێوە لە ئەڵمانیا، ئەگەرچی لێرەدا بە کـردەوە دۆخەکە ئاڵۆز نییە، دەکـرێـت هەمان ئیدیعا بۆ جیهانی ئیسلامیش بکرێت، لە مەراکیش و جەزیرەوە بیگرە تا فەلەستین، عێراق تا ئەندۆنیزیا، ئێمە رۆژانە لەو وڵاتانە پەلامارگەلێك دەبینین کە بە پاڵنەرو ئاڕاستەی ئیسلامی ئەنجامدەدرێت.

• بە رای ئێوە تایبەتمەندییەکانی ئەو باسوخواسە چییە؟

- شتاینباخ: ئـەوە تێکهەڵچونێکی سیاسی و ئایدۆلۆژییە، باسوخواسی تووندوتیژانەی ئەو گروپانەیە کە هەریەکەو بۆچوون و تێگەیشتنێکی بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەیە، لەلایەك ئێمە لە ئەوروپا و لە پانتاییترین بۆچوون پێکدادانی دیموکراسیمان پـەروەردەو پراکتیزە کردووە، لە جیهانی ئیسلامیش بۆچوونی جیاواز بۆ بەکردەوەکردنی ئەو پێکدادانە دەبینرێت، نەك بۆ لاساییکردنەوەی، بەڵکو زیاتر بۆ سەقامگیری پرۆسەکانی دیموکراسی.

تووندڕەوانی تووندوتیژخواز لەسەر بنەمای بەهاکانی خۆرئاواو دژی ئەو شێوازەی کۆمەڵگای مۆدێرنن، دەخـوازن «سیستمێکی ئیسلامی» بگەڕێننەوە، بە باوەڕی ئەمان دەبێت یاساکانی ئیسلام لە سەدا سەد دووبارە بێتەوە، کۆمەڵگای «ئیسلامی»، تاکە کۆمەڵگای رەواو راستەقینەیە بۆیان.

• هەندێك رەخنەگر لەوباوەڕدان کە حکومەتەکانی خۆرئاواو بەتایبەت حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان، بۆ بەگژداچوونەوەی ئیسلامخوازی و پێگەیەك، لە بەرامبەر سیستمێك کاری گرنگ ئەنجام نادەن کە لەسەر بنەمای دەستووری مۆدێرن هەیەتی، تەنانەت ئەوانی تر ئەوەندە پێشدەکەون کە ئیدیعا بکەن، دوژمنایەتی لەگەڵ خۆرئاوا لە جیهانی ئیسلامیدا بەهێز دەکات، هەڵوێستی ئێوە لەوبارەیەوە چییە؟

- شتاینباخ: بە بڕوای من دەبێت لەوبارەیەشەوە جیاوازی بکەین، ئەوە راست نییە کە کەمتەرخەمی هاتنەئارای ئەو دوژمنانەی ئـازادی تەنهاو تەنها بخەینە ئەستۆی سیاسەتەکانی خۆرئاوا، هەڵەکانی وڵاتانی خۆرئاوا، تاکە هۆکاری هاتنەکایەوەیان نین، لەڕاستیدا بە پلەی یەکەم ئیسلامی تووندڕەو و لەدژی

تەواوی جیهانی ئیسلامی هەڵیانگیرساندووە، دیارە لەلاکەی تریش رێبازی خۆرئاوا بەردەوام بوەتە ئاوی ئاشی کەسانێك کە دژی خۆرئاوا دەجەنگن.

- **دەتوانیت ئەو بابەتە زیاتر روونبکەیەوە؟**

شتاینباخ: ئێمە رۆژانــە دەیبینین، بــاوەڕم وایە دەتوانین تا رادەیەك بە کردەوە لە روانگەی ئامارەوە تاووتوێی بکەین، کە چۆنییەتی هێرشی ئەمریکا بۆ عێراق لە 2003 بارودۆخەکەی لە تەواوی ناوچەکە لە مەراکیشەوە بیگرە تا ئەندۆنیزیا ترسناکتر کردووە، زۆربوونی تووندوتیژییەك کە ئێمە پێشتر هاوشێوەیمان نەدیبوو، سیاسەتی خۆرئاوا دەربــارەی فەلەستین بۆخۆی سەرچاوەیەکی رۆژانەی تیرە بۆ ڕەوایەتیدان بە هێزە تووندڕەوەکان.

لە ئێستادا ئێمە بەهۆی بەرنامە ئەتۆمییەکەی، دریــژدادڕیــەکــی پــەلامــاردەرانــەی زۆر دژی ئێران تاقیدەکەینەوە، بــەڕای من هەڵەی ئێمە، یا وردتر بوترێت هەڵەی سیاسەتەکانی خۆرئاوا ئەوەیە، کە ئێمە بە دوای هاوسەنگییەکی سیاسی بەهێزی تەواوی جیهانی ئیسلامیدا ناگەڕێین، کە بە پشکی خۆیان رێك وەك ئێمە لە خۆرئاوا کەوتوونەتە ژێر کاریگەری پەلاماری ئەو هێزە ئیسلامیانەوە.

تاکە رێباز سیاسەتگەلێکە بۆ گرەنتی ئاسایش و روبەڕووبونەوەی سەربازی بەگژداچونەوەیان هەڵمان بژاردووە، ئەوەی هەوڵی پێویستمان بۆ نەداوە یەك لە هەمووان دۆزینەوەی رێگەچارەی سیاسییە، بۆ ئەو باسوخواسە، دووەم دۆزینەوەی هاوپەیمانێکە لەناو هێزە هەبووەکانی جیهانی ئیسلامی کە زۆرینەی خەڵك پێکدەهێنن، وەك ئێمە کەوتونەتە ژێر کاریگەری نەرێنی ئەم پێکدادانی شارستانیانە.

- **بە رای ئێوە مەیدانی گشتی لە وڵاتانی ئیسلامی دەبێت چ هەڵوێستێك دەربارەی ئایین وەربگرێت، تا هاوناسنامەی کۆمەڵگای مەدەنی**

گروپە جیهادییەکان دەخوازن سیستمێکی ئیسلامی سەلەفی باڵادەست بکەنەوە

بپارێزرێت و هەم لە ژیانی رۆژانەی خەڵکدا هۆیەك بێت بۆ قبوڵکردنی بەهای ئەندێشەکانی رۆشنگەری ئەوروپی؟

- شتاینباخ: دەبێت پێش هەرشتێك ئاوڕ لەو خاڵە بدەینەوە کە دەوری ئایین لە تەواوی جیهانی ئیسلامدا زۆر گرنگە، هەر هەوڵێك بۆ وەدەرنانی ئیسلام لە مەیدانی گشتی، بڕیاری شکستی بەسەردا دەدرێت.

هەرچەند لەو بـاوەڕەدام کە تەنانەت جیهانی ئیسلامیش پێویستی بە دیالۆگێکە، دیارە بە پێوەری ئیسلامی کە لەوبارەیەوە ئایین لە ژیانی هەموواندا، لە کۆمەڵگاو سیاسەتدا دەکرێت چ دەورێکی تایبەتی هەبێت، یان بە قسەیەکی تر دەبێت سکولاریزم بخرێتە بەر باسوخواسەوە.

هێشتا وشـەی»سـکـولاریـزم» لـەنـاو زۆربـەی رووناکبیران، بیرمەندان و مافناسانی موسوڵمان لەو قەدەغانەیە کە دەبێت خۆی لێ بپارێزرێت، سکولاریزم لە زەینی گشتیدا هاوتای نائاییەنیە کە دیارە هەڵەیە، مەسەلەی سەرەکی ئەوە نییە کە دەبێت ئایین لە تەواوی مەیدانی گشتی وەدەربنرێت، کە تا رادەیەك لە خۆڕئاوا بە سەرکەوتوویی ئەنجام دراوە، بەڵکو دۆزینەوەی پەیوەندییە لە نێوان ئایین و کۆمەڵگا کە تا رادەیـەك زۆرینەخوازی سەرکوت نەکات کە لەو وڵاتانە هەیە، دەبێت سکولاریزم بە ئاشکرا بخرێتە بەر باسوخواسەوە کە دیارە لە ئێستادا زۆر بیرمەندی موسوڵمان هەیە بێ پەردە دژی دیالۆگێکی وان، دیارە باس و خواسی بنەڕەتی تر ئەوەیە، کە بەدڵنیاییەوە دەبێت باسی نوێبونەوەی ئیسلامیش بکرێت، ئەو باسە بە پلەی تۆندی جیاواز دەکرێت، مێزگرد دەربارەی هەڵکردنی ئیسلام، لەگەڵ ستراکتۆری کۆمەڵایەتی مۆدێرن لە هەندێك وڵاتدا زۆر پێشکەوتووە: بۆ نموونە لە چەند دەیەی ڕابـردوودا پێشکەوتنی بەرچاو لە تورکیا ئەنجامدراوە، سەیرە ئەو دەنگۆیە دەربارەی ئێرانیش راستە کە فەیلەسوف و مافناسەکانی گفتوگۆی چۆنیەتی بەستنەوەی ئایین دەکـەن بە زۆرینەخوازییەوە، ئەو بارودۆخە لە ناوچەی وڵاتانی عەرەبی زۆر جیاوازە.

بەمەش دەبێت بپرسین: چـۆن ئایین نـۆژەن بکەینەوە، تا تەبای زۆرینەخوازی راستەقینەی هەبووی کۆمەڵگای ئیسلامی بێت، نەك هەر ئەو باسوخواسە ناکرێت کە لەڕاستیدا کەسانێك هیچ هۆگریەکیان، بۆ ئەوجۆرە گفتوگۆیانە نییە، کە لە هەڕەمی دەسەڵاتدان، واتە خودی سەرۆکەکانیان، چونکە دوورنییە بەمشێوەیە ڕوبەڕووی مەترسی لەدەستدانی دەسەڵات ببنەوە.

*** خۆرئاوا چی لەدەست دێت، تا ئەو باسوخواسە ناوخۆییەی وڵاتانی ئیسلامی بە قازانجی لایەنگری نوێخوازی بخاتە ژێرکاریگەرییەوە؟**

- شتاینباخ: نابێت خۆرئاوا چالاکییەکانی خۆی بۆ بەگژداچوونەوەی ئیسلامخوازان تەرخان بکات، بەڵکو دەبێت هاندەری کۆتایی هاتنی ئیسلام بێت تا لە مەیدان و بارودۆخی ئیسلامی بگەنە سکولاریزمێکی قبوڵکراو، هاوکات دەبێت ئێمە بگەینە شرۆڤەیەکی نـوێـی ئیسلام، کـە تایبەتمەندیەتی گونجاو بۆ زۆرینەخوازی و نوێبوونەوەی کۆمەڵگا بڕەخسێنێت.

سەرچاوە:

http://de.qantara.de/webcom/show-article.php/-c-468/_nr-1038/i.html

پڕۆژەی 25 نامیلکەی فەلسەفی ئێستا لە بازاڕدایە

بەشی چوارەم

کتێبی ئایدیا دیپلۆماتیک

گۆڕینی رژێمەکان و شۆڕشەکان

نووسینی: سەجعان ئەلقزی
IDEA DIPLOMATIC
لە عەرەبییەوە: سابیر عەبدوڵڵا کەریم
IDEA DIPLOMATIC

چارەنوسی ئەو دەوڵەتە چی دەبێت کە نیوەی گەلەکەی بۆ دەرەوە کۆچیان کردووەو نیوەکەی تریشی لەناو گێژاوی وەفاداریدا سەرگەردان بـوون؟ کاتێك سەروەرییەکەی بەندە بە بڕیاری نێودەوڵەتی و سەربەخۆییەکەی پرسێکی هەرێمییە، دامودەزگا ئەمنی و سەربازییەکانیشی بەندە بە پێکهاتنێکەوە کە لە واشنتۆن دەستپێدەکات و بەناو شامدا تێدەپەڕێت و لە تاران کۆتایی پێدێت؟

سەجعان ئەلقزی

ئایا کاتی هاتووە (پەیامی لوبنان) لەم ژینگەیەدا گەشە بکات؟

ئایا چارەنوسی دەوڵەتێك چی دەبێت کە هەڵوێستی سیاسی دیلی دەستی سێکوچکەیەکە؟ بڕیارەکانی بەندە بە هاوکێشەکانی بارودۆخێکی ناڕارام و تێکچوو، سیاسەتمەدارەکانی لەگەڵ یەکتری قسە ناکەن و ئەگەر پێکیشەوە قسە بکەن جنێو بە یەکتری دەدەن؟ چارەنوسی دەوڵەتێك چی دەبێت کە دانانی دامودەزگا دادوەرییەکانی راگیراون و چاوەڕوانی بەدەستهێنانی رەزامەندی تائیفەکان دەکەن، هەرچەندە لایەن و تائیفەکانی هەرگیز لە سامانی زەوییەکەی تێر نابن؟

چارەنوسی دەوڵەتێك چییە کە سامان و داراییەکەی بریتییە لە کۆمەك و یارمەتی و هاوکاری و ئابوورییەکەی پڕە لە کورتهێنانی بازرگانی و هاوردەکردن، خاکەکەی بە شێوەیەکی گوماناوی دەفرۆشرێت بۆ نیشتەجێکردن و گەشەپێکردنی چەند کۆمارێکی جودا‌ییخواز؟ چارەنوسی دەوڵەتێك چییە کە ژمارەیەك لە سەرکردەکانی لە بەردەم دەرگای باڵیۆزخانەکاندا دەپارێنەوەو سواڵ دەکەن، ژمارەیەکی تریشیان لە بەردەم سەرمایەدارە بەخشەرەکاندا کەوتوون و چەمکەکانی کەرامەت لەنێوان گەورەکانیدا نەماوە؟ بۆیە ئەوەی لە دەرەوە ریسوا بکرێت، لێرە خەڵك ریسوا دەکات، وەك ئەوەی کۆیلەی ئەوێ گەورەی ئێرە بێت؟

چارەنوسی دەوڵەتێك چی دەبێت کە چەقبەستوویی لە شوێنی خۆیدا بە سەرکەوتن و راکردن بۆ پێشەوە بە لێوەشاوەیی سیاسی و تەقینەوەکان بە ئاشتی بداتە قەڵەم، ئەوەش بە دەستکەوت بزانێت کە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانەکەی بەبێ کێشەو پێکهەڵپژان تەواو دەبن؟

ئایا ئەمە چۆن گەلێکە کە لەسەر دەستنیشانکردنی دۆست و دوژمنەکانی لەسەر ناولێنانی قارەمانەکانی و سیمبوڵەکانی ناکۆکەو رێکناکەوێت، دوژمنی کۆمەڵێکەو هاوپەیمانی کۆمەڵێکی تره، قارەمانی تائیفەیەك لەلای ئەویتر بە خۆفرۆش دادەنرێت؟ ئەمە چۆن گەلێکە کە هەمان پیت و دەستەواژە بەکاردەهێنێت و بەهەمان زمان قسە دەکات، بەڵام لە یەکتری تێناگەن؟

لە سەردەمی کۆڵۆنیالیزم و داگیرکاریدا، بیرمان بیرێکی سەربەخۆییخوازانە بوو، بەڵام دوای ئەوەی سەربەخۆییمان وەرگرت بووە بیرێکی پاشکۆیانە، چەندینجار باجی ئازدیمان دا، چونکە ئازادیمان لەگەڵ کەرامەت و شکۆمەندیدا هاوپێچی یەکتر نەکرد، چەندینجار باجی بوون بە خاوەنی نیشتمانماندا، چونکە نیشتمانمان بە بونیاتنانی دەوڵەت نەپاراست، دەمانەوێت شتێکی گرانمان بێ بەرامبەر دەستبکەوێت، بەڵام شتێکی گرانبەها لە بەرامبەر هەموو شتێکی هەرزانبەها دەگۆڕینەوە، ئێمە دووبارەکردنەوەی قوربانیدان رەتدەکەینەوە وەك چۆن قوتابی نایەوێت بچێتەوە هەمان پۆل لەبەرئەوەی دەرنەچووە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوا دەکات رەفتاری ئەم رژێمە یان ئەو رژێمەی تر بگۆڕدرێت، ئێمەش لە پێناوی رێکخستنەوەی رەوشەکەدا پێویستمان بە

زۆرێك لە لوبنانییەکان وا دەزانن مرۆڤ بووەتە هاوڵاتیەکی گڵۆباڵی (نێودەوڵەتی)، بۆیە لوبنانیان جێهێشت و رووبانکردە پایتەختە گەورەکانی جیهان دوور لە رەگوڕیشەو رەسەنایەتی و یادەوەری باب و باپیرانمان.

بەشێك لە لوبنانییە بێزارو بێدارەکان بۆ گەڕان بەدوای دەرفەتی کارکردن، لوبنانیان جێهێشت، بەڵام نیشتمانیان لەیاد نەکرد، هەندێکی تریشیان خۆڕاگرو دان بەخۆداگرتوون، هەر لە لوبنان مانەوە بۆ بەرگریکردن لە نیشتمان تا بتوانێت پێشوازی لەو خێزانانە بکات کە دەگەڕێنەوە بۆ نیشتمان.

کەواتا ئەم هەموو شەهیدو قوربانی و کەمئەندامانە لە پێناو چی؟

لە چەند قۆناغێکی دیاریکراودا، توشی وەهمیان کردین بەوەی کە سەقامگیری لوبنان بەناو رێچکەی دانان بە رۆڵی فەلەستین لە لوبنان تێپەڕ دەبێت، بۆیە دانمان پێدا نا، پاشان داوامانلێکرا بۆ دانان بە رۆڵی سوریا لە لوبنان، دانمان پێدا نا، پاشان داوامان لێکرا دان بنێین بە رۆڵی ئیسرائیل، دانمان بەویشدا ناوە، پاشان داوامان لێکرا دان بنێین بە بەنێودەوڵەتیکردنی و کێشەی لوبنان، ئەوەشمان ئەنجامدا، پاشان دانان بە ناسنامەی عەرەبی و دواجار بە رۆڵی ئێران، ئەوەشمان کرد، بەڵام لە کۆی هەموو ئەم دانپێدانانانە کە بەزۆر لێمان ویسترا، جگە لە سەرهەڵدانی شەڕی نوێ و دابەشبوونی زیاترو دوورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتی و شارستانی، هیچی ترمان لێ نەچنییەوە، ئاستی رقلێبوونەوەمان لە یەکتر گەیشتە رادەی شکاندنەوەی غەوارەو بیانییەکان بەسەر لوبنانییەکاندا.

ئەمە وتەیەکی نوسەری فەڕەنسی (ئەلبیر کامۆ) م بەبیر دەهێنێتەوە کە لە «رۆژژمێری جەزائیر لەنێوان 1939-1958»دا نوسیویەتی و دەڵێت: «ئەوەندە رقمان لە نەیارو رکابەرەکانمان دەبێتەوە تا ئەو ئاستەی دیکتاتۆریەتی دەرەکیان بەسەردا دەسەپێنین»،

دیمەنێک لە شەڕی ناوخۆی لوبنان

فەرەنسییەکان لە مێژووی خۆیاندا دەستیان لەگەڵ دەرەوەدا تێکەڵکردووە، هەموو تیمێکی فەرەنسی هەوڵیدەدا پشتیوانی لایەنە ئەوروپییەکان بەدەستبهێنن، بۆیە بەریتانییەکان و پروسییەکان و نەمساوییەکان و روسەکان دەستیان لە کاروبارەکانی وەردەدا، بەڵام کاتێك فەرەنسا یەکیگرت، گەلی فەرەنساش یەکیگرت و کۆتایی بە رۆڵ و دەستێوەردانی ئەوروپییەکان لە کاروبارەکانی هێنا، ئێمەی لوبنانییەکان هێشتا باوەڕمان بەوە نەهێناوە، کە لوبنان ئازاد بووەو یەکیگرتووەو لەتوانایدایە لە هەمووان بەهێزتر بێت، بەهێزتر بێت لە لایەنە دەرەکییەکان و دەستێوەردانەکانیان، بەهێزتر بێت لە ئێستاو رووداوەکانی، لە قەیرانەکان و شەڕەکان، لە پیلانەکان و موئامەرەکان، خوێندنەوەیەکی خێرای مێژووی لوبنان بەدڵنیاییەوە ئاشکرای دەکات کە هەموویان تێپەڕین و گوزەریان کرد، بەڵام لوبنان مایەوە.

لە دەیەکانی رابردوودا، دەوڵەتی لوبنان پەردەپۆشێکی وەهمی بوو بۆ هەڵوەشاندنی نیشتمان، ئەمڕۆش نیشتمان بووەتە پەردەپۆشێکی وەهمی بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت، لە رابردوودا نیشتمان باجی فرە وەلائی داوە، ئەمڕۆش دەوڵەت باجی فرە هەژموونییەکان دەدات، کەواتا ئێمەی لوبنانییەکان لەنێوان وەهمێك و یەکێکی ترو نێوان بێ ئومێدی و بێ ئومێدیەکی تردا، پاش لەدەستدانی، بەدوای خودماندا دەگەڕێین، لوبنان جێگەی ئاواتی خۆرهەڵات بوو، هەموو جیهانی عەرەبیش خەونیان بەوەوە دەبینی لە لوبنان بچن، بەڵام ئەمڕۆ ئێمەین کە لە ئاوێنەی ئەوانی تر دەڕوانین، بەڵکو لە سوچێکەوە خۆمانی تێدا ببینین، جگە لەوەش لە رێگەی پرۆژەکانی ئەوانی ترەوە لە بەرژەوەندییەکانمان دەگەڕێین.

ئێمە گەلێکی بێزارو خەمبارین، بێزارییەکەمان بە شادییەکی ساختەو فۆرمێکی ژیان پەردەپۆش دەکەین، کە کێشەو گرفتە قوڵ و سەرەکییەکانمان بیردەباتەوە، ئێمە سەرخۆشین، بە خواردنەوە تا رادەی مڕبوون خەمەکانمان سارێژ دەکەین، ئەوەی لە ئێمە خەمر نەخواتەوە، دەچێت ناخۆشی و نەخۆشییەکانی بە دینداری تا ئاستی توندڕەوی سارێژ دەکات.

شارستانییەتەکەمان لەپشت کیسە خۆڵەکانەوە لەدەستدا، کەلتووریشمان لەسەر هێڵەکانی بەریەککەوتن لەدەستچوو، ئێمە زیاتر لە فەلەستینییەکان پێویستمان بە ئاژانسی فریاکەوتنی پەنابەران هەیە، بەڵکو پێویستمان بە ئاژانسی فریاکەوتنی بێدەرەتانان هەیە، لەڕاستیدا هیچ نەتەوەیەك بەبێ ئازادی و یەکسانی و گیانی برایەتی دروست نابێت، بەڵام ئازادییەکەی ئێمە بووەتە پاشاگەردانی، یەکسانیمان بوونی نییە، برایەتیمان ساختەیە، هیچ پەیوەندییەکی دووقۆڵی بەهایەکی نییە ئەگەر لە پەیوەندی گشتی و بەکۆمەڵ هەڵنەقوڵابێت، یان لێوەی سەرچاوەی نەگرتبێت.

ئایا لوبنانییەکان دەتوانن رێکبکەون لەسەر دەستنیشانکردنی کەلتوورو میراتی لوبنان، پێش ئەوەی بەدوای مافەکانیان و دەسەڵاتەکانیان بگەڕێت لەناو نیشتمان و دەوڵەتدا؟ ئایا میراتی لوبنان چییە تاوەکو ببینە میراتگری؟ ئایا میرات ئەوە نییە کە وەك پاشماوەی ئاوەدانکارانی وڵات و پێشەنگانی لوبنان بۆمان ماوەتەوە؟ کوا پەیکەری مەزنەکانی ئێمە، کوا ئەو شەقامانەی بە ناوییانەوە کراوە؟ تاکو ئەم ساتە وەختەش دەوڵەتی لوبنان هیچ شەقامێکی بەناوی (بەشیر ئەلجومەییل)ـەوە نەکردووە، بەڵام شەقامەکانی ئال ئەسەدو پەیکەرەکانیان و کۆمەڵگەکانیان وڵاتیان پڕکردووە.

ئایا کەلتووری لوبنانی چی لێ ماوەتەوە؟ شارستانیەتی لوبنانی چی لێ ماوەتەوە؟ ئایا زمانمان و وێژەمان و شیعرو هونەرو سترانەکانمان چییان لێ ماوەتەوە؟ ئایا لەجیاتی ئەوانەی لەدەستماندان چیمان بەرهەمهێناوە؟

کاتێك فەرەنسا پێشڕەوییە کەلتووری و شارستانییەکەی لەدەستدا، بە تەکنۆلۆجیا قەرەبووی کردەوە، کاتێکیش ژاپۆن و ئەڵمانیا هەژموونە سەربازییەکەیان لەدەستدا، بە پێشکەوتن و رابوونی ئابووری قەرەبوویان کردەوە، بەڵام ئێمە هەر لە چاوەڕوانی گێڕانەوەی رابردوودایین، بەو ئومێدەی بتوانین لە ئایندەدا پێشبکەوین، ئێمە سەرکەوتوو نەبووین لە چەسپاندنی بوونمان لەسەر بناغەی زەمانەتی خۆیی، نەوەك لەسەر بناغەی زەمانەتی سیاسی، ئابووری، نیشتمانی، دارایی، کشتوکاڵی و پیشەسازی.

لە هەموو ئەو بوارانەداو لە بەرامبەر سەقامگیریماندا قەرزاری دەرەوەیـن و هەمیشە گیرۆدەی پاشکۆیەتین بۆ زیاتر لە لایەنێکی نامۆ، ئێمە دەریایەکین کە ئاوی چەندین روباری بچوك بەبێ رێزییەوە دەڕژێتە ناومانەوە، ئەگەر ماندوێت ببینە دەوڵەتێکی ئـازادو سەربەخۆ، نابێت ئەم واقیعە هەروا بـەردەوام بێت، سەربەخۆیی بڕیارێکی سیاسی نییە، بەڵکو بریتییە لە کۆمەڵێك پێکهاتە کە پێویست دەکات لە دەوڵەت و کۆمەڵگەدا لەدوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بوونیان هەبێت، بۆ ئەوەی بە سەربەخۆیی ماندێتەوە، هەندێك لە سەروەت و سامانەکانمان لە رێگەی قازانجی نامەشروعەوە پەیدا بووەو زۆربەشی لە رێگەی حساباتی بارکراو لەژێر باری قەرزەوە هاتووە.

مرۆڤە پاك و شەرەفمەندەکان ژیانێکی ئاسایی دەگوزەرێنن، بەڵام ئەوانەی دەیانەوێت زوو پێبگەن ژیانێکی بورژوازییانە دەژین، ئەوەش لە رێگەی رەفتارو هەڵسوکەوتیانەوە ئاشکرا دەبێت، کە لەگەڵ نەریتی ئەو چینەدا وێکنایەتەوە، ئەخلاق و بیروباوەڕی پێوەری بەهای مرۆڤبوون، بەڵام دواتر دیمەنە رووکەشەکان بوونە پێوەر، ئایا هیچ خەونێکمان ماوە، یان بووینەتە گیرۆدەو ئەسیری پێویستییە رۆژانەییەکانمان؟

ئێمە مـەودای تێڕوانینمان و مـەودای مێژوویی و رەهەندی ئایندەییمان لەدەستداوە، ئەگەر ئەفلاتون بگەڕێتەوە دەبینێت کە لوبنان بووەتە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی کۆمارە شایستەکەی، ئەگەر ئەرستۆش بگەڕێتەوە دەبینێت کە لوبنان بووەتە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی پـەیـکـەری بەهاکانی، ئێستا هیچکام لە نیشتمانیبوون و هاوڵاتیبوون تەندروست نین، لوبنانییەکان بەبێ تێپەڕین بە قۆناغی هاوڵاتیبووندا لە نائیشتمانپەروەرییەوە چوونە قۆناغی نیشتمانیبوون، ئەوان هەر لەباری وابەستەیی تائیفیدا مانەوەو حاڵەتی مەزهەبیشیان بۆ زیاد کرد، مادام لوبنانییەکان چوونە قۆناغی نیشتمانیبوون، بەڵام هەر لە وابەستەیی تائیفییاندا مـانـەوە، بۆیە حاڵەتی نیشتمانیبوون بە شلۆشاوی دەمێنێتەوە، بەبێ خۆپارێزی کە سەرلەنوێ دەیخاتە گێژاوی لێکدانەوەو وەفاداری جیاوازو جۆراوجۆرەوە.

زۆرجار هەستی هاوڵاتیبوون لە هەستی نیشتمانیبوون مسۆگەرترە، چونکە یەکەمیان چێژێکی دەمارگیری تێدایە، بەڵام دووەمیان ویژدانی و عەقڵانی و بەرپرسیارانەیە، سـەرەڕای هەموو کۆسپ و گیروگرفتەکان، ئەوروپای یەکگرتوو بونیات دەنرێت، چونکە گەلانی ئەوروپایی لەسەر ئەو ئامانجە سورن، بەڵام ئێمە لە لوبنان هەرچەندە روبەڕووی کێشەو گرفت ببینەوە گومان لە قەوارەکەمان دەکەین، ئێمە پێمانخۆشە پێکەوە بژین، بەڵام نامانەوێت پێکەوە حوکم بکەین، ویستی نیشتمانی هاوبەش لە نێواماندا بوونێکی نییە، هاوبەشی و هاوپشکی لە نیشتماندا پڕۆژەیەکە بۆ هەژمونگەریی، هەژمونگەریی نابێتە هۆی دابەشبوون، چونکە کاتێك تۆ دەست بەسەر پشکی منداد دەگریت، ئیتر دابەش دەکرێت.

نەهامەتی لوبنان لـەوەدایـە کـە مەحکومە بە

زۆرجار هەستی هاوڵاتیبوون لە هەستی نیشتمانیبوون مسۆگەرترە، چونکە یەکەمیان چێژێکی دەمارگیری تێدایە، بەڵام دووەمیان ویژدانی و عەقڵانی و بەرپرسیارانەیە سەرەڕای هەموو کۆسپ و گیروگرفتەکان

دابەشبوون و یەکبوونێکی ڕاگیراو لە جێبەجێکردن، تراژیدیای لوبنان ئەوەیە کە دوو سزای زۆر قورستری بەسەردا جێبەجێ دەکرێت بریتین لە شەڕو قەیرانە یەك لەدوایەکەکان، لە رابردوودا سەبارەت بە جەوهەر (قەوارە) ناکۆك بووین، بەڵام لەسەر بوون (پێکەوەژیان) کۆك بووین، ئەمڕۆش لەسەر قەوارە ڕێککەوتووین، بەڵام لەسەر بوون ناکۆکین، ئەوەش دابەشبوون و ململانێی زیاتری سەبارەت بە دەوڵەت لە نێواماندا دروستکرد.

سـەرەڕای ئـەوەش لە روبەڕووبونەوەی راستەقینە نیگەرانین و لە دیاریکردنی چارەنوسمان دەترسین، خۆمان لە بەردەم جیهاندا ڕادەگرین، بەڵام لە بەردەم خودی خۆماندا خۆڕاگر نین، بەسەر هێزی ئەوانی تردا سەردەکەوین، بەڵام لە بەردەم لاوازی خۆماندا دۆڕاو

کۆچکردوو رەفیق حەریری

حەسەن نەسرولّلا

و داماوین. لە بەردەم رابوونی میژووییدا چاوەڕوانی پوکانەوەی لەسەرخۆیین.

ئەمە نییە چارەنوسی ئیمە، چارەسەرییەکان لەبەردەماندا زۆرە، ئەوەندە بەسە پێیان رازی بین و وەکو نەخۆشێك رەفتار نەکەین کە لە پزیشك رادەکات و رازی نییە لەو دەرمانە بخوات کە ژیانی رزگار دەکات، با تەنها یەك وشەیەك بڵێین کە خودمان ببوژێنێتەوە: ئیمە چ جۆرە لوبنانێکمان دەوێت؟

ئیمەی کریستیانی لە لوبنان، وەڵامی ئەم پرسیارەمان داوەتەوە، ساڵی 1920 لوبنانی گەورەمان هەڵبژارد، ساڵی 1943 سەربەخۆیی و میساقی نیشتمانیمان هەڵبژارد، ساڵی 1982 یەکێتی و فەرمانڕەواییەکی بەهێزمان هەڵبژارد، بەڵام وەڵامی هیچ کەس لە وەڵامی کریستیانەکان نەدەچوو، بۆیە لەسەر خاکەکەمان شەڕو قەیرانەکان سەریانهەڵداو بەرپابوون، لە 14ی ئاداری 2005دا وەڵامی کریستییانەکان و چەند لایەنێکی زۆری ئیسلامییەکان و دورزییەکان یەکانگیر بوو، بەڵام وەڵامەکە وەك گۆرانییەك دەوترایەوەو رووداوەکان ژێر پێیان نا.

با سەرلەنوێ پرسیارەکە بکەینەوە، ئەگەر وەڵامە تازەکان یەکبگرن، ئەوا دەتوانین دەوڵەتێکی ناوەندی و یەکگرتوو بونیات بنێین، ئەگەریش وەڵامەکان جیاوازو ناکۆك بن، ئەوا دەوڵەتێکی فیدراڵی بونیات دەنرێت، ئەگەریش زۆر ناچوونیەك بێت، ئەوا خۆتان بۆ دابەشبوون ئامادە بکەن، بەڵام چی دابەش بکەین؟ دارستانی ئورز یان ستونەکانی بەعلبەك؟ ئەشکەوتی جعیتا؟ کەلتووری سەیداو سور؟ ئەلفبێی فینیقی؟ فکرو فەلسەفەو شیعری شاعیرانمان؟ بازارەکانی بەیروت و پاشماوەکانی قرمیدەکانی؟ لاشەی رۆڵەکانمان؟

ئیمە بەرگریمان کرد بۆ رێگرتن لە دابەشبوون، بەرگریمان کرد لە پێناو نیشتمانێکی تەواو نەك لە پێناو پارێزگایەك یان قەزایەك یان گوندێك، رەتکردنەوەی دابەشبوون هەروا شتێکی ئاسایی نەبوو، ئەوە ئاساییە کە لوبنانییەکان لە قۆناغە گرنگەکانی میژوودا پرسیاری چارەنووسسازیان کردووە، ئەمڕۆش دەوڵەتە زلهێزەکان هەمان ئەو پرسیارانە دەربارەی چارەنوسیان دەکەن، چجای بۆ دەوڵەتێکی وەکو ئیمە، ساڵی 2006 میدیای



سەعد حەریری

کۆچکردوو عیماد موغنیە

فەرەنسا بابەتی چارەنوسی نـەتـەوەی فەرەنسایان وروژانـدو گـەورە سیاسەتوان و بیرمەندانی فەرەنسا رای خۆیان لەوبارەیەوە دەربڕی، لە کۆتاییدا سەرجەم وەلّامەکان جەختیان لەسەر پاراستن و پتەوکردنی یەکێتی فەرەنسا دەکرد.

ئێوەش وەرن با پـارێـزگـاری لە لوبنانی خـاوەن پەیام بکەین، بەلّام ئایا دەتوانێت لەم ژینگە جیهادیە توندرەوییە پڕ لە تیرۆرو بیری خۆکوژییەدا ببێتە لوبنانی خاوەن پەیام؟

موعجیزەی بونیادنانی لوبنانی یەکگرتوو، بەبێ لوبنانیە باوەڕدارەکان بە یەکبوون

لوبنان خاوەنی دوو وێنەیە، یەکێکیان بە زومێکی مێژوویی لە ئاسمانەوە گیراوە، دووەمیان لە زەوییەوە بە زومێکی سیاسی گیراوە، سەرەڕای جیاوازی و پێچەوانەییان، هەردوو وێنەکە راستەقینەن: وێنەی یەکەم بێهیوایی و شکست و تووڕەیی دەچێنێت، وێنەی دووەم هیواو ئاوات و بڕوابوون دەبوژێنێتەوە، پێکەوە گونجانی نێوان هەردوو وێنەکە بە درێژایی چەندین دەیە لەسەر حسابی پاراستنی ئاسایش و ئـازادی لوبنانییەکان، ئەمڕۆ گەیشتوەتە کۆتاییەکەی، بۆیە لەسەر لوبنانییەکان پێویستە یەکێکیان هەلّبژێرن، یان دەبێت وێنەیەکی نوێ دەربارەی خۆیان پێشکەشی جیهان و نەوەکانی ئایندە بکەن.

وێنەی یەکەم

لەسایەی فرەیی بـیـروڕای لوبنانییەکان، شتێکی ئاساییە کە دانوستان لەنێوان ئەو دەولّەتانەدا بەڕێوە دەچێت کە لوبنانییەکان لەپای پێکهێنانی حکومەتی لوبنان قەرزداریانن، رۆژێك لە رۆژان پێتان سەیر نەبێت کە بەندێك بۆ دەستووری لوبنان زیاد بکرێت بۆ ئەوەی دانوستانە دەرەکییەکان وەکو راوێژکاری پەرلەمانی پابەند بکات.

دوێنێ داوامان کرد ئەنجومەنی باڵای لوبنان - سوریا هەلّبوەشێنرێتەوە، بەلّام وەلّاممان نەدرایەوە، ئێستاش ئەنجومەنی راسپاردەیی سوری - سعودی - ئەمەریکی لەدایکبووەو سەرکردەو لێپرسراوانی لوبنان دانیان پێدا ناوەو داواش دەکەن بەرفراوانتر بکرێت، سـەروەری و

سەربەخۆیی لە کوێن؟ کەرامەتی لێپرسراوانی لوبنان کوانێ؟ کوا کەرامەتی گردبوونەوەی 8 و 4ی ئـادار؟ کاریگەرییەکانی شۆڕشی ئورز لە کوێیە؟ کوا پەیامی ئـازادی باشور؟ کەرامەتی گەلی لوبنان لە کوێیە؟ کوا سودی بڕیارەکانی دادگای نێودەوڵەتی؟ خوێنی شەهیدان لە کوێیە؟ کوا سەردەمی نوێ؟

لـە سـەردەمـی داگیرکارییەکاندا، هەستکردنی لوبنانییەکان بە جەربەزەیی لە ئێستا بەهێزتر بوو، چونکە بەرگرییان دەکردو خەونیان بە ئازادبوونەوە دەبینی، بەڵام ئەمڕۆ زۆربەی عارو عەیبەکانمان بوونەتە مایەی ریسوایی و گەلیش گوێی پێنادات، بەڵکو لەجیاتی ئەوەی لەدژی فەرمانڕەواو سەرکردەکانی راپەڕێت و بناغەی دەوڵەتێکی نوێ دابڕێژێت کە بتوانێت بە سەربەخۆیی

> **چی دابەش بکەین؟ دارستانی ئورز یان ستونەکانی بەعلبەك؟ ئەشکەوتی جعیتا؟ کەلتووری سەیداو سور؟ ئەلفبێی فینیقی؟ فکرو فەلسەفەو شیعری شاعیرانمان؟ بازاڕەکانی بەیروت و پاشماوەکانی قرمیدەکانی؟ لاشەی رۆڵەکانمان؟**

و بوێری و ئازادییەوە کاروبارەکانی بەڕێوەببات، لەئاست ئەو پاشاگەردانی و بودەڵێیدا بێدەنگە.

ئەگەر دوو راستی نەبوایا دامەزراندنی حکومەتی لوبنان لە دەرەوە پێکنەدەهات: پێویستی ڕێککەوتنی تائیف بە سەرگەورەیەکی دەرەکی لە پێناو ڕێکخستنی نێوان هەرسێ دامـودەزگـا دەستوورییەکە، هەروەها دابەشبوونی نێوان لوبنانییەکان و خۆبادانیان بە پاشکۆیەتیان بۆ دەرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە وەکو نیشتمانی خۆیان دانیان بە لوبنان ناوەو دروشمی (سەرەتا لوبنان)یان بەرزکردووەتەوە، هۆکاری پشت پاشکۆیەتی لوبنانییەکان بۆ دەرەوە ئەوەیە کە هەموو تائیفەیەك پڕۆژەیەکی بۆ لوبنان هەیە ئەستەمە بتوانێت بەبێ یارمەتی ماددی و سەربازی دەرەکی جێبەجێی بکات، بە تەنها خودی لوبنانییەکان دەتوانن پڕۆژەی (لوبنانی ئازاد) بەدیبهێنن، بەڵام لەسەر ئەم خەونە مومکینە کۆك نین.

ئەو دوو راستییە، واتـا (سـەرگـەورەی دەرەکـی و دابەشبوونی ناوخۆیی) پێویستیان بە گرتنەبەری دوو ڕێکار هەیە: هەموارکردنی چەند بەندێکی دەستووری پەیوەست بە ڕێککەوتنی تائیف لەگەڵ چاوخشاندنەوە بە بونیادی دەوڵەتی ناوەندی لوبنان.

ئازادکردنی خـاك بە تەنها پێوەری سەربەخۆیی و سـەروەری لوبنان نییە، سوپای دەوڵەتان لە لوبنان پاشەکشەیان کـرد، بـەڵام سیاسییەکانی ئێمە لە هیچ دەوڵەتێك نەکشانەوە، ئەم ڕەفتارە بۆ جیهانی دەسەڵێنێت کە ئێمە گەلێکین بەدەست حاڵەتی دابەشبوونێکی درێژخایەنەوە دەنالێنین، سـەرەڕای ئـەوەی کە لافی یەکبوون لێدەدەین، جگە لەوەش هەمیشە بەدەست کەمی پێگەیینی سیاسی گیرۆدە بووین، سەرەڕای ئەوەش خۆمان بە نیشتمانپەروەرییەوە بادەدەین، ئێمە گەلێکین ئولفەتمان بە دووبارەکردنەوەی پۆزش لە ئایینەدو داوای لێبوردن کردن لە مێژوو گرتووە، ئەم ئەگەرانە پێکەوە پاساو دەداتە دەستێوەردانی دەرەکی لە بارودۆخمان بە شێوەیەکی نیمچە هەمیشەیی و لەژێر سایەی ئینتیداب یان ڕاسپاردەیی یان سەرپەرشتیکردن یان داگیرکاریدا.

نەخشەی لوبنانی گـەورە لـە قۆرسای داڕێـژرا، سەربەخۆیی لوبنان بە لەندەن-دا تێپەڕی، دەستووری ئێستای لە تائیف پێگەیشت، سـەرۆك کۆمارەکانی و سەرۆکەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و حکومەتی لوبنان لە پاریس و واشنتۆن و قاهیرەو دیمەشق و ریازو تاران، دواجاریش لە دۆحە پێگەیشتوون، سەرجەم قۆناغەکانی ئەم هێڵە چەماوەیە ئەوەیان سەلماند کە لوبنانی ناوەندیی یەکگرتوو، پڕۆژەیەکە بە نەخشەی داگیرکاریی کێشراوە، چونکە یەکێتی دەوڵەت لەڕووی شارستانی و کەلتووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەوە، ڕەنگدانەوەی گەلێکی یەکگرتوو نییە.

ئێمە گەلێکین نە راستییەکان و نە ئەفسانەکان و نە مێژوو نە ئایینەمان و نە ئایین و نە پێغەمبەران و نە حەڵاڵ و نە حەرام لەنێوان یەکتریدا دابەش ناکەین،

دەکوژین، ئاسایش و ئارامیمان دەوێت و واز لە شەڕکردن ناهێنین، سەروەریمان دەوێت و دەستبەرداری پەنابردن بۆ بێگانەو غـەواڕە نابین، سەربەخۆییمان دەوێـت و دەستبەرداری تەرەفگیری نابین، دەوڵەتمان دەوێت، بەڵام دڵین دەوڵەتۆکە دروسـت دەکەین، سەربەرزی دەخوازین، بەڵام ئالودەی بەکرێگیراوی بووین. ئێمە شەڕمان بە کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران کردو ئاشتی بۆ کۆمەڵگەیەکی گەندەڵ وێنا دەکەین، لەناو تراژیدیایەکی قـەوارەیـی وجـودیـدا دەژیـن و قەیرانی سیستمێکی دەستووری تێدەپەڕێنین، کە تێیدا لەپێش زانست و ژیری پەنا بۆ ویـژدان دەبرێت بۆ چاکردنەوەی بەڵێننامەی پێکەوەژیان.

دەوڵەتی لوبنان لە رابردوودا بریتیبوو لە پەردەیەکی وەهمی بۆ نیشتمانێکی لەبەریەك هەڵوەشاوە، ئەمڕۆش نیشتمان بووەتە پەردەیەکی وەهمی بۆ دەوڵەتێکی لەبەریەك هەڵوەشاو، لەکاتێکدا کە نیشتمان باجی فرە وابەستەیی و فرە پاشکۆیەتی دەدات، لە بەرامبەردا دەوڵەت باجی فرە هەژموونی دەدات، بەوجۆرەش لە وەهمێکەوە بۆ یەکێکی ترو لە بێهیواییەکەوە بەرەو یەکێکی تر دەڕۆین، ئەم بارودۆخە تاڵە ماوەی (90) ساڵ لەنێوان 1920 - 2009 بەردەوامی هەبوو، پێشدەچێت بۆ (100) ساڵی تریش تازە بێتەوەو لەگەڵ خۆیدا شەڕو قەیرانەکان و تیرۆرکردن و داگیرکاری و کۆچ و تراژیدیاو کاولکارییەکان دووبارە ببنەوە، بەم پێیەش رۆژێك دێت تیایدا لوبنان دەبێتە خاکێك بەبێ گەل، یان باشتر وایە بڵێین گەلێك بەبێ گەلە رەسەنەکەی.

لێرە سیستمی رێکخستنی نامەرکەزی پێشنیاز دەکەن، بـەڵام لـەوێ سیستمی فیدرالی جێبەجێ دەکـەن، لە شوێنێکی تریش دەربارەی دابەشبوون چرپە چرپ دەکەن، بەڵێ دابەشبوون، ئێمە سەرمان لەناو لمدا ناشارینەوە، بەڵام جێگەی داخە کە پرۆژەی دابەشکردنی لوبنان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و عەرەبی و نێودەوڵەتی بێتەوە بەرباس، بەڵام هێشتا کاتەکە تێنەپەڕیوە بۆ ئەوەی بەربەرەکانێی دابەشبوون بکەین، سەرەڕای ئەو بارودۆخە لێڵ و واقیعە رەشەی کە هەیە، بیرکردنەوەی واقیعییانەی دەستکەوتوو لە ئەنجامی ئەزمونەکان، گیانی یەکێتی فیدراڵی لە ناخماندا دەبوژێنێتەوە، چونکە یەکێتی مەرکەزی نۆشکراو ئۆغری کرد، چونکە لەگەڵ کۆمەڵگەیەکدا ناگونجێت و وێکنایەتەوە کە ئەو هەموو فرەیی و پەرتەوازەییەی تیادا بێت.

وێنەی دووەم

پیاچوونەوە بە کاروانی مێژووی لوبنان وێنەیەکی ترمان نیشاندەدات کە بـاوەڕبـوون بە ئایینەی ئەم نیشتمانەمان لەلا دەبوژێنێتەوە: کاتێك دەوڵەتی لوبنان دامەزرێنرا، قەوارەکەی تەنها رووبەرێك بوو کردمان بە نیشتمان، ئەم نیشتمانە بە درێژایی چەند دەیەیەك بە نیو سی هەناسەی دەدا، چونکە نیوەکەی تر ژیانی چەند قەوارەیەکی تری درێـژە پێدەدا، سـەرەڕای ئەو کۆسپە قۆناغیە، لوبنانییەکان سەرکەوتوو بـوون لە رێکخستنەوەی ئیدارەیەك لەژێر سایەی ئینتیداب، پاشان بارودۆخ لە بەرژەوەندییاندا بوو توانیان سەربەخۆیی وەربگرن و دەوڵەتێك بونیات بنێن کە لەگەڵ هەموو خەوش و کێشەکانیدا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی و ئاسیای بچوکدا باشترین و باڵاترین بوو، لە پێناو بەهێزکردن و پاراستنی ئەو دەوڵەتەدا، لوبنانییەکان میساقی نیشتمانیان داناو بووە داهێنانێکی فەلسەفی و سیاسی بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان کریستیانەکان و موسوڵمانەکاندا، ئەو میساقە بە حوکمی مێژوویان لە لوبنان، پێشەنگییەکی سیاسی زیاتری بە کریستیانەکان بەخشی کە سودی بە لوبنان گەیاند، لەهەمانکاتیشدا زیانی پێگەیاند.

ژیانی تایبەتی و گشتی لە لوبنان ئارام و ئاسایی بووەوە، لەبەرئەوەش ئەم وڵاتە هەژارە لەڕووی داهات و سەرچاوەی سروشتی کە خاوەنی رووبەرێکی بچوك و دانیشتوانی کەمە، بووەتە سیمبوڵی سەرکەوتنی ئابوری و دارایی و گەشەکردن و سەقامگیری، هەر لەبەرئەوەشە کە بە (سویسرای خۆرهەڵات) و دیوە روناکەکەی دەریای ناوەڕاست ناوبانگی دەرکردووە، لێرە کەلتوورو زانکۆکان و نەخۆشخانەکان و تەندروستی باش و بانك و نهێنی بانکی و پێکەوە ژیانی ئایینەکان بوونیان هەیە.

میشێل عۆن

میشێل سلێمان

ئایا ئەوە موعجیزە نییە کە لوبنانییەکان سەرەڕای جیاوازی و ناکۆکیان سەبارەت بە پابەندێتی و قەوارەو ناسنامەو دەسەڵاتی سیاسی، پێشەنگ و سەرکەوتوو بوون لە داهێنانی هەموو ئەم دەستکەوتانە: (لوبنانی گەورە، بونیاتنانی ئیدارە، بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، دانانی میساقی نیشتمانی، بونیاتنانی دەوڵەت و ئابورییەکی گەشەکردوو)، ئایا ئـەوە موعجیزە نییە کە لوبنانی یەکگرتوو بەبێ بوونی لوبنانیە یەکێتی خوازەکان بونیات بنرێت؟

دەوڵەت سەرقاڵ بوو بە چارەسەرکردنی ناکۆکی و کێشە تائیفی و ناسیۆنالیستییەکان لە رێگەی فراوانکردنی بەشداریکردنی سیاسی و بەدیهێنانی دادپـــەروەری کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی هاوسەنگەوە، لەکاتێکدا کە لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوودا روبەڕووی کێشەکانی سوپایەك لە پەنابەرانی فەلەستینی بوەوە کە لە لوبنان بە سەرکردایەتی رێکخراوی فەتح بوونە دەوڵەتۆکەیەك و لەلایەن چەند گروپێکی ئیسلامی و چەپڕەو بە سەرپەرشتییەکی گوماناوی سوریا پشتیوانیان لێدەکرا، نسکۆی لوبنان دەستی پێکرد، لوبنانییەکان دابەشبوون، شەڕی گەورەی لوبنان لەنێوان ساڵانی 1975 - 1990دا هەڵگیرسا، دەوڵەتی لوبنان پەکیکەوت و وڵاتەکە داگیرکرا، تەنها چوارگۆشەیەکی مەسیحی نەبێت (لە کفرشیماوە تاکو پردی المدفون)، بەڵام بەرگری کردو توانی لەگەڵ بەشیر ئەلجومەییل سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، پاشان لەدوای شەهیدبوونی ئەلجومەییل بەهۆی شەڕی مارۆنییەکانەوە شکستی هێنا، لوبنانییەکان لە مەینەتییەکانی ئەو ساڵانە دەربازیان بوو دڵسۆزی خۆیان بۆ لوبنان و ڕەتکردنەوەی نیشتەجێکردنی فەلەستینییەکان راگەیاند.

ئایا ئەوەش موعجیزە نییە کە هاوسۆزی هەمووان یەکبگرێت بۆ ڕەتکردنەوەی خواستی نیشتەجێکردن، لەکاتێکدا ئەمانە دوو هۆکاری سەرەکی بوون لەپشت هەڵگیرسانی شەڕ؟

راستە کۆتاییهاتنی شەڕ سەلماندی کە داگیرکاریی سوریا کارکردن بوو بە رێکەوتنی تائیف، بەڵام لوبنانییەکان خرانە ژێر باری حوکمێکی نیمچە سەربازییەوە کە کریستیانەکانی



وەلید جونبوڵات

سەمیر جەعجەع

لاواز کردو هەموو توانا شارستانی و کەلتووری و دارایی و ئابورییەکانی لوبنانی هەڵمژی، بەڵام لە ساڵی 2005دا گەلی لوبنان تۆڵەی خۆی کردەوەو سوپای سوریا بەگوێرەی بڕیارێکی نێودەوڵەتی پاشەکشەی کرد.

ئایا ئەوە موعجیزە نییە کە زیاتر لە یەك ملیۆن لوبنانی فرە بیروبۆچوونی تائیفی و حزبی و ناوچەگەرێتی لە 14ی ئاداری 2005 لە گۆڕەپانی شەهیدان یەکبگرن و کۆبنەوەو فشار دروست بکەن بۆ پاشەکشەپێکردنی سوپای سوریا لە لوبنان لەدوای داگیرکردنی کە (30) ساڵی خایاند؟

ئێستا (3) سیمای چارەسەرکردن ماوەتەوە لە پێناو پاراستنی سەقامگیری دەوڵەتی سەربەخۆدا:

یەکەم: چارەسەرێکی فەلەستینی پاڵپشت بە رەهەندێکی عەرەبی - ئیسرائیلی، ئەویش بریتییە لە نیشتەجێکردنی فەلەستینییەکان لە لوبنان.

دووەم: چارەسەرێکی لوبنانیە پاڵپشت بە رەهەندێکی شیعی - ئێرانی، بریتییە لە پرۆژەو چەکی حزبوڵڵا لە لوبنان.

سێیەم: ئەمەشیان چارەسەرێکی لوبنانییە پاڵپشت بە رەهەندێکی عەرەبی - ئیسلامی، بریتییە لە رەوتی ئوسوڵی سەلەفیی سوننی.

بێئەوەی لەڕووی نیشتمانییەوە هاوبەرامبەری لەنێوان ئەم سێ چارەسەریەدا بکەین، ئەگەر لوبنانییەکان توانیان پێکەوە رێکبکەون لەسەر دووبارە بڵاوکردنەوەو نیشتەجێکردنی فەلەستینییەکان لەناو دەوڵەتانی عەرەبی و هەندێك لە دەوڵەتە بیانییەکان، بەوشێوەیە کێشەی نیشتەجێکردنی تەواو دەبێت و یەکێتی لوبنان رزگار دەکرێت و لە لەناوچوون دەپارێزرێت.

ئەگەر حزبوڵڵا بەقا بکات بە پەسەندی تەوزیفکردنی ئازادبوون لەناو دەوڵەتی لوبنان، ئەوا بێگومان مەسەلەی چەك چارەسەر دەبێت و یەکێتی و ئاسایشی لوبنان دەپارێزرێت و رزگار دەکرێت، بەڵام سەبارەت بە دیاردەی سەلەفیەتی مۆڵگەکردو، وا پێدەچێت تائێستا داموددەزگا ئەمنی و سەربازییەکانی لوبنان لەتوانایاندا بێت چارەسەری بکەن، دوایئەوەی سوپای ئیسرائیل لە لوبنان پاشەکشەی کرد، دەکرێت حزبوڵڵا ببێتە فاکتەرێکی

یارمەتیدەر بۆ چەسپاندنی یەکێتی خاکی لوبنان، هەروەکو کریستیانەکان لـەدوای کشانەوەی عوسمانییەکان و سوننەکان و دورزییەکان لەدوای کشانەوەی سوپای سوریا کردیان.

مارۆنییەکان ئامادەبوون داوای پێکهێنانی لوبنانی گـەورە بکەن، ئینتیدابی فەرەنساش لوبنانییەکانی وروژانـدو لەسەر پرسی سەربەخۆبوون یەکیانگرت، لوبنانی سەربەخۆ بە شێوەیەکی پراکتیکی بەشداری بە موسوڵمانەکان کرد لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، هەوروەها فراوانکردنی بەشداری پێکردن وای لە موسوڵمانەکان کرد لوبنان بە کۆتا نیشتمانیان بزانن، ئەمڕۆش حزبوڵڵا هەست بە شانازی دەکات لەپاڵ بەرگریکردنی لە باشور، چونکە بەرپرسیارێتی هەیە لە گەڕاندنەوەی شیعەکان بۆ ناو باوەشی دەوڵەت تاوەکو لەگەڵ سەرجەم لوبنانییەکان بە هەموو دەنگ و رەنگیانەوە لەسایەی ئاشتی ناوخۆیی بونیاتنراو لەسەر پاراستنی کەرامەت و هێزو ماف و سیستمی لوبنانییەکان بە ئاشتی پێکەوە بژین.

ئایا ئێمە لە کوێی وێنەی یەکەمداین؟ وێنەی دووەم جوانە، بەتایبەتی لە رووە سوریالیەکەیدا، لوبنان بە واقیعی پێکهاتەیەکە لە هەردوو وێنەکە، یەکەمیان لەگەڵ ئازارەکانماندا دەژی، دووەمیش لەناو کتێبەکاندا دەیبینین، سەیر لەوەدایە کە وێنە ناشرینەکە بریتییە لە رەنگدانەوەی وێنەیەکی جوان، ئایا لەمەدا موعجیزەیەك بەدی ناکرێت؟ ئەگەر وانییە ئێمە پێویستمان بە موعجیزەیە؟

ژمارەی پێوانەیی بۆ لەدەستدانی مافی چارەی خۆنوسین

لە سەردەمە کۆنەکاندا، چوار خاڵی نەگۆڕ هاوەدەمی لوبنان و لوبنانییەکان بوون ئەوانیش:

- هەرچەندە لوبنانییەکان کەمینەش بـوون، لە بەرامبەر قۆڵت و کۆسپەکانی مێژووەدا دواجار مافی چارەی خۆنووسینیان بەدەستهێنا.
- سەرەڕای قورسی ئەزمونەکان، لوبنانییەکان ئەو مافەیان بە شێوەیەکی خراپ بەڕێوەبرد.
- سـەرەڕای پێکهاتن و ئاشتەوایی مێژوویی نێوانیان، دابەشبوونی تائیفی لەنێوانیاندا گەشەی کردووە.
- سـەرەڕای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، بە شێوەیەکی سەیر دەسـتێـوەردان لە کاروبارەکانیان رووبداوە.

کەواتا، پێشئەوەی لوبنانییەکان چانسیان تاقیبکەنەوە، پێویستە لۆمەی خۆیان بکەن، لەکاتێکدا ئەم ناوچەی خۆرهەڵاتە بەتەواوەتی لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوو، لوبنانییەکانی چیا مافی ئۆتۆنۆمیان هەبوو، مارۆنییەکانیش رۆڵێکی سەرەکییان گێڕا لـەڕووی پارێزگاریکردن لە تایبەتمەندێتی چیا لە رێگەی گرنگیدانیان بە زانست، هاریکاریکردنی دورزییەکان، بەشداریکردنی پێشەنگیان لـەڕووی سەرکردایەتی و ژمـارەیـی لە سوپای وڵات، هاوپەیمانێتیان لەگەڵ خۆرئاواو پشتیوانیکردنیان لە دۆزی کریستیانەکانی خۆرهەڵات، مارۆنییەکان ئەرکی پاراستنی هەردوو ئیمارەتی مەعینی و شەهابی-یان گرتە ئەستۆ لە فەخرەدین مەعینی گەورەوە تاکو سەردەمی بەشیر ئەلشەهابی لەنێوان ساڵانی (1590-1842)دا، ئەوەی فەرمانڕەواکان لە جەنگە سەربازییەکانیان لەدژی عوسمانییەکان لەدەستیان دەدا، مارۆنییەکان بە سیاسەت و توانای دیپلۆماسی خۆیان و یارمەتی ئەوروپاو کەنیسەی رۆما بەدەستیان دەهێنایەوە.

دوو بەڵگەی زیـنـدوو دەخـەمـەڕوو دەربـارەی رۆڵی مارۆنییەکان لە پاراستنی ئیمارەتەکەدا، یەکەم: هەڵسانی مەعینیە دورزییەکان و شەهابیە سونییەکان بە پەیڕەوکردنی ئایینزای مارۆنی بە شێوەیەکی لەسەرخۆ، دووەم: ملکەچکردنی تەواوەتی ئیمارەتی دورزی لە سەردەمی ئەلتنوخی بوحتوری (763-1519) بۆ دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی، ئـەوەش بەهۆی لەدەستچوونی رۆڵی مارۆنییەکان لەو سەردەمەدا، بەڵام ئەو راستییە مێژوویە وا لێکدراوەتەوە گوایا مارۆنییەکان کە لە پێناو سەربەخۆیی و خودموختاری ئیمارەتی چیا خەباتیان کردووە، سەرکەوتوو نەبوون لە لکاندنی چیای باکوری لوبنان بەو ئیمارەتەوە بۆ هەمیشە، لەگەڵ ئەوەشدا کە یەکەم خاڵی دەستپێکردنی درەوشانەوەی لوبنان و

بارەگای بتریارکەکانیان و سەنتەرو ناوەندی دێرەکانیان و کەنیسەکانیان بوو.

سەرەڕای بوونی زۆرێک دەرفەتی بابەتی کە رەخسابوون بۆ دەرچوون لە قەیران، یان جەنگ و راسپاردەیی، بەڵام لوبنانییەکان لەدەستیان دان، مێژوو پڕیەتی لە وێستگەی گەورەو پڕشنگدار، دەیسەلمێنن کە پەرۆشی هەبووە بۆ بوونی لوبنان لە پێگەیەکی تایبەتی لە ناوچەی خۆرهەڵاتدا، دیارترینی ئەو وێستگانە:

- ساڵی 1516ی زایینی، عوسمانییەکان بەسەر مەمالیکەکاندا سەرکەوتن، بەڵام دەستیان نەگەیشتە ئیمارەتی چیا لە لوبنان و هیچ والیەکی عوسمانیان بۆ دانەنا کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ وەکو هەموو ناوچەکانی تری دەوروبەری فەرمانڕەوایەتی بکرێت، بەڵکو دەسەڵاتی موعینییەکانیان تازە کردەوە.
- ساڵی 1634ی زانینی، عوسمانییەکان بەسەر دەسەڵاتی فەخرەدینی گەورەی دووەمدا سەرکەوتن و بردیان بۆ ئەستانەو لەوێ کوشتیان، بەڵام سەرەڕای پچڕینی چەند قەزایەک کە فەخرەدین پێوەی لکاندبوو، ئیمارەتی چیا هەر بەردەوام بوو.
- ساڵی 1697ی زایینی، شازادە ئەحمەد دوایین فەرمانڕەوای موعینییەکان کۆچی دوایی کردو عوسمانییەکان هیچ والیەکیان بۆ ئیمارەتەکەی دانەمەزراند، بەڵکو رازی بوون بە رێککەوتن لەگەڵ بنەماڵەکانی (الشوف) بۆ گواستنەوەی دەسەڵات بۆ بنەماڵەی شیهاب (شازادە بەشیر کوڕی حسێن ئەلشەهابی) کە خوشکەزای شازادە ئەحمەد موعینی بوو.
- ساڵی 1842ی زایینی، قەسابخانەو کوشتارگەلەکانی چیا لەنێوان دورزییەکان و مارۆنییەکان رووياندا و ئیمارەتی شەهابی رووخاو دانیشتوانی ئیمارەتی چیا رەزامەندییان لەسەر دابەشبوون (دوو قائیمقامیەت) نیشاندا لەسەر فەرمانڕەوایەتی راستەوخۆی عوسمانی (عومەر پاشای نەمساوی).
- ساڵی 1860ی زایینی، ئەزموونی حوکمی دوو قائیمقامیەت شکستی هێنا لە دانانی سنورێک بۆ ململانێی خوێناوی نەخشە بۆ دارێژراو لەنێوان مارۆنییەکان و دورزییەکان، پاشان لوبنانییەکان لەسەر سیستمی پارێزگاریی (موتەسەڕەفیە) بەردەوامبوون، کە توانی چیای لوبنان و دەوروبەری یەکبخاتەوە، هەرچەندە عوسمانییەکان لەوبارەیەوە خۆپارێزییان دەکرد (شیعەکان داوایان دەکرد بچنە پاڵ موتەسەڕەفیە، نەک بچنە پاڵ هەردوو ویلایەتی سەیدا و شام).
- ساڵی 1920ی زایینی، ئەوروپییەکان هەستان بە دەستبەسەرداگرتنی میراتی سوڵتانی عوسمانی، بەوهۆیەشەوە مارۆنییەکان سەرەڕای پرۆژەی سایکس-بیکۆ کە لەبنەڕەتدا دەیویست سوریاو لوبنان لەژێر دەسەڵاتی فەڕەنسادا یەکبخات، دەوڵەتی لوبنانی گەورەیان بەدەستهێنا (شیعەکانی لوبنان بە نێردەی کینگ- کراین-ی نێودەوڵەتییان راگەیاند کە دەوڵەتی لوبنانی گەورە بە پرۆژەکەوە پابەندەو رازی نییە بخرێتە پاڵ دەوڵەتە سونیەکەی شەریف حسێن لە سوریا).

سەرکردەکانی 14ی ئادار بەرامبەر خودی خۆیان و بە 14ی ئاداریش هەڵەیان کرد، بەڵام بەرامبەر لوبنان هەڵەیان نەکرد، سەرکردەکانی بەرەی (8)ی ئادار لەوانەیە لە حەقی خۆیان و (8)ی ئادار هەڵەیان نەکردبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەرامبەر بە لوبنان کردویانە

- ساڵی 1943، دەسەڵاتی فەڕەنسای ئازاد لە لوبنان لە بەردەم پێشڕەوی نازییەکاندا لاواز بوو، بۆیە لوبنانییەکان ئەو هەلەیان قۆستەوە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و توانیان سنورێك بۆ دەسەڵاتی ئینتیدابی فەڕەنسا دابنێن.
- ساڵی 1982، لوبنان بێجگە لە ناوەندی ناوچە کریستیانەکان لەژێر دەسەڵاتێکی سوری - فەلەستینی دا بوو، بۆیە ئیسرائیل پەلاماری وڵاتەکەی دا بۆ لێدانی ژێرخانی سەبازی فەلەستینی و ناچارکردنی سوریا بە کێشانەوەی سوپاکەی لە خاکی لوبنان، بەڵام جیهانی ئازاد بەتایبەتی ئەمەریکا هاتنە وەڵام بۆ سنوردارکردنی

جەنگ لە رێگەی پشتیوانیکردنی پڕۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناوەندی ئازادو بەهێز لە لوبنان و ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل کە دواتر رێککەوتنی 17ی ئایاری 1983ی لێکەوتەوە.

- ساڵی 2005، لوبنانییەکان لەدوای تیرۆرکردنی (رەفیق ئەلحەریری) سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتەی لوبنان راپەڕین، لەو بارودۆخەدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە رێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، سوریای ناچار کرد سوپاکەی لە خاکی لوبنان بکێشێتەوە، بەوشێوەیەش لوبنانییەکان سەروەری و سەربەخۆییان بەدەستهێنایەوە، سوننەکان لەدوای تێپەڕبوونی 85 ساڵ بەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی لوبناندا، چوونە پاڵ پڕۆژەی « لوبنان پێش هەر شتێك».

لە ئەنجامی هەموو ئەو گۆڕانکارییە مێژوویانەی باسکران، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لوبنانییەکان مافی چارەی خۆنوسینیان بەدەستهێناوە، لە زەمەنێکدا کە ئەم چەمکە نەناسراو یان نادیار بووە، لەسایەی نەبوونی هیچ مەرجەعێکی هەرێمیی یان نێودەوڵەتی کە سەرپەرشتی کاروباری نەتەوەو گەلانی جیهان بکات، (دواتر رێکخراوی عوسبەی نەتەوەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست دامەزرێزان)، لوبنانییەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان مافی چارەی خۆنوسین-یان لە حوکمی عوسمانییەکان و ئەورووپییەکان پچڕی، لەکاتێکدا خودی عەرەبەکان لە سەردەمی کۆندا (خەلافەتی ئیسلامی) و سەردەمی داگیرکاری نوێی سوریا نکۆڵیان لێدەکرد.

لوبنانییەکان لە مێژووی خۆیاندا چەندین شێوازو سیستمی دەستووری و قەوارەی جوگرافی و فۆرمی ژیانی هاوبەشی جۆراوجۆریان تاقیکردەوە، بەڵام لوبنانێکی بچوککراوەیان لەگەڵ شازادەیەکی نیشتمانی ناسی (ئیمارەتی چیا)، لەگەڵ دەسەڵاتێکی دابەشکراوی چیای لوبنان لەگەڵ پارێزگارێکی تائیفی لە چوارچێوەی

یەکە سەربازییەکانی حزبوڵڵای لوبنان لەئایشێکدا

سیستمی (هەردوو قائیمقامیەت)دا، هەروەها چیایەکی یەکگرتوویان ناسی لەگەڵ فەرمانڕەوایەکی بیانی نامۆدا لە چوارچێوەی لوبنانی گەورەی داگیرکراودا (ئینتیدابی فەڕەنسا)، هەروەها لوبنانێکی سەربەخۆیان بینی لە سەردەمی میساقی نیشتمانیدا،

لوبنانییەکان لە ژینگەو رووانگەکەی خۆیاندا چەمکی ئازادی و سەربەخۆییان بڵاوکردەوەو کردیانە وانەیەك بۆ ئەوەی گەلانی عەرەبی کە ئۆقیانوسەوە تاکو کەنداو لێوەی فێر بـبن، کاتێکیش ویستیان لەناو رووبـەری (10452) کیلۆمەتر چوارگۆشەدا ئۆقرە بگرن، ئەو گەلانە پشتیان تێکردو ئەویش هاواری کرد: بۆچی جێمدەهێڵن؟ بەڵکو بۆ کێم جێدەهێڵن؟

لـە ئێستادا، دەوڵـەتـە ئیقلیمی و زلهێزەکان فەرمانڕەوایەتی لوبنانی گـەورە دەکـەن، دەوڵەتی لوبنانیش فەرمانڕەوایەتی موتەسەرِیفیەکان (پارێزگاکان) دەکات، تائیفەو مەزهەبە ئایینیەکانیش فەرمانڕەوایەتی ئیمارەتەکان دەکـەن کە بەدرێژایی رووبـەری لوبنان بـڵاوبـوونـەتـەوە: ئێرە زەوی شیعەیە «بـرۆن بـەرەو چەکەکانتان»، ئەولاش زەوی سوننەو دورزییەکانە «سڵاو بکەن لە فەرمانڕەوا بە فەرمانی خوا»، لێرە و لەوێ و ئەولاتر خاکی مەسیحیەی «سڵاو لە خۆڕاگری لوبنان بکەن... ئەگەر دۆزیتانەوە».

هەڵوەشاندنەوەی تائیفیەتی سیاسی، پرۆژەیەکی عەلمانی یان تائیفیە؟

* ئەمە پوختەی کۆڕێکە کە سەماحەتی سەید (هانی فحص) و شەریف فەییاز ئەمینداری گشتی حزبی سۆسیالیستی پێشکەوتنخوازی لوبنان و قەشە پۆڵس وەهبە بەشداریان تیادا کرد، کۆڕەکە لەلایەن د.جۆزیف عەجمی بەڕێوەبەری کۆلێژی راگەیاندن بەڕێوەبراو لەلایەن مامۆستا سوهێل مەتەر جێگری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری پەیوەندییە گشتییەکان پێشکەشکرا، 8ی حوزەیرانی 2011

دیاردەی تائیفیەتی سیاسی بوونی هەیە، لەبەرئەوەی کە تائیفیەتی شارستانی، کەلتووری، پـەروەردەیـی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، دارایی، ئاسایشی و سەربازی بوونی هەیە، کەواتا بۆچی هەندێك داوای هەڵوەشاندنەوەی یـەك جـۆر تائیفیەت و هێشتنەوەی جۆرەکانی تری دەکـەن، بەتایبەتی کە تائیفیەتی سیاسی چەقەکەیەو ئەوانی تر سەرچاوەکانیەتی؟ تائیفیەتی سیاسی چرای رۆشنکەرەوەیە، بەڵام جۆرەکانی تری تائیفیەت سەرچاوەی ئەو وزەیەن کە تەزووی کارەبایی بۆ دروست دەکەن.

ئەگەر بێتو ئەو هەموو جۆرانەی تائیفیەت لەناو کۆمەڵگەی لوبناندا بوونیان هەبێت، کەواتا تائیفیەت نابێتە بەربەستێکی قۆناغیی، بەڵکو حاڵەتێکی کۆن و رەسەنە لەناو کەسێتی مێژوویی لوبنانیدا، تائیفیەت پێکهاتەیەکی سەرەکییە لە مێژووی ئێمەداو پەیوەندە بە باری ئایینیەوە لە خۆرهەڵات، لەپاڵ ئەو پەیوەندییە سروشتی و ئاساییەی کە لەنێوان لوبنان و رووانگەی دەوروبەریدا هەیە، ئەگەر جیاوازی لەبارەی لێکدانەوەی فەلسەفیانەی ئولوهیەت یان ململانێ لەسەر دەسەڵات بێت، بـەڵام سەردەمەکە تێپەڕاندووە، تائیفەکان و مەزهەبەکان و چەوساندنەوەی ئایینی بەرهەمهێناوەو لەسەریشی بەردەوامە، واتا تائیفیەتی سیاسی بە چەمکە گشتگیرییە قەوارەییەکەی بەرهەمهێناوە نـەوەك بە چەمکە لوبنانیە کاتییەکەی.

لەوەی لە سەرەوە باسکرا دەگەینە (3) دەرئەنجام:

یەکەم: لابردنی سیما سیاسییەکانی تائیفیەت هیچ سودێکی نییە بەبێ چارەسەرکردنی جەوهەری تائیفیەتی فرە دەموچاو، چونکە (بەش، هەموو لانابات).

دووەم: لابردنی حاڵەتی تائیفی گشتی بەتەنها لە لوبنان سودی نییە، ئەگەر سیستمی بێلایەنی لوبنان لەبەرچاو نەگرێت، ئەگینا عەلمانییەت لەژێر کاریگەری هاوبەرامبەری نێوان پێکهاتە کۆمەڵاتییەکانی لوبنان و دیاردە مەزهەبییەکانی خۆرهەڵاتدا دەکەوێت.

سێیەم: گواستنەوە بۆ قۆناغی عەلمانیەت قورسە بەبێ گواستنەوە بۆ حاڵەتی بەهاوڵاتیبوون، بەڵام گەیشتن بە حاڵەتی بەهاوڵاتیبوون ئەستەمە بەبێ دڵسۆزی رەها

بۆ نیشتمان و ڕێککەوتن لەسەر ناسنامەکەی و ڕۆڵ و پەیامەکەی، بەڵام ئەمە بابەتێکە هێشتا ناڕوونی و جیاوازی و مشتومڕو ناپاکی هاوبەرامبەری تێدا بەدیدەکرێت، لە ئێستادا ئەوەی جێگەی سەرنجدانە سەبارەت بە لابردنی تائیفیەتی سیاسی، ئەوەیە کە ئەم پڕۆژە نوێیە لەلایەن سیاسییەکانەوە لەپێش بیرمەندەکان خرایەڕوو، ئەمە مانای وانییە کە سیاسییەکانی ئێستای لوبنان عەلمانین، بەڵکو پێشنیازەکە بەرهەمی ئارەزووکردنە لە هەژمونگەری نەوەك بەرهەمی پاڵنەری ئەنجامدانی چاکسازی بێت، ئێمە لە وەهمدا دەبین ئەگەر پێمانوابێت کە ئەم چینە سیاسیە دەتوانێت کۆمەڵگە بکاتە عەلمانی، مادام تائیفیەتی هاوسۆز لەگەڵ گەندەڵی سەرمایەی سەرەکی زۆرینەی کایەکانی ئەو کۆمەڵگەیە پێکدەهێنێت.

ئەوەی جێی سەرنجە، پێش ئەوەی سیاسەتمەدارە موسوڵمانەکان و چەپەکان تازە بەتازە داوای لابردن و ڕەتکردنەوەی تائیفیەتی سیاسی بکەن، سیاسەتمەدارە کریستیانەکانی لەمێژە داوایان کردووە، دۆکیۆمێنتەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی لوبنان ئاشکرای دەکەن کە پەرلەمانتاری مارۆنی ڕۆڵەی فەتوح کسرەوان (جۆرج زوین) ناڕەزایەتی بەرامبەر هەردوو ماددەی (95 و96)ی دەستووری یەکەمی لوبنان دەربڕیوە لەکاتی تاووتوێکردن و گفتوگۆکردن لەسەری لە 22ی ئایاری 1926دا، چونکە ئەو دوو ماددەیە زەمینەیان بۆ تائیفیەتی سیاسی خۆشدەکرد، ئەو بەڵگەنامانە ئەوەش ئاشکرا دەکەن کە ئەمیل ئەدە لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر پێکهێنانی حکومەتەکەی شێخ بشارە ئەلخوری لە 14ی ئایاری 1927دا، داوایکردووە لە پرۆسەی دابەشکردنی پلەو پۆستەکاندا بنەمای تائیفی کاری پێنەکرێت، مادام مافی سەرجەم لایەن و تائیفەکان لە پەرلەماندا پارێزراو و ڕێزلێگیراوە، بەڵام وابەستەبوون بە بنەمای تائیفیەوە لە دامەزراندنەکاندا، سەلیقەو تواناکان دەکوژێت و یەکسانی نێوان هاوڵاتیان لەناودەبات.

ئەوکاتەی حکومەتی سەربەخۆی لوبنان لە ساڵی 1943دا یەکەم بەیاننامەی وەزاری خۆی دارشت، سنوری تائیفیەتی سیاسی تێپەڕاندو داواشیکرد لە ئایندەدا تائیفیەت بۆ هەمیشە وەلا بنرێت، لەو بەیاننامەیەدا ئەم ڕستەیە هاتووە: «ئەوساتەی کە تێیدا دەتوانرێت تائیفیەت وەلا بنرێت، ئەوە ساتی بەئاگاهاتنەوەی نیشتمانی سەرتاسەری و پیرۆزە لە مێژووی لوبناندا، بۆیە هەوڵدەدەین بە پشتیوانی خودا لەوساتەوە نزیك بینەوە»، بەڵام لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی (تائیف)دا، دارشتنەوەی ماددەی (95)ی دەستوور جیاوازە، لەکاتێکدا کە ماددەکە دەڵێت: «پێویستە ئەنجومەنی نوێنەران ڕێکارە گونجاوەکان بگرێتەبەر بۆ گەیشتن بە هەڵوەشاندنەوەی تائیفیەتی سیاسی بەپێی پلانێکی قۆناغیی و دامەزراندنی دەستەیەکی نیشتمانی»، هەمان ماددە لە دواییدا ئاماژە دەکات کە ئەرکی دەستەی ناوبراو بریتییە لە دیراسەکردن و پێشنیارکردنی ئەو ڕێگایانەی کە دەبنە بارتەقای نەهێشتن و هەڵوەشاندنەوەی تائیفیەت.

بەبێ گومانکردن لە نیازپاکی ئەو کەسایەتییە مارۆنییانەی کە لە دەیەی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا ڕێگر بوون لە پەیڕەوکردنی تائیفیەتی سیاسی، سەرنجی ئەم دەرهاویشتە مێژووییانە دەدرێت: «زۆرینەی بژاردەی زانستی ئەو سەردەمە کریستیانی بوون، ژمارەی کریستیانەکان لەو بوارەدا زاڵتر بوو، ئینتیدابی فەڕەنسی هەبوو، بشارە ئەلخوری و ئەمیل ئەدە لە کێبڕکێدا بوون بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی شەقامی ئیسلامی».

کاتێك بیرۆکەی نەهێشتنی تائیفیەتی سیاسی لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو گەڕایەوە گۆڕەپانەکە، ئەوە هاوکات بوو لەگەڵ هەڵگیرساندنی شەڕی سودری-فەلەستینی چەپڕەوانە لەدژی لوبنان بە کریستیانی و موسوڵمانیەوە، ئەو شەڕە لە چوارچێوەی پیلانێکدا بوو ئامانجی لاوازکردنی حاڵەتی مارۆنی سیاسی و گرتنەدەستی دەسەڵات لەناو دەوڵەتی لوبناندا و گۆڕینی ڕژێم و چەسپاندنی نیشتەجێکردنی فەلەستینییەکان بوو، دەرهاویشتەکانی دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بووە پێچەوانەی دەرهاویشتەی دەیەی بیستەکانی، چونکە لوبنان لە دەوڵەتێکی خاوەنی سیمای عەرەبییەوە گۆڕا بۆ نیشتمانێکی خاوەن ناسنامەی عەرەبی، بەوهۆیەشەوە ژمارەی کریستیانەکانی کەمبوەوە، دەوڵەتی سەربەخۆی لوبنان بڕیاری ئازادی و سەروەری لەسەر خاکەکەی و

لەناو سنورەکانی لەدەستدا، سەرەڕای هەموو ئەمانە، رەوتێکی جیهادی شیعەگەرایی چەکدار لە لوبنان و ئێران و رەوتێکی ئوسوڵی سوننی توندڕەو لەناو لوبنان و جیهانی عەرەبیدا سەریانهەڵدا.

لە بەرامبەر ئەو گۆڕاکارییانەدا، هەوڵی نەهێشتنی تائیفیەتی سیاسی لەمڕۆدا، هەنگاوێکی نوێیە لەسەر ڕێگەی چەسپاندنی هەژموونی پێکهاتەی یەك تائیفە بەسەر کۆی پێکهاتەکانی تری نیشتمانی لوبنانیدا، ئەوەش بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵی کریستیانەکان و فۆرم و پەیامی لوبنان لەم خۆرهەڵاتەدا پەراوێز دەخات، لوبنان پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەو نەهێشتنی سیاسەتی تائیفیانە هەیە کە پڕۆژەیەکی عەلمانیە، نەوەك پێویستی بێت بە نەهێشتنی تائیفیەتی سیاسی کە بریتییە لە پڕۆژەیەکی تائیفی ڕووت، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە لوبنان بە عەلمانیەت شادومان بێت، لەکاتێکدا پێگەی شارستانی لە ژیانی سیاسی لوبناندا پاشەکشەی کردووە، لەدوای بەرپابوونی شەڕ لە لوبنان لە ساڵی 1975دا قەبارەی دابەشبوونی تائیفی و مەزهەبی بە ستونی و ئاسۆیی دوو بەرامبەر زیادی کردووە، لەوەتەی ڕێککەوتنی تائیف لە ساڵی 1989 کراوە، پرسی تائیفیەت لەسەر حسابی ناوەندێتی دەوڵەت، بەڵکو لەسەر حسابی دەوڵەتی یەکگرتوو ڕەهەندێکی فیدراڵی وەرگرتووە.

ئەگەر بێتو جێبەجێکردنی لامەرکەزیەت دوابخرێت، لەبەرئەوەیە کە جێبەجێکردنی لەگەڵ بوونی واقیعی فیدراڵی سەپێنراو بەسەرماندا، دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات، چونکە لامەرکەزیەت سیستمێکە بە وێنای دەوڵەتێکی مەرکەزی نەوەك دەوڵەتی فیدراڵی، لوبنان لە دەوڵەتێکی مەرکەزی شەرعییەوە گۆڕاوە بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی ناشەرعی، بەبێ تێپەڕبوونی بەو نامەرکەزیەتەوە کە لە ڕێککەوتنی تائیف تێبینی کرا، بەردەوامبوونی ئەو واقیعە بەشەرعی نەکراوە، لە دابەشبوون نزیکمان دەکاتەوەو لە یەکبوون دوورمان دەخاتەوە، هەرچەندێك بڵێین لەسەر فەلەستینی یان سوری یان ئیسرائیلی و ئەوانی تر حەقمانە، چونکە ئەگەر خاکی لوبنان زەویەکی بەپیت نەبوایا بۆ ململانێی تائیفی، دابەشبوون ڕووی نەدەدا، بەڵگەش ئەوەیە کە هەرچەندە دەرفەتی دەرچوونمان لە قەیرانێکدا بێت، پشت دەبەستین بە پێکهاتنێکی تائیفی خاوەن ڕەهەندی دابەشبوون و پێچراوە بە چەندین دروشمی نیشتمانی و یەکبونگەرایی، دواییین پێکهاتنمان ڕێککەوتنی تائیف بوو کە داوای نەهێشتنی تائیفیەتی سیاسی کرد، لەکاتێکدا چەند بەندێکی دیاریکراوی زیاتر لەهەر قۆناغێکی تری ڕابردوو، بۆ پرسی تائیفیەت تەرخانکراوە، چەند بەندێکی تریشی بەناوی بەشداریکردنەوە ستراکچەری بڕیاردانی دەستووری پەکخستووە، بە ئامانجی بەرە بەرە تواندنەوەی یەکێتی دەوڵەت.

لوبنانی نیشتمان لەسەر بناغەی ڕێککەوتنی تائیف دروستکرایەوەو بە لۆژیکی تائیفیەت خرایە ژێر ئینتیدابەوەو لەژێر باڵی یەکێتییەکی تائیفیدا سەربەخۆیی

> **ئێمە گەلێکین نە ڕاستییەکان و نە ئەفسانەکان و نە مێژوو نە ئایینەمان و نە ئایین و نە پێغەمبەران و نە حەڵاڵ و نە حەرام لەنێوان یەکتریدا دابەش ناکەین، بەڵکو خوداپەرستی دەکەین و بەناوی خوداوە خەڵك دەکوژین**

لێسەنرایەوە، بەوشێوەیەش دەوڵەت لەسەر بنەمایەکی تائیفی بونیاتنرا، هەروەها ئیدارەکانیش بەپێی پێوەری تائیفی دامەزرێنران و پەیڕەوەکانی پەروەردەش بە بیرێکی تائیفیانە نوسران، ئێمەش ئەو داگیرکارییەمان لەبەر چەند هۆیەکی تائیفی قبوڵ کردو هاوسۆزیمان پێشکەشی نیشتمان کرد، چونکە خاوەنی نەزمێکی تائیفیە، بەڵام مەخابن ئەگەر بڵێین خواستمان تائیفیە، لەبەرئەوە وەرن با پێکەوە خڕۆکە سورە تائیفییەکانی ناو خوێنمان بگۆڕین بە خڕۆکەی مەدەنیەت، پاشان باس لە نەهێشتنی تائیفیەتی سیاسی بکەین، ئەمجارەش مەخابن، چونکە هێشتا لوبنانییەکان کریستیانی و موسوڵمان نین، بەڵکو مارۆنی و سوننەو شیعەو دورزی و سریانی و عەلەوی و

ئەمە دیاردەیەکە لێکدانەوەی خۆی لە مێژوودا دەدۆزێتەوە، ئەو گروپ و تاقمە خۆرهەڵاتی و ئاسیاویانەی کە لەنێوان سەدەکانی پێنجەم و بیستەمدا هاتوون بۆ لوبنان، وەکو رۆڵەی مەزهەبەکان و تائیفەکان پەنایان بۆ هێناوە، نەك وەك نەوەکانی هەردوو ئایینی کریستیانی و ئیسلامی، بۆیە ئەو سیمای چەوسانەوەیەی کە بەرەو لوبنان کۆچی کردووە هەمیشە سەرچاوەکەی ئایینێکی تر بووە، بەڵکو هی تائیفەیەك بووە لەدژی تائیفەیەکی تری سەر بەهەمان ئایین و مەزهەبێك لەدژی مەزهەبێکی تری سەر بەهەمان ئایین.

لەبەرئەوە مەسەلەی تائیفیەت لە لوبنان ناکرێت بە شێوەیەکی تاکلایەنەو بەشبەشکراو بخرێتەڕوو، پێویستە ببێتە بەشێك لە پرۆژەیەکی چاکسازی گشتی بۆ لوبنانی مرۆڤ و هاوڵاتی و کۆمەڵگەو دەوڵـەت و ناسنامەی نیشتمانی، ئەگەر بارودۆخ بخوازێت بە جێبەجێکردنی چاکسازییەکان بە چەند پاکێجێك، پێویستە لەپێش جێبەجێکردنی ئەو قۆناغەدا رێککەوتنێکی گشتگیر بکرێت لەسەر پرۆژەیەکی چاکسازی پێگەیشتووی تەواو لەگەڵ دانانی خشتەیەکی زەمەنی دیاریکراودا (ئەوەی کە تائێستا بەردەست نییە)، هەروەك حزبوڵڵا دەستپێکردن بە دانانی چەکەکانی بە چوارچێوەیەکی بەرگرییەوە دەبەستێتەوە، بەڵام نابێت دەست بۆ هاوسەنگی دەستوری ببرێت، با راشکاوانە بیڵێین: دەستکاری نەکردنی هاوسەنگی تائیفی تەنها لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی سیاسی - دەستووری – فیدرالی روون و ئاشکرادا نەبێت.

لـە چـاوەڕوانـی پێکهێنانی سیستمێکی عەلمانی راستەقینەدا، پێویستە بـاری تائیفی لوبنان لەسەر بنەمای یەکسانی سیاسی و ئیداری دابڕێژرێت، ناکرێت نیوەیەکمان تائیفی و نیوەکەی ترمان عەلمانی بین، ناتوانین دەوڵەتێکی مەدەنی بەڕێوەببەین، کە کۆمەڵگەکەی تائیفی بێت، ناکرێت کارو پیشەکان تائیفیانە نەبن، بەڵام فەرمانبەرەکان کەسانێکی تائیفی بن، ئەمە جادوە، درۆیە، هەڵخەڵەتاندنە، دەمەوێت بەشداریەکەم بەوە کۆتایی پێبهێنم کە سەماحەتی شێخ محەمەد مەهدی شەمسەدین لە ساڵی 2001دا لە کتێبی (الوصایا)دا ئاماژەی بۆ کردووەو دەڵێت: «بە قوڵی لە سروشتی کۆمەڵگەی سیاسی لوبنانی وردبوومەوە کە لە ئەنجامی ئەو فرە تائیفیەوە خاوەنی تایبەتمەندێتی دیاریکراوی خۆیەتی، بۆمدەرکەوت کە نەهێشتن و لابردنی سیستمی تائیفیەتی سیاسی لە لوبنان سەرکێشیەکی گەورە لەخۆی دەگرێت، لەوانەیە هەڕەشە لە چارەنوس و ئایندەی لوبنان بکات، یان لانیکەم هەڕەشە لە سەقامگیری لوبنان دەکات، پێشدەچێت بارودۆخێك لێرەو لەوێ بێنێتە ئاراوە بۆ خۆبەهێزکردن بە دەرەوەو زەمینەیەك بڕەخسێنێت بۆ دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان لە کاروباری لوبنان لێرەو لەوێ، لەبەرئەوە بەتایبەتی شیعەکانی لوبنان ئامۆژگاری دەکەن و هیوادارم ئامۆژگاری هەموو لوبنانییەکان بە موسوڵمان و مەسیحییەوە بکەم کە پرۆژەی نەهێشتنی تائیفیەتی سیاسی لە کاری سیاسی و فکری سیاسی دەربکەن، نەك بەو مانایەی کە باسکردنی و هەوڵدان بۆی قەدەغە بکرێت، بەڵکو ئەوە یەکێکە لە ئەرکە ئایندەییە دووەکانمان و لەوانەیە پێویستی بە دەیان ساڵ بێت تاوەکو پێدەگات بەپێی پێگەیشتن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لوبنانی و پێشکەوتنی روانگەی عەرەبی پەیوەست بە لوبنان».

چارەنوسی شۆڕشی ئورز
ئەو مەترسییانەی سنوری (8 و 14)ی ئاداریان بەزاند

گردبوونەوەی 14ی ئادار بۆ ئەوە نەبوو کە بە تەنها داوای پاشەکشەکردنی سوریاو دادگای نێودەوڵەتی بکات، بەڵکو بزووتنەوەیەکی نیشتمانی و سەربەخۆییخوازە کە تەواوکەری پرۆژەی راگەیاندنی دەوڵەتی گەورەی لوبنان و بوژێنەرەوەی میساقی نیشتمانیە، قەوارەی دەوڵەتی لوبنان کە لەڕووی دەستوورییەوە بە رێککەوتنی تائیف دانی پێدا نرا، بەڵام لە شتێکدا کەموکورتی هەبوو، ئەویش دانپێدانانی ویژدانییە، چونکە شۆڕشی ئورز بۆ ئەوە بوو کە لە پێناو بونیادنانی دەوڵەتێکی دیموکراتی - مەدەنی - ناوەندی بێلایەنەدا خەبات بکات، بەڵام پاشان بوونی جیاوازی لەنێوان لایەنەکانی (14)ی ئادار دەربارەی ئەم چەمك و دەستەواژانە دەرکەوت.

گردبوونەوەی (8)ی ئادار لە لوبنان بۆ ئەوە نەبوو کە داوای رەتکردنەوەی پاشەکشەی هێزەکانی سوریاو دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی بۆ پرسی لوبنان بکرێت، بەڵکو بریتیبوو لە بزوتنەوەیەکی سیاسی و سەربازی کە باوەڕی بە یەکێتی و سەربەخۆیی لوبنان هەیە، پێکهاتەی سەرەکی (8)ی ئادار (حزبوڵڵا) لەدژی داگیرکاری ئیسرائیلی جەنگا، بەڵام ئەمڕۆ رۆڵی سوریا دەبینێت و درێژکراوەی شۆڕشی ئێرانە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەرئەوە ململانێی نێوان هەردوولا بەرەی (8 و 14)ی ئادار کە دوو پرۆژەی جیاوازیان بۆ لوبنانی نیشتمان و ناسنامەو سیستم و کۆمەڵگاو مرۆڤ هەیە، کۆتایی پێنایەت تەنها بە دەرکەوتنی براوەو دۆڕاو نەبێت، لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە لایەنێکی لوبنانی بەسەر لایەنێکی لوبنانی تردا سەردەکەوێت، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە یەکێك لەو دوو پرۆژەیە بەسەر ئەوی تردا سەردەکەوێت، چونکە ناکرێت خواست و سەربەخۆبوون و پاشکۆیەتی پێکەوە کۆبکرێتەوە، یان دەوڵەتۆکە، یان ئاسایش و چوارگۆشە ئەمنییەکان و جەنگ و ئاشتین نوێگەری و چەقبەستوویی، بێلایەنی و تەرەفگیری، چەکی شەرعی و چەکی ناشەرعی، ویلایەتی فەقێیی و دەوڵەتی مەدەنی پێکەوە بگونجێترێت، ئەگەر بێتو پرۆژەی (14)ی ئادار پرۆژەی راستەقینەو کۆتایی بێت، ئەوە پرۆژەی راگەیەنراوی (8)ی ئادار بۆ قۆناغەکەیەو کاتییەو پرۆژە سەرەکییەکەی حزبوڵڵا بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامی لە لوبنان کە ڕێز لە تایبەتمەندی لوبنان بگرێت بزر دەکات، ئەوەش بوونی پرۆژەیەکی سەلەفی سوننی رەتناکاتەوە، هەرچەندە رەوتی (المستقبل) پێی رازی نییە، چونکە خەون بە دروستکردنی خەلافەتێکی ئیسلامییەوە دەبینێت کە ڕێز لە تایبەتمەندێتی لوبنان ناگرێت، چونکە بیرێکی تەکفیریەو پێچەوانەی بیری حزبوڵڵایە.

لەبەر ئەم هۆیانە، سەرکردەکانی هەردوو بەرەکە لە دەرچوونیان لە قاڵبی پابەندێتی (8 و 14)ی ئادار شکستیان هێنا، هەرچەندە لە چوارچێوەی دەستەی دیالۆگی نیشتمانیدا یەکیان گرتەوە، هەڵبەتە هەموو راستی لای کەس نییە، بۆیە لەو بڕوایەدام کە حزبوڵڵا بە لەجیاتی بەرپرسیارێتی شکستهێنانەکە دەخاتە ئەستۆی، چونکە گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکانی تردا ناکات، بەڵکو رای خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێت، ئەو حزبە (حزبوڵڵا) لە خۆی دڵنیایە کە دەتوانێت پرۆژەکەی بەدیبهێنێت و کۆنترۆڵی دەسەڵاتی لوبنان بکات، ئەم متمانەیەی لە ڕێگەی چەند

سوپای لوبنان لە ململانێکاندا توانیویەتی بێلایەنی خۆی بپارێزێت

فاکتەرێکەوە بۆ پەیدا بووە دیارترینیان بریتییە لە: بڕوابوونی ئەندام و لایەنگرانی بە قەزیەکەیان، زۆری توانا سەربازییەکانی، خۆڕاگری بەرچاوی لە شەڕی (2006) بەرامبەر ئیسرائیل، هاوکاریکردنی دارایی و سەربازی بێ کۆتایی لەلایەن ئێرانەوە لە رێگەی سنورەکانی لوبنان - سوریا، دژایەتی نەکردنی بزوتنەوە شیعیەکان لەلایەن ئیسرائیلەوەو گوێنەدانی بە بارودۆخی ناوخۆیی لوبنان، بەکەم زانینی کاریگەرییەکانی سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا لەلایەن حزبوڵڵاوە، بەتایبەتی لەدوای شکستی ئەو سیاسەتە لە لوبنان و عیراق و ئەفغانستان و ئێران، شەرمەزار کردنی بەرەی (14)ی ئادار بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، گرنگترینیان بریتییە لە: سروشت پڕۆژەکەی لە ئامانجی بنیاتنانی دەوڵەتە نەوەك شەڕکردن و بەرەنگاربوونەوە، زاڵبوونی ریتمە تاکتیکیەکان بەسەر بڕیارە چارەنووسسازەکاندا وەك پـڕۆژەی رووخاندنی دەسەڵاتی سەرۆك ئەمیل لە حود، شڵەژانێکی ڕێژەیی لەدوای تیرۆرکردنی یەکێك لە سیمبولەکانی، دوودڵی پێکهاتەی سوننی لە گرتنەبەری هەڵوێستی دیاریکراو لە ترسی هەڵاوسانی ئاژاوەیەکی سوننی - شیعی، پێدانی ئەولەوییەت بە دادگـای نێودەوڵەتی لـەڕووی پڕۆژەی بونیاتنانی دەوڵەت، نیشاندانی گوێرایەڵییەکی زۆر بۆ ئامۆژگارییەکانی سعودیەو ئەمەریکا، کە داوای ئاسایی بوونەوەو بەرپەچدانەوەی گونجاوی هەڕەشە ئەمنی و سەربازییەکان دەکەن، داگیرکردنی خۆرئاوای بەیروت لەلایەن حزبوڵڵاو هاوپەیمانەکانی لە (7ی ئایاری 2008) و رازیبوونی سوننەکان بە هاوسەنگی نوێی هێزەکان لە گشتاندنی بەسەر هێزەکانی تری بـەرەی (14)ی ئـادارەدا لە رێگای رێککەوتنی (دۆحـە)ـەوە، بێلایەنی نەرێیانەی سوپای لوبنان کە هاوکاتە لەگەڵ دوودڵی هێزە ئەمنییەکانی لوبنان و سەرنەکەوتنی پێکهاتەکانی (14)ی ئادار لە دروستکردنی پەیوەندییەکی شەفاف و راستگۆیانەو هاوسەنگ و رێکخراو لەنێوان خۆیاندا، ئەمانە هەموویان هۆکار بـوون بۆ سەرنەکەوتن و شەرمەزار کردنی بەرەی (14)ی ئادار لە لوبنان، لە ساڵی (2005)ـەوە چەندجار شۆڕشی ئورز لە سەرکردەکانی تۆرە بووە، چەندجار لە سستی و پاشەکشەکردنیان بوراوە، چەندجار لە موزایەدەو جیاوازی و ناکۆکییەکان بوراوە، ئایا چەندجار لە رەفتارە خۆبەدەستەوەدانەکانیان بوراوە، لەکاتێکدا ئەئوان سەرکەوتوو بوون، دواین سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی (7)ی حوزەیرانی 2009 بوو.

بەرەی (14)ی ئادار چەند پرسیارێکی چارەنوسسازانە دەوروژێنن، بەڵام وەڵامی کاتیان دەداتەوە، پرسی راست دەوروژێنێت، بەڵام بە شێوەیەکی هەڵە چارەسەریان دەکات.

ئەمڕۆ هەندێك گـرەو لەسەر ئـەوە دەکـەن کە گواستنەوەو گۆڕانکاری ناوخۆیی لەناو هەردوولا بەرەی (8 و 14)ی ئـادار رووەدات، بـەڵام ئەو ریزبەندییە سیاسی و دابەشبوونە نیشتمانییەی کە لەنێوانیاندا هەیە بەردەوامەو توندوتیژتر دەبێت، لـەدوای هەڵبژاردنی سـەرۆك (میشال سلێمان)، لوبنانییەکان بڕوایان بەوە هەبوو چەند لایەنێکی ناو هەردوو بەرە بچنە پاڵ سەرۆك کۆماری بۆ دروستکردنی (هێزی سەرۆکایەتی)، لەپێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانیش هیواکان بوژانەوە، پاشان هیوا نەما، کاتێك سەرۆك میشال سلێمان دوودڵ بوو لە پەیڕەوکردنی چەند دەستپێشخەرییەکی سیاسی پراکتیکی و شکستهێنانی لە پێکهێنانی فراکسیۆنێکی پەرلەمانیدا.

هەر لە وتاری سوێندخواردنی سەرۆکەوە تاکو وتاری جەژنی دامەزراندنی سوپا لە یەکی ئابدا، کاری سەرۆك کۆمار تەنها دەستنیشانکردنی درم و نەخۆشییەکان و تەرحکردنی چارەسەرکردنی راسـت و لێدانی زەنگی مەترسییەکان بـووە، سەرۆکەکەمان تایبەتمەندە بە ژایەتی و دانانی پەنجەی لەسەر برینەکە، بەڵام بۆ خۆی بەکارنەهێنا، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتە لێزەوتکراوەکانی و کەسایەتییە لەسەرخۆکەی، سەرۆك ترسی لەوە هەیە کە وەك سیاسییەکانی تر ببێتە تەرەف و تێوەبگلێت لە ملاملانێ لەگەڵ بەرەی (8) و (14)ی ئادارو لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە بە شێوازی جۆراوجۆر پشتیوانی و هاوکاری ئەو دوو بەرەیە دەکەن کە بەتەنها

دابەشبوونی نێوان لوبنانییەکان بەرجەستە ناکەن، بەڵکو بوونە هۆی دابەشبوون لەنێوان هێزە عەرەبی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانیش.

لەدوای پێکهاتنی دۆحەو رێکخستنەوەی مامەڵەی ئەمەریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەنجامی هەڵبژاردنی باراك ئۆباما بە سەرۆکی ئەمەریکا، سەرۆك میشال سلێمان خۆی لەسەر هێڵی بەریەککەوتنی سوریا-ئێران-سعودیە-ئەمەریکا بینی، لەکاتێکدا بە کردەوە لەلایەن داموددەزگا ئەمنی و سەربازییەکانی لوبنانەوە گوێڕایەڵی ناکرێت، بۆیە جموجۆڵەکانی سەرۆك هەر سنوردار دەبێت ئەگەر پێکهاتن یان رێککەوتنێکی ئارەزومەندان لەنێوان ئەو چوار هێزەی لوبناندا نەکرێت، یان ئەگەر گۆڕانکاری سەربازی رووندەدات کە هاوسەنگی نوێی هێز بێنێتە کایەوە.

لە ئێستادا سەرۆك سلێمان جگە لە دوو چەك هیچی تری بەدەستەوە نییە: پشوودرێژی و خۆڕاگری لەسەر دژوارییەکان کە بە ئێشە، یان هەڕەشەکردن بە دەستلەکارکێشانەوە لە پۆستەکەی وەك چۆن پێشتر (فوئاد شەهاب) و (شارل حلو) و (ئەلیاس سەرکیس) کردیان، بەڵام ئایا ئەمجارە سیاسییەکان لێی دەپاڕێنەوە بۆ ئەوەی هێنێتەوە هەروەك چۆن لە رابردوودا لەگەڵ ئەو (3) سەرۆکەی تردا کردیان، یان بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەکەی دەقۆزنەوە بۆ دابەشکردنی لوبنان بە شێوەیەکی رەسمی؟

شۆڕشی ئورز (14)ی ئادار بەدەست دەهێنێتەوەو پێشەوایەتی گۆڕەپانەکە دەکات

پێدەچێت سەرکردەکانی 14ی ئادار بەرامبەر خودی خۆیان و بەرامبەر بە 14ی ئاداریش هەڵەیان کردبێت، بەڵام لە بەرامبەر لوبنان هەڵەیان نەکرد، بەڵام سەرکردەکانی بەرەی (8)ی ئادار لەوانەیە لە حەقی خۆیان و (8)ی ئادار هەڵەیان نەکردبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەرامبەر بە لوبنان کردویانە، هێزەکانی (14)ی ئادار دەتوانن بەیاننامەیەك سەبارەت بە دەستکەوتەکانیان پێشکەش بکەن، ئایا هێزەکانی (8)ی ئادار دەتوانن بەیاننامەیەك بخەنەڕوو سەبارەت بەو کارانەی کە لەدوای یەکگرتنیان لە گۆڕەپانی (ریاچ الصلح) لە ساڵی 2008 ئەنجامیانداوە؟

هێزەکانی (14)ی ئادار دەتوانن و بۆیان هەیە یەکخستنی موسوڵمانەکان و کریستیانەکان، نۆژەنکردنەوەی سیستمی دیموکراتی، دووجار سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان، پێکهێنانی دوو حکومەتی تەوافوقی، کشانەوەی سوپای سوریاو روخاندنی رژێمی ئەمنی و هەواڵگری لە لوبنان، دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی و بڕیاری نێودەوڵەتی زامنی سەروەری و سەربەخۆیی لوبنان و بەرنامەی پرچەککردن و ناردنی سوپای لوبنان بۆ باشورو بەهێزکردنی دەوڵەت و کاراکردنی ئابوری لوبنان، زیادکردنی قەبارەی وەبەرهێنان و بونیاتنان و پێشکەوتن و گەڕاندنەوەی لوبنان بۆ سەر نەخشەی جیهان و بڵاوکردنەوەی گیانی گۆڕانکاری ئاشتیانە لەناو گەلانی جیهانی عەرەبی، بۆ لوبنانییەکان باس بکەن، بەڵام ئایا هێزەکانی (8)ی ئادار دەتوانن چی بە لوبنانییەکان بڵێن؟

ئایا دەربارەی هەوڵدانی بەردەوامیان بۆ گەڕاندنەوەی راسپاردەیی سوریا لە لوبنان دەدوێن؟ ئایا دەربارەی هەوڵدان بۆ چاندنی شۆڕشی ئێرانی لە بەشەکانی وڵات قسە دەکەن؟ ئایا دەربارەی هەڵگرتنی چەك لە بەرامبەر چەکی سوپای لوبنان قسە دەکەن؟ ئایا سەبارەت بە جێبەجێکردنی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان دەدوێن؟ ئایا دەربارەی بەشداریکردن بەپێچەوانەی بنەمای زۆرینەو کەمینەی پەرلەمانی لەناو حکومەتەکانی پەکخستنی دەسەڵات قسە دەکەن؟ دەربارەی شەڕی ماڵوێرانکەری تەمموزو دانانی سنور لە بەردەم کاری هێزە نێودەوڵەتییەکان و سوپای لوبنان لە باشور دەدوێن؟ دەربارەی مانگرتنی ناوەڕاستی پایتەخت و گەمارۆدانی هێزە حکومییەکان بۆ ماوەی (538) رۆژ لە ساڵانی2007 و 2008 قسە دەکەن؟ ئایا دەربارەی داخستنی ئەنجومەنی نوێنەران و پەکخستنی کارەکانی داموددەزگا دەستوورییەکان و پەلامارادانی خۆرئاوای پایتەخت لە 7ی ئایاری 2008 دەدوێن؟ ئایا دەربارەی دواخستنی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار بۆ ماوەی شەش مانگ و پێکهاتنی دەوحە دەدوێن؟ ئایا دەربارەی رەتکردنەوەی

دادگای نێودەوڵەتی و گومانکردن لە دادپەروەرییەکەی دەدوێن؟ یان دەربارەی هەڕەشەکردن لە پەرلەمانتارەکان و پەراوێزخستنی رۆڵی سەرۆك کۆمارو زەوتکردنی دەسەلاتەکانی دەدوێن؟

بەراوردکارییەکی سادە دەریدەخات کە کردەوەکانی هێزەکانی (14)ی ئادار هەموو دەستکەوتی ئەرێنین و بەشێکن لە پرۆژەی گەلێك، بەڵام کردەوەکانی هێزەکانی (8)ی ئادار بریتین لە چەند ئاکارێکی نەرێنی و بەشێکن لە پرۆژەیەکی بژاردەیی کە خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی ناکات، پرۆژەی (14)ی ئادار بریتییە لە بەشداریکردنی بونیاتنانی دەوڵەتێك کە تەنها دیموکراسی کردووەتە ڕێبازی خۆی، بەڵام پرۆژەی (8)ی ئادار دەوڵەتی لەرزۆك کردووەو دوودڵ نییە لە بەرکارهێنانی وەکو ئامرێژێك.

ئەگەرچی بەرەی (14)ی ئادار بە چەند رێککەوتنێکی جۆراوجۆر رازی بوو کە بە شێوەیەکی کاتی دەسەڵاتی لەدەستدا، ئەوەش لە پاڵ پەرۆشی بۆ یەکێتی دەوڵەت، بەڵام (8)ی ئادار بە زۆری لە رێگەی تۆقاندنەوە دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، چونکە گوێ بە یەکێتی دەوڵەت نادات، بەرەی (14)ی ئادار ئەم دەوڵەتە بە تاکە دەوڵەتی خۆی دەزانێت، بەڵام بەرەی (8)ی ئادار بە دەوڵەتێکی ڕەدیف دەیداتە قەڵەم، ئەوەی جێی سەرنجە ئەو سێ هێزە سەرەکییەی کە بەرەی (8)ی ئاداریان پێکهێناوە (حزبوللا، ئەمەل، عۆن)، لە ناوەڕۆك و ڕێڕەودا پێکهاتەیەکی کودەتاییەو لەسەر ئاستی دەرەکی پەیوەستە بە چەند دەوڵەتێکی کودەتاییەوە لەڕووی سیستم و هەڵسوکەوتەوە، ئەوانی تر دەتوانن پۆستە حکومییەکان و زۆرینەی پەرلەمانی لە (14)ی ئادار بپچڕن و ئەندام و لایەنگرەکانیشی لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان دووربخەنەوە، بەڵام هیچ کەسێك ناتوانێت دیاردە مێژووییەکەی و کارە نیشتمانییەکەی و شەهیدەکانی لێ بسەنێت.

لە ساڵی 1920دا یەکێتی ئیسلامی - مەسیحی لەناو دەقەکاندا لەدایکبوو، بەڵام لە ساڵی 2005دا لەناو دڵەکاندا لەدایکبوو، شەهیدەکانمان بۆ ئەوە گیانیان بەخت نەکرد کە تەنها ئێمە بژین، بەڵکو بۆ ئەوەی پێکەوە بژین، یەکێتی نێوان کریستیانەکانی 14ی ئادار سوننەکان و دورزییەکان لە ساڵی 2005، لە پێناوی بونیاتنانی نیشتماندا بوو، لەکاتێکدا هاوپەیمانێتی نێوان کریستیانەکانی 8ی ئادارو بەشێکی بەرفراوانی گروپە شیعییەکان بۆ بونیاتنانی بەرەیەك بوو نەوەك نیشتمان، من وەکو کریستیانیەکی

سەرکردەکانی لوبنان کە جێدەستیان لە ڕێکەوتنامەی تائیف دیارە

لوبنانی پێویستیم بە لێکگەیشتنی (مار مخایل) نییە، بە رەهاییش لەدژی نیم، بۆ ئەوەی شیعەم خۆشبوێت و بە هاوپشکێکی سەرەکی و دامەزرێنەری بدەمە قەڵەم.

لــەدوای شــەڕی ســاڵــی 1975 بــە لوبنانییوون بــووە هاوتای دابەشبوون و کوشتن لەسەر ناسنامەو پێکداهەڵپژان و بەربەریەت و داگیرکاری و راسپاردەیی و پاشکۆیەتی و شەڕی ناوخۆ و شەڕکردنی خەڵکانی تر لەناو لوبنان، بەڵام لەدوای 14ی ئاداری 2005ــەوە بە لوبنانییوون واتای ئازادی و دیموکراسی، مافی مرۆڤ، رزگاربوونی گەلان، موقاوەمەتی ئاشتیانەو شارستانیەتی پرشنگدار، پێکگەیشتنی ئایینەکان و یەکگرتنی ناخۆشی و مەینەتییەکان دەبەخشێت، لــەدوای 14ی ئــاداری 2005ــەوە ئیتر لوبنان وەك نەفرەتییەك نەما، بەڵکو بووە پەیام و هێڵەکانی بە یەکگەیشتن نەما، بەڵکو بووە گۆڕەپانی شەهیدان، ئیتر لوبنان جێگەی بەرپاکردنی شەڕی خەڵکانی تر نییە، بەڵکو ئازادی لوبنان بووەتە شۆڕشی ئەوانی تر، 14ی ئادار دەنگی لوبنانە، بەڵام 8ی ئادار دەنگ و سەدای خەڵکی تری نەك لوبنانییەکان.

گرفت و تەڵەزگەی شۆڕشی ئورز، بەڵکو مەزنیەکەی ئەوەیە کە گەلەکەی لە سەرکردەکانی بەهێزترە، ئێستاش ئەوەتا ئەزموونەکە دەیسەلمێنێت کە سەرکردەکانی 14ی ئادار، ئەگەرچی لێرەو لەوێ دانوستانیان کردووە، بەڵام ئیمزایان لەسەر پێکهاتنێك نەکردووە کە پێچەوانەی خاڵە نەگۆڕو بنەماکانی شۆڕشی ئورزو باوەڕی گەلەکەی بێت، لەبەرئەوەی شۆڕش تا ئاستێکی زۆر ملی نەدا بۆ مەرامە نەگریسەکان، بۆیە ناحەزەکانی لە دەرەوەو نــاوەوە چەکیان لەدژی شۆڕشی ئورز بەرزکردەوە، توشی شۆك بوو، وایاندەزانی کە رابوونی شۆڕشی ئورز هەڵچوونێکی کاتییە، تورەبوونی رۆژێکەو وەك (پیك نیك) لەگەڵ لابردنی خێمەکاندا کۆتایی پێدێت، یان وەك (هاید پارك) کە لەدوای گوتارەکان چۆڵ دەبێت، ئەوان توشی شۆك بوون کە بینیان هەموو رۆژێــك بە چەند شێوازێکی جیاواز هەڵدێت، چەندجار لەلایەن هەندێکەوە پرسەی بۆ دانرا، چەندجار لەناو داروپەردووەکاندا هەستایەوەو تەپوتۆزی ناکۆکییەکان و پێکهاتنەکان و تیرەکانی ستەم و ناپاکی لە خۆی دامالّی.

ئەگەر ساڵەکان لە رۆژگارەکان پێکهاتووە، ئەوا رۆژی 14ی ئاداری 2005 پێکهاتەیەکی چەندین ساڵەیە، ئەوەتا ئێمە لە ساڵی حەوتەمی رۆژی یەکەمداین، ئەوەی جێگەی نیگەرانییە تیمی 8ی ئادار، بەتایبەتی حزبوڵڵا کە هەلهەڵەی بۆ رووداوەکانی تونس و میسرو لیبیاو بەحرێن و یەمەن دەکێشاو بە شۆڕشی نیشتمانی و دیموکراتی لەدژی دیکتاتۆریەت و دەسەڵاتی داپڵۆسێنەرانەی دەدانە قەڵەم، بەڵام سەرکۆنەی شۆڕی ئورزی لوبنان دەکات و بەرەنگاری دەبێتەوە، کەواتا ئایا بەرەی 8ی ئادار ئازادی لەوێ و کۆیلایەتی لێرە دەوێت؟ ئایا رزگاربوون لەوێ و بندەستی لێرە دەوێت؟ دیموکراسی لەوێ و دیکتاتۆریەتی بۆ ئێرە دەوێت؟ نیشتمانیبوون لەوێ و لێرە پاشکۆیەتی دەوێت؟

ئایا بۆچی بــەرەی 8ی ئــادار داوا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات چەند بڕیارێك دەربکات بۆ رووخاندنی دەسەڵاتی فەرمانڕەواکانی تونس و میسرو لیبیاو بەحرێن و یەمەن، لەکاتێکدا کە فەرمانڕەوان و خەڵکی وڵاتەکانی خۆیانن، بەڵام داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە لوبنان دەکات کە کۆتایی بە داگیرکاریی نامۆی لوبنان هێناو رێگە بە گەڕانەوەی نــادات؟ بەڵکو بۆچی بــەرەی 8ی ئادار پشتیوانییەکانی ئەمەریکا بۆ گەلانی راپــەڕیــوی ئەو وڵاتانی بە هەنگاوێکی ئەرێنی دەزانێت، بەڵام هاوسۆزی ئەمەریکاو ئەوروپا لەگەڵ راپەڕینی شۆڕشی ئورز لەدژی رژێمی ئەمنیی ســوری - لوبنانی بە کــاری قێزەونی شەیتانی گەورە دەزانێت؟ گرتنەبەری کەمێك لۆژیك 8ی ئادارو 14ی ئاداری یەکدەخست، بەڵام ئێمەو یەکبوون کوجا مەرحەبا، بزووتنەوەی 14ی ئــادار روبــەڕووی هەڕەشەیەکی دووسەرە بوەوە، لەسەری پێویست بوو لوبنان ئازاد بکات، خۆیشی بە ئازادی بمێنێتەوە، ئەوەبوو تا مەودایەکی دوور سەرەڕای کشانەوەی سوپای سوریا لە لوبنان و کەوتنی داردەستەکانی بە شێوەیەکی جوزئی، بەڵام توانی ئەو بەربەرەکانێیە بکات، ئەوە دەرئەنجامی پێکگەیشتنی شۆڕشی ئورز بوو لەگەڵ بڕیارە نێودەوڵەتییە یەکلاییکەرەوەکان، لەبەرئەوە بزووتنەوەی 14ی ئادار

پارێزگاری کرد لە درێژەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ مەرجەعە نێودەوڵەتی و عەرەبییەکان کە یارمەتیدەرییان بوون لە تێکۆشانی ئاشتیانەی بەبێ هیچ شەرمێك.

ئەم مەرجەعانە هیچ پرۆژەیەکیان بۆ لوبنان پێنییە پێچەوانەی مافی گەلی لوبنان لە دیاریکردنی مافی چارەنوس، لەوەش زیاتر، پرۆژەی بونیاتنانی دەوڵەتی سەربەخۆو ئازادی لوبنان لەناو ئەم ژینگە هەمیشە ئاڵۆزو دوژمنکارانەیەدا کە بەناو دڵی لوبنانیشدا درێژبوونەتەوە، لە ئێستادا پێویستی بە چاودێریکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش و دۆستەکانی لوبنان هەیە، بەرەی 14ی ئادار لەگەڵ مەرجەعە نێودەوڵەتییەکان و دۆستەکانیدا بەردەوام لە پەیوەندیدایە بۆ مانەوە لە چوارچێوەی پرۆژەی لوبنان و سنورەکانی سەروەری و سەربەخۆیی نەبەزاندووە، ئەگەر بزانین کە هەموو شتێك لەو چوارچێوەیەدا رێژەییە، بەڵام پەیوەندی بەرەی 8ی ئادار بە هاوپەیمانەکانییەوە گەیشتە سنوری بەشداریکردنی ئۆرگانی لە پرۆژە تەواو پێچەوانەکانیان لەگەڵ ماناکانی بوون و رۆڵ و تایبەتمەندێتی لوبناندا.

ئایا کەسێك لە جیهاندا هەیە نکۆڵی لە بوونی پرۆژەیەکی سوری - ئێرانی بکات بۆ دەستبەسەرداگرتنی لوبنان و پەلکێشکردنی بۆ سۆرانەوەی لە خولگەی ستراتیژی فارسی – شیعی – سەفەوی؟

لێرەوە بە مەزەندەی 14ی ئادار، ئەوەی لە ساڵی 2006ـەوە لە لوبنان تاکو ئەمڕۆ رووەدات، بریتییە لە ئەنجامدانی کودەتا بەسەر دەوڵەت و رێککەوتن و نیشتماندا، بۆیە پێویستە بە دژە کودەتایەك یان بە شۆڕشێکی جەماوەری وەڵام بدرێتەوە، نەوەك بە ئۆپۆزسیۆنێکی پەرلەمانی کلاسیکی، ئۆپۆزسیۆن بوون لەدژی حوکمی دەوڵەت ئاڕاستە دەکرێت، نەوەك لەدژی (ئەنتی - دەوڵەت)ێك کە دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرتووە، ئۆپۆزسیۆنێکی لەوشێوەیە بۆ خۆی دانپێدانانێکی سیاسییە بە باری کودەتایی و شەرعیەتپێدانی، ئەمە لەکاتێکدا کە شۆڕشی ئاشتیانەی جەماوەری کار بۆ ڕووخاندنی دەکات.

بەرەی 14ی ئادار سەرلەنوێ داوای بەدەستهێنانەوەی متمانەی خەڵك دەکات، بەڵام لێی دەخوازرێت لوبنانییەکان بەوە رازی بکات کە لەتوانایدایە ببێتە پێشەنگێکی بوێرو خەباتگێڕی راپەڕینێکی نوێ و دەتوانێت هەڵگری پرۆژەیەك بێت کە لەئاستی خەونەکانی گەلدا بێت لەوکاتەوەی کە یەکەمین خێوەت لە گۆڕەپانی شەهید هەڵدرا، هەروەها ئەوەی لێدەخوازرێت کە لوبنانییەکان رازی بکات بەوەی کە دروشمەکانی ناونیشانی بیروباوەڕەکانیەتی نەك ناونیشانی خۆپیشاندانەکانی، چونکە هەر دروشمێك لە باوەڕبوونێکەوە هەڵنەقوڵێت ماددەیەکی ریکلامییە، بەڵام ئێمە پێویستمان بە ماددەیەکی خەباتگێڕانە هەیە، لەبەرئەوە گەلی شۆڕشی ئورز داواکارە لە 14ی ئادار کە سەرلەنوێ خۆی نمایش بکات و وێنە پێگەیشتووەکەی و دەموچاوە راستەقینەکانی دەربخات و بەڵگەنامەیەك دابڕێژێت کە سنوری قسەو وشەی ئەدەبی و فیکری و شتی گشتی تێبپەڕێنێت، بەرەو قسەو وتەیەك کە واتایەکی سیاسی و پراکتیکی بەرجەستەو دیاریکراوی هەبێت، ئەو ساڵانەی دوایی ماوەیەك ناهەمواری لەنێوان پێکهاتەکانی 14ی ئادارى بەخۆیەوە بینی، هەروەك زۆرێك جیاوازیشی دەربارەی چەندین بابەتی جەوهەری بەخۆیەوە بینی.

لەمڕۆ بەدواوە بە نیشتەجێکردن و پرۆژە یاساکانی لکاندنی فەلەستینییەکان بە کۆمەڵگەی لوبنانیەوە رازی نابین، لەمڕۆ بەدواوە رازی نابین چەکی حزبوڵڵا رەتبکەینەوەو چاومان لە چەکی رێکخراوە فەلەستینییەکان لە بپۆشین ناوەوەو دەرەوەی خێوەتگەکان، لەمڕۆ بەدواوە بەوە رازی نابین دووفاقیی چەك رەتبکەینەوەو ئیمزا لەسەر سیانەی گەل و سوپاو موقاومەت بکەین، لەمڕۆ بەدواوە رازی نابین داوای سەروەری و سەربەخۆیی بکەین و بە رێککەوتنی (سین و سین) و شتی تر رازی ببین، لەمڕۆ بەدواوە رازی نابین تەنها ئەو وتەیە رەتبکەینەوە کە دەڵێت: لوبنان و سوریا یەك گەلن لەناو دوو دەوڵەتدا، لەولاشەوە بەردەوام بین لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای لوبنانی – سوری، لەمڕۆ بەدواوە رازی نابین بە کردنە ئامانجی رێککەوتننامەی تائیف پاشان پابەندبوونمان بە هەموو دەق و بەندەکانیەوە رابگەیەنین.

گەلی شۆڕشی ئـورز کە هەڵوێستە پێچەوانەکان ڕەتدەکاتەوە، چاوەڕوانە لە بەرەی 14ی ئادار کە ئەمڕۆ گەڕاوەتەوە بۆ ڕەگوڕیشەکانی، کە نەخشە ڕێگەیەك دابڕێژێت نەك بەتەنها بەرزکردنەوەی دروشمەکان، گەلی شۆڕشی ئـورز ئـەوە بزانێت کە ئایا داماڵینی چەکی حزبوڵڵا مومکینە یان چەکداری سەرتاسەری لە چوارچێوەی شەرعیەتدا مومکینە، وروژاندنی بابەتی چەك وەکو دروشمێك بەبێ میکانیزمی جێبەجێکردن کە مایەی نیگەرانییە زیاتر لـەوەی مایەی ورەبـەرزی بێت، ساڵی 2005 گەلی لوبنان پێویستی بە دروشمەکان نەبوو بۆ ئەوەی دابەزێتە ناو گۆڕەپانی شەهیدان، بەڵکو گۆڕەپانەکە دروشم و گردبوونەوەکە بیروباوەڕ بوو، لەو ڕۆژەدا بێدەنگییەکی گەورە هەبوو، بەڵام خەڵك بە لێشاو هات، هەندێکیان لە ساڵی 1969ـەوەو هەندێکیان لە ساڵی 1975ـەوە، هەندێکی تریان لە ساڵی 1982 و 1988، هەندێکی تریشیان لە ساڵی 1990 و 1992ـەوە بێدەنگ و مت کرابوون، هەندێکیشیان کارەساتبار بوون.

ساڵی 2005 گەل داوای پرۆژەی نەکرد، بەڵکو داوای ئـازادی دەکـرد، بەڵام ئەمڕۆ گەلی لوبنان پرۆژەیەکی ئەفرێنەری دەوێـت کە دڵ و عەقڵی بوروژێنێت و هەنگاوەکانی بـەرەو گۆڕەپانی شەهیدان هەڵبێت، دەیـەوێـت سەرکەوتنەکانی و خـاڵـە نەگۆڕەکانی بەدەستبهێنێتەوە، سەرکردایەتییەکی دەوێت کە خاوەنی متمانە بێت و توانای بەرەنگاربوونەوەی هەبێت، مەسەلەیەکی نوێ دەخوازێت کە بەرنامەیەکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی لێوە پەل پەل بێت کە دۆخەکە دەرباز بکات، داگیرکاریی خەڵکی بێتاقەت کرد، بەڵام برسی نەکردن، ئەمڕۆ دەوڵەتە گەل برسی دەکـات و بە بەرزی نرخ و قیست و باج و میرانەو سوتەمەنی و بێکاری و گەندەڵی ئوتوی دەکات، ئێمە لەسایەی ئابوری میلیشیاکان و شەڕو داگیرکاری دەرچووین، بەڵام پێمان نەناوەتە ناو ئابوری دەوڵەتی ئازادو دادپەروەرو پاك.

ئەگەر سەرکردەکانی 14ی ئـادار موقارەبەیەکی نـوێ پێشکەشی ئـەو کێشەیە بـکـەن کـە هەموو شەهیدەکانمان لە نـاوەڕاسـتـی سـەدەی ڕابـرووەوە تائێستا لە پێناویدا شەهیدبوون، کەوابێ با گەنجان و خوێندکارانی بەرپرسیارێتییەکەی بگرنە ئەستۆی خۆیان و هەڵوێستیان و تێڕوانینیان و بەڵگەنامەیان لە بەرامبەر سەرجەم کێشە بەردەستخراوەکان ڕابگەیەنن، بەردەوامبوونی پەیوەندی گەنجان لە ڕێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و پێگە ئەلیکترۆنییەکانەوە لە گوتاری سیاسییەکان و لێکدانەوەو حەساسیەتەکانیان گرنگترە، لە بنەڕەتدا کاتی ئەوە هاتووە نەوەی نوێ قسەی خۆی بکات، پاشان خاك و وڵات سەرکردەی نوێ پێشکەش بکەن، وەك چۆن ڕووداوەکانی ڕابردوو ئاسانکاری بۆ دەرکەوتنی سەرکردەکان کرد، ڕووداوەکانی ئەمڕۆش سەرکردەی تر بەرهەمدەهێنن.

کێ دەزانێت، لەوانەیە لە ڕێگەی هەڵوێستی گەنجان لە 14ی ئادار سەردەمێکی لوبنانی تازە دەستپێبکات کە سنوری ئـەو سەنگەرگرتنەی ئێستا تێبپەڕێنێت، ئەوکاتەش هەموو کوڕان و کچانی گەنجی لوبنان لە پێناو ئایندەیەکی باشترو گەشتردا یەکدەگرنەوە، خۆرهەڵات پێدەنێتە قۆناغێکی نوێ کە تیایدا هەموو گـروپ و کۆمەڵەیەکی شارستانی مافی ئەوەیان دەبێت بەدەر لە پەیکەری جوگرافیاو داستانەکانی مێژوو و یەکگرتنە قۆناغییەکان و دابەشبوونە دەستکردەکان، چارەنوسی خۆی هەڵبژێرن، بەڵام جێگەی داخە کە گۆڕانکاری لە لوبنان و خۆرهەڵاتدا نایەتەدی تاکو گێژاو و زریان بەرپا نەبێت، شەهیدەکانی شۆڕشی ئورز شایەتی هەق بۆ ئەو ڕاستییە دەدەن.

سەرچاوە:

کتێبی (تغییر الانظمه والثورات)- چاپی 2013